# لێرەی بێشوێندا

# دەبوو ماڵێک لەوێنەی زێی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم


گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی.

ئەرسەلان مەحمود.

دیزاینی ناوەوە: AMK

بەرگ: ئیبراهیم ساڵح.

چاپی یەکەم.

چاپخانە: کارۆ

تیراژ: ١٠٠٠

ژمارەی سپێردراو:٢١٠٦

پێشهاتی "ئێوان "روباری ژانێکه، خوێنێکه هەمیشه بێدەنگ لەناومدا گنگڵ دەدا، بێئەوەی ئاراستەیەکی بۆ دەرچوون لەو بێدەنگییە هەبێت، چونکه ئەو کۆستانه لەماڵێکدا سارێژ نەکران. بۆیه ڕەوشتی بێماڵی، مەیلی شێتبوون و خۆکوشتن، تاکه ماڵێکه پەنام نادا!

**هەندرێن**

# لێرەی بێشوێندا

# دەبوو ماڵێک لەوێنەی زێی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم

گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی ئەرسەلان مەحمود

کوردستان / ستۆکهۆڵم

# پەیڤینگ

**بوونێکی درەوشاوەو بێدەنگکراو، بوونەوەرێکی ئارام و بێ ئۆقرە، موسافیرێکی دیارو نادیاری ناو، ماڵبەدەردێکی هەلاتوو، گوندپاژێکی یاخی، شارنشینێکی نامۆ، چیاییەکی حەسرەت دید، پێشمەرگەیەکی قوڵ، ڕوناکبیرێکی قاڵ و پەڕاگەندەی هەندەران، زادەی زاتێکن ناسراو بە"هەندرێن".**

**ئەو تا ئێستاش نازانێ ئەم هەموو نامۆبوونەی لەماڵەوە، لەهاوپۆلەکانی، لەدانیشتوانی گوندەکەی نازانێ بۆچی لەهاوسەنگەرو بەشێکی زۆر لەهاوزمان و ئەوانیتر نیگەرانی هێنەر ترە، لەوە دەچێ هاوکات لەگەڵ دەردەشەکردنی کۆپرسێك لەبوارە جڤاکی و سیاسی و ئەدەبییەکان، بەدەم ئەم کۆتیشکە بزواوە وڵامانەوە، ئەم نادیارییەی شوێنگەو ناوی ناوبراویش بەدیار بکەون.**

**بەر لەوەش بەیەکەوە " تۆی خوێنەر " بچینە ناو گفتوگۆکەوە، پۆزشێکم هەیە درەنگ وەخت بەلاّم لەجێگەی خۆیدا، جونکە بەهەر هۆیەك بوو ئیدی نەتواندرا لەوەختی خۆیدا ئەم گفتووگۆیەمان لەچوارچێوەی پەرتوکێکدا چاپکردنەکەی جێبەجێبکرێت.**

**داوندنی هەندرێن، پەیڤینگە لەگەڵ مرۆڤێکی نیان، هەستیارو بەدیقەت جیاواز. پەیڤینگە لەگەڵ عارفێکی زانینخوازو زمان کارێز. ئەو خاوەن دەیان کتێب و چاپکراوی بەژانر جیاوازە، هەروەها نووسەری دەیان وتارو چەندەها توێژینەوەی جیایشە، ئەو ڕوناکبیرێکە ئێستاش ئەوەندەی دەنوسێت زیاتر دەخوێنیتەوە.**

**ئەرسەلان مەحمود**

لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زێی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

**ئەرسەلان مەحمود: زۆربەی خەڵك، یا با بڵێم خوێنەری نوسین و بەرهەمەکانت، نازانن هەندرێن کێیەو ناوی تەواوی چییە لەکوێ لەدایکبووە، نازانن منداڵی و قۆناغەکانی خوێندن و هەرزەکاری لەچڕۆخ و ژیانێکی خێزانی و کۆمەڵایەتیدا بەسەر بردووە، ئایا وڵامی ئەم کۆ پرسیارانە بۆ نەبۆتە جێگەی بایەخپێدانی ئێوە؟**

**هەندرێن:** ڕاستیەکەی ئەم پرسیارە لەیەك کاتدا هەم دڵبزوێن و هەمیش خەمهێنەرە" چونکە بەدیوێکدا ئاسۆیەکمان بۆ ئاوەڵا دەکا کە سەفەرە بەرەو لاواندنەوە، کولانەوە یان ئاوەڵاکردنەوە، بەگۆهێنانی ئەو ئەزموونە بێدەنگراوو، پەنگخواردوو داستان ئاسایە یان نەگوتراوە باس بکەین کە ڕۆژگاری منداڵی هەرزەکاری پێدەڵێن، بەدیوێکی دیکەشەوە، ئاماژە بۆ ڕۆژگارێك بکەین کە دەکرێ بەقەدەرێك لەنامۆ بوون بەشوێنی خۆت یان خەیاڵاندنی ئەو خودە ڕەسەنەی کە لەکەسێکی تری گشتیدا دەناسرێتەوە ناودێری بکەین.

ئەو ڕۆژگارەی کە ڕەنگە ئەو نەوەیەی ئێستا، بەهۆی ئەو دۆخە شلەژاوەی کە ئەمڕۆ تێیدا دەژی، کە ڕەنگە بەشێك لەهۆکردەکانی ئەو شلەژاوییە، بەجۆرێك لەجۆرەکان، بۆ دەست کورتی نەوەی ئەو ڕۆژگارەی من بگەڕێنێتەوە، کەدەست کورت بوو لەوەی نەیتوانی وەرچەرخانێکی ژێرەکییانەی جڤاکی و ژیانێکی بەختەوەر بۆ نەوەی ئێستا دابهێنێ.

بەهەرحاڵ، من سەرچاوەی پرس یان ئەو نادیارییەی ژیانی منداڵی و ناوی خۆم، ئەو شوێنکەوتەی تۆ سۆراغی دەکەیت بەڕەهەندی جۆرە تاراوگەیەك لەشوێنی خۆت یان سەرەتای ڕەتکردنەوەی ناوو شوێنگەیەك کە بەویستی خۆم نەبووە، یان ئەو منە ڕەسەنە نەبوو کە کەسایەتی ناوەکی ئەو منە خۆکردە بەئاوێنە بکاتەوە. هەر ئێستا کە لەهەوڵی ئەوەدام وەڵامێکی سادەی بڕواهێنەر بۆ ئەو پرسیارەت بدۆزمەوە، شەپۆل گەلێك لەهەست و بیرۆکەی خاو بەزەینمدا گینگڵ دەدەن، کە شرۆڤەکردن یان بەرجەستەکردنەوەیان وەك نامۆیی منداڵی شوێنگەی من ئاڵۆزن، بەکورتی ئاڵۆزی ناو، ژیان و شوێنکاتی لەدایکبوونی

لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زبّی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

من، پێویستی بەسەفەرێکی هێور بەرەو ڕاڕەوەکانی ئەو مێژوە نادیارو دۆخە نامۆییەی ڕۆژگاری منداڵیمەوە هەیە، بەڵام بەهۆی ئازار یان سەختی ئەو سەفەرەوە، تەنیا دەتوانم بەگوزەرێکی بەلەز چەن دیمەنێك لەو نەزانراوییەی منداڵی خۆم و ئەو شوێنکاتە، یان ئەو ڕۆژگارە نامۆیە بچنمەوە.

نادیاری ژیانی من، وەك منداڵی زۆرێك لەمنداڵانی هاوئاوەزی خۆم لەو ڕەوشە دڕدۆنگەی سەرەتای حەفتاکاندا، بەشێکی پەیوەندی بەئاستی خوێندەواری و گۆشەگیری ئەو دەڤەرەوە هەبووە کە منی تێدا لەدایکبووم و هەراشبووم، بەشێکیشی پەیوەندی بەچارەنوس و بندەستی و وابەستەییەوە بوونی کوردەوە هەبووە. لەو ڕەوشەدا تۆ خۆت نیت بەدڵی خۆت و زمانەکەت ناوی خۆت و ناسنامەکەت ڕادەگەیەنی، بەڵکو ئەوە هێزی کەلتورو دەسەڵاتێکی بێگانەیە ئەوەت بەسەردا دەسەپێنێت.

بەمجۆرە بەدەم ئەو ڕەوتەوە ناسنامەی تۆ دەبێت بەبوونێکی بێدەنگکراو یان بەنامۆکراو" واتا تۆ هەمیشە کەسێکی تریت. بەڵێ ئەو دۆخەی ئاماژەم پێکرد، چاوگەی ئەو ناسنامە نادیارییەی منە کە هەتا ئێستاش لەئارادایە. بۆیە من هەر لەتەمەنێکی زوی منداڵیمدا بەشێوەیەکی خۆڕسك هەمیشە بەرامبەر بەماڵ، ناو، نەریت و پەیوەندییەکانی ماڵ، مەکتەب و دەوروبەرەکەم هەستم بەنامۆیی ناوو شوێنگە، ناسنامە خودیەکەم و هاونیشتیمانیەکانم دەکرد. ئەڵبەتە تۆش دەزانی، لەبنەڕەتدا ناوی ئێمە، ناسنامەکەمان بەئێمە نەبەخشراوە. بەواتایەکی دیکە: گەوهەرێك نیە لەسەرەتاوە ئەو ناوو ناسنامەی کە خودە ڕەسەنەکەمان دەردەربڕێت، بەئێمەی بەخشیبێت، بەڵکوو ئەم ناوو ناسنامەیە کەسایەتیە ڕەسەنە گشتیەمان لەئاکامی پرۆسەیەك لەپەیوەندییە ڕۆشنبیریەکەماندا بەرهەم دێت. پرۆسەی ئەو تەرزە ناسنامەی کەهی خۆمانە" ئەو کەسایەتیەی کە خودی خۆمانە، هەمیشە بەرێگاوەیە، کۆتایی نایەت!



لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زێی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

هەرچۆنێك بێت من هەر لە منداڵییەوە چێژم لەگەمەکردن لەگەڵ منداڵی هاوتەمەنی خۆمدا نەدەبینی. نەمدەتوانی نەریتەکانی ماڵەوە قبوڵ بکەم، بۆ نموونە: کە میوانمان دەهات حەزم نەدەکرد وەك بچوکترین منداڵی ماڵەوە خزمەتی میوان بکەم، بەپێچەوانەوە حەزم دەکرد وەك یاخیبونێك لەبەردەم برا گەورەکانم و باوکم جگەرە بکێشم و ئەو شتانە نەکەم کە سەپێنراو بوون...تاد.

با نمونەیەکی ترت بدەمێ، دوای ١٩٧٥ ڕژێم لەزۆربەی قوتابخانەکاندا ڕۆژانە شیرو پەنیری سێگۆشەو خواردەمەنی بەسەر قوتابیاندا دابەش دەکرد، کەچی من چونکە وابزانم پۆلی سێ یان چواری سەرەتایی بووم، بێئەوەی ئاگاییەکی سیاسی ئەوتۆم هەبێ، حەزم دەکرد ئەو پەنیرو شیرە ڕەتبکەمەوە، دەی ئەمە بەجۆرێك لەجۆرەکان بەلای منەوە یاخیبوون بوو دژ بەڕژێمی بەعس. ڕۆژێکیان فەڕاشی مەکتەبەکەمان شیروپەنیری سێگۆشەو خورمای بەسەردا دابەش دەکردین، لەخۆمەوە چەند قوتابییەك لەهاوپۆلەکانم ڕازیکرد بەوەی لەبەر دەرگای پۆلەکەمانەوە پەنیرەکان بەرەو ژوری بەڕێوەبەرەکەمان فڕێبدەین، دواجار هەر واشمانکرد، هەموو پەنیرەکانمان بەدوای یەکدا هاوێژتن، یەکسەر بەڕێوەبەر بەخۆی و دار حەیزەرانەکەیەوە هات، ئێمە چوینەوە ناو پۆلەکەمان بەڵام هەر هات و نەگەڕایەوە، چەند حەیزەرانێکی لەناو لەپم دا، لەخۆمەوە پەلامارم دایەوە، ئەوە یەکەمجارم بوو بە ئاشکرا ڕوبەڕوی دەسەڵاتدارێك ببمەوە.

ئەمە بەئاگاییەکی ساویلکانەوە لای من هێمای ئەو ڕژێم و سەرچاوەی ئەو نامۆبوونەی کەسایەتیەم بوو هەروەك هەموو ئەو ئیشانەی کە براوو باوکم پێیان دەسپاردم، هەموویانم ڕەتدەکردنەوە یان ملکەچکردن بەرانبەریان ئازاری دەدام. بەکورتی هەستم دەکرد کۆی ئەو ژیانە ژیانێکی ساختەیە بۆ من.

لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زبێ بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

شایەنی گوتنە، لەو تەمەنە بچووکەدا، زۆر حەزم دەکرد ناوێکی کوردیم هەبێ. ئەمەش ڕەنگە بەشێکی پەیوەندی بەو هەستە نامۆییە ساواییەوە هەبووبێ، کە بەرامبەر هەموو ژیان هەمبوو، هاوکاتیش لەو تەمەندا مامۆستایەکمان هەبوو ناوی یوسف بوو خەڵکی کەرکوك بوو، هەمیشە دەیگوت: تۆ برای بچوکمی. بەناوی فەرهاد بانگی دەکردم. هەر لەخوێندنی سەرەتایی زۆرێك لەمامۆستاو ئەو یەك دوو هاوڕێیەی کە هاوپۆلم بوون حەزیان دەکرد ناوێکی دیکەم هەبوایە، بۆیە بەناوی تر بانگیان دەکردم.

لەپۆلی پێنج یان شەشەمی سەرەتاییەوە دەستم بەشیعر نوسینکرد، بەڵام بەنازناوێك شیعرم دەنووسی. یەکەمجار هەر لەو قۆناغەدا هاوڕێی هاوپۆلم ناسیح ئیمام، کە تا پۆلی چواری ئامادەیی پێکەوە بوین، شیعرێکی منی بەنازناوێك "نازانم ئاوارە" یان "دڵدانەوە" بوو نارد بۆ بەرنامەیەك، وابزانم ناوی "شیعری لاوان" بوو، ئەگەر زەینم هەڵە نەکات شاعیرێك بەناوی مەدهۆش لەڕادیۆی کوردی بەغداد بەڕێوەی دەبرد.

ئەو کات قەت هێندە وەك ئەو ئێوارەیە دڵخۆش نەبووم کە لەدەرەوە لەگەڵ ناسیح گوێمان لەو بەرنامەیە گرتبوو، لەپڕێکدا مەدهۆش بەشێك لەشیعرەکانی منی خوێندنەوە وامدەزانی دونیا هەمووی هی منە. هیچ شتێك هێندەی بڵاوبونەوەی ئەو پارچە شیعرەم مەستی نەکردم. بەڵام زۆریش لەوە دەترسام ماڵەوە بزانن. ئاخر ئەوکات و ئێستاش بۆماڵی ئێمە کتێب خوێندنەوەو شیعر نوسین بڵاوکردنەوە، مەترسی یان فێرە بەرەڵایی یان بێمانایی بوو. ئەمەش لەئاستی ماڵەوەدا، توشی نامۆییەکی گەورەی کردبووم. بەمجۆرە من بەهۆی ماڵەوەو دەرەوە هەمیشە ناوێکی ترم لەبری ناوەکەی خۆم لەسەر شیعرەکانم دەنوسی.

بەمجۆرە کوڕی برایەکم هەبوو کە لەخۆشم گەورەتر بوو، هەمیشەو بەزۆری شیعرەکانمی لەگیرفانم دەردەهێناو بۆ برایەکانمی دەیخوێندەنەوە. ئەمەش شێوەیەك بوو لەگاڵتەکردن بەشیعرو بێزارکردنی من. کە تەمەنم کەمێك هەراشتر بوو، حەزم دەکرد بەرەو تەنیای و

لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زێی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

شوێنێك هەڵبێم، تاكو بتوانم لەو شوێنگە داخراوەو ناوە نابەدڵە ڕزگاربم و ئەو ناسنامە ڕەسەنە كەسایەتیەی خۆم بم و پەرەی پێبدەم.

دواجار ڕۆژێك بەبێ پارە سەرم بەرەو بەغدا هەڵگرت. لەوێ ئیشی نەجاڕی بەردەستیم كرد. بەڵام جارێك ماڵی عەرەبێكی دەوڵەمەند داوایان لەو قۆنتەراتچیەی كە من ئیشم لەگەڵدا دەكرد كرد لەماڵەكەیدا بناغەی ژورێكی بۆ دابنێ، ئەو قۆنتەراتچییە منی برد بۆ ئەو ماڵەو كارەكەی بۆ دیاریكردم. دەبوو نزیك دەمژمێر چواری دوانیوەڕۆ بێتە دوام و بماباتەوە بۆ ئەو هۆتێلەی كە لێی دەخەوتم، بەڵام من دوای چەند سەعات كە هەستم بەوەكرد خزمەتی دەوڵەمەندێك دەكەم، وازم لەكارەكە هێناو هەتا سەعات چوار لەدەوری ئەو ماڵە دەسوڕامەوە، كاتێك قۆنتەراتچیەكە هات و بینی كارەكەم نەكردوە، حەپەساو گوتی: بۆ كارەكەت نەكردووە؟ منیش گوتم من نامەوێ خزمەتی عەرەبێكی دەوڵەمەند بكەم. دیارە كابرای قۆنتەراتچی ئەوەی كارم لەلای دەكرد كوردێكی كۆیی بوو دەمێك بوو لە بەغداش دەژیا، بەدەم وەڵامەكەی من پێكەنی و وتی تۆ لێت تێكچووە.

مەبەستم لەوە ئەوەبوو بڵێم، من تا بەر لەپێشمەرگایەتی، هەمیشە هەستم دەكرد لەو شوێنە نامۆم و لەشوێنێكی ترم و ناسنامەی بوونی من لەكەسایەتیەكی تردایە. ئەمەش هەمیشە هەستی نیگەرانی تێدا دەفراژاندم. دواجاریش ئەوە وایلێ دەكردم بۆ هەمیشە ئۆقرە نەگرم.

بەكورتییەكەی هەر لەتەمەنی منداڵیمەوە تا هەرزەكاریش بەرامبەر هەموو شتێك هەستم بەنامۆییەكی گەورە دەكرد، ئێستاش ئەم هەستە بوو بەژیانێكی واقیعی. وابزانم هەر ئەو بارە دەرونیە سەختەش بوو كە لەتەمەنی منداڵێتیدا توشی سەرئێشەیەكی سەختی كردم، دواجار لەپێشمەرگایەتی زانیم ئەوە "میگرێن "ە كە بەعەرەبی "شەقیقەی" پێدەڵێن.

لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زێی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

ئەو سەرئێشەیە لەو تەمەنەدا وایلێکردم یەك مانگ لەخەستەخانە بم و ئاگاشم لیٚ نەبێت. ئەڵبەت تا ئێستاش ئەو سەرئێشە کە هات وەك کورەی ئاسن وایە.

وێڕای ئەمانەش، بەهۆی بوونی چەند مامۆستایەکی جوانی بەنمونە وەك ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم: عومەر مەعروف بەرزەنجی بۆ یەکەمجار کتێبم خوێندەوەو هەستم بەچێژی شیعرو خوێندنەوە کرد. هەر ئەو مامۆستایەش هانی ئێمەی قوتابیانی دەدا ڕۆژانە شیعر بنوسن و بخوێننەوە.

لەو ڕۆژەوە شیعر بووە پەنا یان سێبوورییەك بۆ ئەو هەستە نامۆییەی کە هەمبوو. لەوێوە شیعر بوو بەفەنایەك بۆ ئەو ناسنامەو کەسایەتیە ڕەسەنەی من یان سێبوورییەك بۆ ئەو تەنیاییە ڕۆحییەی لەئاگایی منداڵی من بەدەر، یەکەمجار لەڕێگەی ئەو مامۆستایەوە داستانی خەج و سیامەندم ناسی، بیرمە دوای مەکتەب چوومە دەرەوەی گوند تا ئێوارە هەموویم لەبەرکرد. شەوانە بەیەکەوە لەژورێکدا دەژیاین برا گەورەو خوشك و باوك و دو دایکم دەخەوتن، لەبری ئەوەی ئەرکی مەکتەب بخوێنمەوەو بنوسمەوە، کەچی لەبەر فانۆسێکدا بەدزی ماڵەوە ئەو کتێبانەم دەخوێندەوە مامۆستا عمر معروف بەرزنجی پێی دەداین.

لەو ڕوانگەیەوە ئەو نادیارییەی ناوو شوێنگەی من، پەیوەندی بەو سەرەتا نامۆییەی منداڵی بەرانبەر بوونەکەی خۆیەوە هەیە. دواجار لای من ئەو نامۆبونە بوو بەخود ئاگاییەك و سەرهەڵگرتن لەو ناوو شوێنگە داسەپاوە، یان دابڕانێك لەو ناسنامە کەسایەتیەی کە هی من نەبوو، بەڵکو هێزێکی دەرەوەی من سازیکرد بوو. ئەمەش بوو بەسەفەرێکی ڕۆشنبیری بەرەو داهێنان و بەرجەستەکردنی ئەو ناسنامە کەسایەتیەی لەمنداڵییەوە لەناخمدا ببوو بەپرسیارێك.


لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زنێی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

بەمجۆرە، ئێستا لام وایە، هۆکردی نادیاری ناو، شوێنەکەم، خودی نوسین، هەلاتن لەماڵ، بوون بەپێشمەرگەو پەراگەندە بوون و هەندەران...تاد، زادەی ئەو نامۆبوونەی منداڵییەتی من بوو بێت. بەڵام ئێستاش نازانم ئەو نامۆبونەی من لەهاوپۆل و ماڵەوەو دانیشتوانی گوندەکەمان بۆچی لەوانی تر نیگەران هێنەر تر بوو! چونکە هیچ لەهاوپۆل و ماڵەوەمان، خەڵکی گوندەکەمان، وەك من، توشی ئەو نامۆبونەو ئەو ئاکامە نەبوون کە من توشی بووم.

لەوە دەچێ بەتیشکێکی بزواوی ئەو وەڵامانەوە، ئەو نادیارییەی ناوو شوێنگەیە لەمندا بەدیار کەوتبێت، بەڵام وەڵامە فەرمی یان سادەکەی ئەو پرسیارە ئەوەیە، کە پێناسەی من بەگوێرەی دەفتەری نفوسی ڕژێمی ڕابردو، کە لە ١٩٧٦دا بەهۆی داوای قوتابخانە بوو یان نازانم، بێئەوەی خۆشم ئاگام لێی بێت، ئەو دەفتەری نفوسەم هەبوو. هەر بۆیە تا لەشار دەژیام، نەبەیادم دێ ئەو دەفتەر نفوسەم هەڵگرتبێ و نەبەهی ناسنامەی خۆشم دەزانی، ناوی من: مەهدی حسێن ئەحمەدە، لەساڵی١٩٦٣ لەدەڤەری کەندێناوەی هەولێر لەدایك بووم.

**ئەرسەلان مەحمود: کەوابوو منداڵ و منداڵێتی، ئەو پەڕە کاغەزە سپیە نیە، دڵخوازانە چیت بوێت لەسەری بنوسرێت، دواجار ئەویش بونەوەریکە ڕوانین و هەستی تایبەتی خۆی هەیە، ئێمەیەك کە خاوەنی ئەو خوێندنەوەو تێگەیشتنە نین و ژیانێکی تەژی لەئازار یا دایك و باوکێکی بەمانا مەعریفەکەی تەندروستمان نیە، چۆن دەتوانین خۆمان لەوە ڕزگار بکەین؟**

**هەندرێن:** ڕوانگەی منداڵ وەك بونەوەرێکی بێئاگا، یان وەك "پەڕە کاغەزێکی سپی"، پەیوەندی بەجیهانبینی هزرڤانی ناوەڕاست یان پێش ڕۆشنگەرییەوە هەیە. لەوێدا بەگشتی گریمانە فەلسەفیەکانی مرۆڤخوازی و (هیومانیزم) لایەنی هەستەکی بەسەر بیرکردنەوەی فەیلەسوفەکاندا زاڵبوو. بەمجۆرە مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی چاك و گەردونی وێنا دەکرا.

لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زبێ بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

دیدی فەیلەسوفانی ئەو سەردەمە ئەوەبوو، کە منداڵ "کاغەزێکی سپی" یە، کە بەلاتینی "تابولە ڕاسە"ی پێدەڵێن، بێ هیچ تایبەتمەندییەکی کەسایەتی لەدایك دەبێ و مرۆڤە هەراشەکان، وەك باوك، براو دەوروبەر بەکەیفی خۆیان ئەو کاغەزە سپییە پڕدەکەنەوە.

لەسەدەی دوازدەدا تۆماس ئەکیونیۆ ئەو دەستەواژەی بەکارهێناوو پاشان جۆن لوك لەسەدەی شانزەدا ئەو پێناسەیەی کرد کە تا ئەمڕۆش لەئارادایە. بەکورتی لوك پێی وابوو کە چۆن سەرەتا تێگەیشتنەکان بەڕێگای بینین و دواجاریش کۆی ئەزمونەکانە کە ئەو شێوە لەمنداڵ دەسازێنی کە بتوانێ بیر بکاتەوە. هاوکاتیش، ئەگەر بەبیرت بێت ڕۆسۆ لەڕۆمانی "ئەمیلا" دا هەمان بیرۆکەی هەیە، لێ ئەو پێی وایە چونکە منداڵ وابەستەی مرۆڤە هەراشەکانە، بۆیە مرۆڤە هەراشەکان چۆن حەز بکەن وا منداڵ پەروەردە دەکەن.

ئەم کورتیلە ئاماژەمان بۆ ئەوە بوو کە بزانین سەرچاوەی وێناندنی منداڵ وەك "کاغەزێکی سپی" لەکوێوە هاتووە. دیارە دوای ئەو ڕوانگەیە لەسەدەی بیستدا لەئاستی پەروەردە، کۆمەڵناسی...تاد. ڕوانگەگەلی جیاواز سەبارەت بەمنداڵ و منداڵی لەدایکبوون، کە لێرەدا ئەرکی ئەم ئاخاوتنەی ئێمە نیە لەمەڕ ئەو ڕوانگانەوە بپەیڤین. لێ ئەوەی بەلای منەوە گرنگە، سەرنجدان یان ئاوڕدانەوەیە لەو منداڵ و منداڵییەی کە وەك تاکەکەسی جیاواز هەڵگری سروشت و تایبەتمەندی هەستەکی و بنەماگەلێکی نامۆن، مرۆڤە هەراشەکان ناتوانن بەمەیلی خۆیان پڕی بکەنەوە.

سەبارەت بەمنداڵی خۆشم، وەك لەوەڵامی پرسیاری یەکەمدا گوتم، من لەژینگەیەکی یەك ڕەنگ، داخراوو ژیانێکی وشك و بەرتەنگ لەدایکبووم و لەوێشدا تەمەنی منداڵیم بەسەربرد. لەو ژینگەیەدا کە پێکهاتبوو لەماڵێکی ئازاراوی، دەوروبەرێکی نەرێتی بەڵام وەك گوتم هەر زوو حەزم دەکرد هەر زوو هەموو ئەو پەیوەندییە قەتیسماوو نەگۆڕانە ڕەتبکەمەوە کە

لەنێوان کۆی پەیوەندی ئەندامەکانی ماڵەکەمان لەئارادا بوون، هەرچەندە من بچوکترین منداڵی ماڵەوەش بووم.

لەمنداڵییەکی زودا باوك و براکانم ناچاریان کردم هەم بچمە مەکتەب و هەمیش لەلای مەلای گوندەکەمان ببمە فەقێ. من هەر لەسەرەتاوە بەبێ هیچ هاندانێك لەدەوروبەرم و سەرچاوەیەکی ڕۆشنبیری هاوکاتیش کۆی خەڵکی گوندەکەمان و هاوتەمەنەکانم دیندارو مرۆڤی سادە بوون، حەزم لەگوێگرتنی مەلای گەندەکەمان نەبوو، کە ڕۆژانە دەبوو لەدوای ئەوەوە "جزوی عەممە" بڵێمەوە تا ئەزبەریان بکەم.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە بۆچی ئەوکات منێکی منداڵ و بێکاریگەری سەرچاوەیەکی جیاواز تر لەوەی کە ژینگەی ماڵ و گوندەکەمان بوو، نەدەچوومە ژێر باری ئەو فشارانەی کە دەیانویست وەك "کاغەزێکی سپی" پڕم بکەنەوە؟

لەو هەستە سەرەتاییەوە، ڕۆژێکیان لاسارانە وەك جۆرە گاڵتەکردنێك، بەهەڵە چەند دێڕێکم لەدوای ئەو مەلایە گوتەوە، وابزانم دێڕەکە ئەوها دەستی پێدەکرد "سیراتەل موستەقیم..." منیش گوتم "وسیراتەل سابوونە..." ئەویش یەکسەر شەقێکی لێدام. منیش هەڵاتم بۆ ماڵەوە. لەماڵەوەش دارکاری کرام.

بەمجۆرە ئەو خوێندنی فەقێیایەتییەم لا ببوو بەدێوەزمە. لەخۆمەوە زۆر لێی دەترسام. هەر بۆیە دواجار وابزانم، هەموو شتێکی ئیسلامم لەبەرچاو و کەوت. دواجار هەرچەند ماڵەوە زۆریان لێکردم، بەڵام من ڕازی نەبووم لەو خوێندنە بەردەوام بم. هاوکاتیش دەروێشەکانی گوند لەشەوانی چوارشەممەدا لەناو حەوشەی مزگەوتی گوندەکەماندا زیکریان دەکرد. بەڵام نازانم بۆچی زۆر حەزم لەدیمەنی زیکرو دیار دەروێشەکان دەکرد، بیرمە ئەو شەوانە بەدزی ماڵەوە دەچومە مزگەوت و لەپشتەوەی دەروێشەکان بەترسەوە لەگەڵ ئەواندا سەرم بادەدا.

شەوێکیان دەروێشەکان لەناو حەوشەی مزگەوتەکەدا زیکریان دەکرد و زۆر گەرم ببوون، لەحەوشەی مزگەوتەکەدا بیرێك هەبوو کە سەری کراوە بوو، زۆریش قوڵ بوو، لەکاتی سەربادانداندا کە خەریکبوو گێژ دەبووم، لەپڕ ئاورم دایەوە، قاچێکم لەسەر دەرگای بیرەکە بوو، ئەگەر بەرێکەوت ئاورم نەدابایەوە، ڕەنگە بکەوتبامە ناو بیرەکە. سەیر لەوەدایە هیچێك لەمنداڵە هاوتەمەنەکانی خۆم وەك من حەزیان بەسرووتی (تەقس) دەروێشەکان نەدەکرد کە شەوانی چوارشەممە نمایشیان دەکرد!

بەگشتی ئەو دیمەنانەی دەروێشەکان ئەوکات هەم جۆرە ترسێکی لای من هەبوو، هەمیش جۆرە جادوویەك بوو منی ئاوێزانی خۆیکرد بوو. بەمجۆرە لەتەواوی ژیانمدا ئەو دیمەنەی دەروێشەکانم بەیاد دێنەوە. ڕەنگە هەر ئەم پاڵنەرەش بووبێت لێرە لەسوید ماوەیەکی زۆر لەسەر سۆفیزمم و دەروێشەکانم خوێندەوە. دواجار لەزانکۆ لەبەشی مێژوی هزردا کە کۆرسێك لەسەر جیهانبینی ڕۆژهەڵات بوو، من وەك ئەرکێکی ئەو کۆرسە، وتارێکم لەسەر سۆفیزم نوسی. ئەمە ئەو هەستە سەرەتاییانەیە لەیادەوەریدا کەڵەکە دەبن و دواجار ئێمە لەتەمەنێکی تردا بەڕامانێکی تر دەیانخەملێنینەوە. یان ڕۆژانی هەینی کە مەلا لەمزگەوت خوتبەی تایبەتی دەدا، هەموو خەڵك دەچونە نوێژو پاشان نانیان دەخوارد. ئەگەر ئێمەی منداڵیش بچووباین بۆ نوێژی هەینی، لەماڵەوەو دەوروبەر خۆشەویست دەبووین. ڕۆژێك لەگەڵ هاوپۆل و هاورێیەکی گوندیم کە ناوی هاشم نوری بوو، چوینە نوێژی هەینی و لەناو مزگەوتەکەدا لەتەنیشت یەکتری نوێژمان کرد. لەکاتی دوعا خوێندندا مەلاکە باسی خێری کرد، منیش ڕەمەکیانە، بێ بیرکردنەوە دەفلووسی ئەوکاتەم هەبوو، لەگیرفانم دەرهێناو خستمە ناو دەستی هاشم کە دەستی کردبۆوەو دوعای دەکرد. خۆشی ئەوە بوو هاشم بەپێچەوانەی منەوە زۆر دەم بەپێکەنین بوو، بۆیە بەسادەترین شت دەتریقایەوە. لەگەڵ ئەو پێکەنینەدا پیاوێکی تەمەنداری گوندەکەمان لەتەنیشت ئەو نوێژی دەکرد، یەکسەر

لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زێی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

بەر شەقی دا. ئەمە لەو کاتەی خەڵکانی گوند بەدڵ دوعایان دەکرد، ئێمەش هەردوکمان بەپێکەنینەوە دەرپەڕین بۆ دەرەوە.

هەر لەو تەمەنەدا کە وابزانم پۆلی سێ و چوار بووم، مامۆستاکان وەك باوکم جەلاد بوون. بۆیە دوای مەکتەبیش نەدەبوو ئێمەی قوتابی بەرانبەریان گەمە بکەین. ڕۆژێکی بەهار بوو، وەك لێم تێکچوبێت، تۆپێکی پەڕۆینم دروستکرد، چونکە ئەوکات ماڵەوە تۆپی پێیان بۆ نەدەکڕین، هەر وەك کەرەستەیەکی هیچ گەمەیەکی منداڵیشم نەبوو، حەزم دەکرد وەك پەرچە کردارێك لەبەرچاوی مامۆستاکان تۆپانێ بکەم. کوڕی برایەکم هەبوو لەتەمەنی خۆم بوو، زۆرم هەوڵدا یارییم لەگەڵ بکات، بەڵام لەترسی مامۆستاکان نەیوێرا. پاشان من بەتەنیا لەدەرەوەی ماڵەوە لەسەر ڕێگایەك کە بەرانبەر ماڵی مامۆستاکان بوو، دەستمکرد بەیاریکردن بەو تۆپە پەڕۆینە. ئێستاش لەیادمە کات دەمەو عەسر بوو کە مامۆستاکان بۆ پیاسە هاتنە دەرەوە سەیری منیان دەکرد، منیش تاکوو زیاتر یاخیبوونی خۆم نیشان بدەم، بەگوڕو جۆشتر شەقم لەتۆپەکە دەدا. بەڵام کە شەو داهات، لای من هاتنی بەیانی دۆزەخ بوو، بۆیە حەزم نەدەکرد شەو کۆتایی بێت. سبەینێکەی کە چوومە مەکتەب مامۆستایەکیان زوو بانگی کردم و تێری لێدام. سەیر لەوەیە، ئەو تۆپانێیە هەر تەنیا منی توشی ترس لەتۆڵەی مامۆستاکان نەکرد، بەڵکو ئەو هاوپۆلانەی کە لەکاتی گەمەی تۆپانێی تەنیایی خۆمدا نەدەوێران نزیکم ببنەوە، هەترەشیان چوو بوو.

خۆتان دەزانن، ئازار یان ڕوداوە تراژیدییە کۆمیدییەکانی هەریەك لەمنداڵی ئێمە، سەیرو سەمەرەن. یەکێك لەو ڕوداوە سەمەرانەی کە لەو تەمەنە منداڵییەدا تاقیکردنەوەیەکی یەکجار سەخت بوو، ناکرێ نەیگێڕمەوە: شەوێکیان دایکم دووپشکی پێوەدا، بەو شەوە لەماڵەوە پیاڵەیەکی بەتاڵیان دامێ و ناچاریان کردم بیبەم بۆ لای مەلای گوندەکەمان تاکوو پڕ ئاوی بکاو دوعای لەسەر بخوێنێ و پاشان دایکم ئەو ئاوە بخواتەوەو ئەوشوێنەی پێبشوا کە دووپشکەکە پێییوەدابوو. منیش لەناخەوە هەم زۆر گاڵتەیەکی ساویلکانەم

لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زێی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

بەو بڕوایە دەهات و هەمیش زۆر شەرمم دەکرد بچمە ماڵی ئەو مەلایە. بەڵام ناچار لەگەڵ کوڕی برایەکم بەرەو ماڵی مەلا سابیر بەڕێکەوتین. کاتێك چوینە دەرەوە نەئەوو نەمنیش حەزمان نەدەکرد بچینە ماڵی مەلا. لەپڕ ئەوەم بەخەیاڵدا هات کە بچین لەحەوزی بیرەکەی بەردەرگای ماڵەکەمان پڕی ئاوی بکەین و دوایی بگەڕێینەوە ماڵ و بیدەینەوە ماڵەوە کە بەدیار ئازاری دایکم وەستابوون. من بەکوڕی براکەمم گوت ئەوە بۆ ماڵەوە نەگێڕیتەوە، ئەویش ڕازیبوو. کاتێك ماڵەوە بەدەم دوعا خوێندنەوە ئاوی پیاڵەکەیان بەدەم دایکمەوە دەکرد، وێڕای ئەو دیمەنە غەمگینەش، پێکەنین منی داگرتبوو. دیارە ئەو چارەسەرییە دەبێ هۆکارێکی ئایینی یان سروشتی هەبێت. هاوکاتیش بەهۆی ئەوەی کە ئەوکات لەو گوندەدا هیچ خەستەخانەو دەرمانێك نەبوو. بۆیە خەڵك کە دووپشك یان ماری پێوە دەدا، یانیش نەخۆش دەکەوت، دەبوو پیاڵە ئاوێك ببەنە لای مەلای مزگەوت یان پیاو چاکێك ئەویش دوعای لەسەر بخوێنێ و دواجاریش ئەو کەسە ئەو ئاوە بخواتەوە.

گێڕانەوەی ئەو حیکایەتانەی منداڵی بێکۆتایین. بەڵام ئەو نمونانەم بۆ ئەوە هێنایەوە کە سەرنج لەو هۆکردانە بدەین، کە بۆ منداڵی نەبوو بەو "کاغەزە سپی" یە. دیارە من وێڕای ئەو واقیعەی ماڵ و دەوروبەر، دڵگیرییەکی زۆرم بەرانبەر نهێنییەکانی سروشت هەبوو. دیمەنی ئەستێرە و ناوەکانیان. بەتایبەتیش لە شەوانی هاویندا کە لەسەر بانی ماڵەکەماندا لەسەر پشت درێژ دەبووم، تا درەنگی شەوان لەجمەو بریقەی ئەستێران ورد دەبوومەوە، کشانی ئەستێران لەشەوانی هاویندا گیانی پڕ موچڕکە دەکردم. چونکە لەحیکایەتەکانی دایکمەوە وا تێگەیشتبووم کە ئەستێرە جۆرە بوونەوەرێکی ئاسمانین. هەر وەك نهێنی هەڵاتن و ئاوابوونی هەتاو، پرسیارێك بوو هەراسانی دەکردم. باران و گەواڵە، ڕاکردنی خێرای تەمی دوای باران، شین بوون و بۆنی گەرم و شێداری گیاو گوڵی ڕەنگاو ڕەنگی بەهاران، زەوی قاوەیی و خۆڵە پۆکی هاوینان، کە ڕۆژانە وەك بەهانا چوونێك میزم بەو شوێنە خۆڵە پۆکانەدا دەکرد. وامدەزانی تینوویەتی ئەو زەوییە دەشکێنم. بۆیە من

لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زبێ بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

له"زەمەنە سەرابییەکانی سەر پشتی مانگایەك"دا، هەستەکانی ئەو ڕۆژگارەم لەو دەقە پەخشانییەدا وێنە کێشاوە. گێژەڵوکەی هاوینان کە وەك وێنەیەکی سیحری هەموو جۆرە شتە کەوتووەکانی لەگەل خۆی هەڵدەگرت و بەتیژی خلۆر دەبۆوەو منی منداڵیش بەتاسەوە بەدوایدا غارم دەدا تاکوو لەگەڵ خۆیدا بەرەو دوور دوور هەڵمبگرێت.

لەوێدا لەو تەمەنەدا زۆر حەزم لەسەیرکردن و تێگەیشتنی هەندێ لەزیندەوەرە، خشۆك، باڵندەو چۆڵەکان بوو. لەوانە هاتنی قەتێ، کە لای من باڵدارێکی تا حەزبکەی جوان و ناسك، بێدەنگ و دڵبزوێن بوو، لەهاوینان و گەڕانەوەیان بۆ شوێنە دوورەکان لەپاییزدا، ببووە پرسیارێك تا تەمەنێکی تەواو تێینەگەیشتم.

ئەوکات خۆزگەم بەسەفەری ئەو قەتێیانە دەخوارد، هەمیشە کێوییەتی و تەنیایی ئەو باڵندە زیندەوەرانە، خەیاڵیان داگیر کردبووم. ئەو هەست و ئەزموونە ساوایانە، لەپاڵ ئەو ڕووداوە ئازاراوییانەی نێوان پەیوەندییەکانی ماڵ، نادادپەروەریی نێوان خەڵکە هەژارو بێهێزەکان و دەوڵەمەندو دەسەڵاتدارەکانی گوندەکەمان و...تاد وەك دوو جیهان لەگیان و یادەوەری مندا لەململانێیەکی ئاڵۆزدا دەژین. ئەو یادەوەرییەش سەرچاوەیەکە کە دواجار تۆ ناسنامەکەی خۆتی لەسەر بونیاد دەنێیت، لەم ڕوانگەیەوە، دیدی من، مندال لەژێر ئەو ئازارو فشارانەی کە تۆ باسیان دەکەی، دوو تەرزە منداڵ و منداڵیی بەرهەم دەهێنن:

**یەکەم/** منداڵ و منداڵییەکەی کەموو (ماڵیی) ملکەچ بەرانبەر مرۆڤە هەراشەکان" واتا "کاغەزە سپیە"یە کە مرۆڤە هەراشەکان بەکەیفی خۆیان پڕی دەکەنەوە.

**دووەم/** منداڵ و منداڵییەکی یاخی. سەرەتا ئەو چەشنە منداڵە کۆمەڵێك تایبەتمەندی خۆڕسکی تێدایە، کە نامۆیە بەشوێنگەکەی. ئەو منداڵە بەویستێك لەهێزێکی ناوەکی کە بەشێکی تایبەتمەندی خۆیەتی و بەشێکیشی کاریگەری بونەوەرە جیاوازەکانی سروشت

لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زێی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

و ئەو هەستە بینراو ئەزموونە چکۆلانەن کە وا لەمنداڵێتیمان دەکەن نەمەیلی وابەستە بوون بەدەستەڵاتدارانمان تێدا بڕسکێ و نەخۆشمان خولیایی دەسەڵاتخوازیمان هەبێت.

لێرەوە دەکرێ ئەو ئازارو فشارانەی کە لەناو ژیانی خێزان و دەوروبەرمان هەن و ئەوانیش بەوانەوە ئێمە فرچك دەدەن، وەك هەستێك لەبینینە دەرەکییەکان سەیریان بکەین. ئەو ئەزموونگەلە لەئازارو ژانەی خێزان و دەوروبەرمانیش لەیادەوەریماندا کەڵەکە دەبن و دواجاریش لەو ململانێیەی کە لەنێوان هێزی ناوەکی و هێزی دەرەکی ئێمەدا دەست پێدەکات، یان ئەوشێوەمان لێدەسازێنێ کە نەریتی ماڵ و ژینەگەکەمان سازاندویانە یان ئێمە بەو هێزە ناوەکییە ئەو هەستی بینین و ئەزموونە زیندوانەی کە لەیادەوەریماندا شوێن پێیان بەجێهێشتووە ناسنامە خودییەکەی خۆمان بەرهەم دەهێنین. ئەمەش جۆرە دابڕانێکی تاکە کەسییە لەو ئازارانەی خێزان و دەوروبەرەکەمان، کە ڕەنگە شەڕی ئەو ئازارانەو ئەو ناسنامە خودییەمان لەتاراوگەی شوێنیش هەرگیز هەدادانمان نەدا.

لێرەدا، بەتەرزە شرۆڤەیەکی ئاوەڵا لەڕوانگەی دیڤید هیوومەوە، بڕوام وایە کاتێك یادەوەری ئێمەی منداڵ وەك کاغەزێکی سپی بەو ئازارانەی کە تۆ ئاماژەیان پێدەکەی، تەژی دەکرێن، ئیتر ئێمەی منداڵ بەگوێرەی ڕاددەی ویستی ناوەکیمانەوە هێدی هێدی لەو ئەزموونە هەستەکییانەوە جۆرە تێگەیشتنێك لەڕەنگ، مەیلی تایبەت بەخۆمانیان لێ دەسازێنین. ئەو هەستکردنانەش لەیادەوەری ئێمەدا دەژین و دواجاریش ئەوانە بەشێوەی جیاوازەوە لەخەیاڵماندا ئاوێتەیان دەبن و دەیانخەملێنین. بەمجۆرە ڕوانین و بیرۆکەکانمان لەهەمبەر بوونی خۆمان و دوروبەرماندا دەخەملێن.

دیارە لەدەستپێکدا ئەم بیرۆکانە بەجۆرێك لەجۆرەکان بۆچوونگەلێکی نەخەملیوون کە لەو تێگەیشتنە سەرەتاییانەوە هەڵقوڵاون. لێرەوە ئەو بیرۆکە ساوایانەی منداڵی و بگرە تا دەگاتە قۆناغی دوای هەرزەکاری و پێگەیشتنیش لەو کێشمە کێشمە ناوەکی و

لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زێی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

دەرەکییانەوە لەدایك دەبن. دواجاریش لەتەمەنی هەراشیدا ئەو بیرۆکانە لەئاستێکی ڕۆشنبیریدا کاریان لەسەر دەکەین و دەیانکەین بەبنەمایەك بۆ ناسنامەی کەسایەتی خۆمان ڕوانگە گەلێك لە ژیانماندا. لەو ڕوانگەیەوە، دەکرێ ڕزگاربوون لەو ئازارو فشارانەی خێزان و دەوروبەرماندا، کارێکی مەحاڵ نەبێت. بۆیە دەبێ ئێمە لەوە بهزرین کە یاخی بوونی منداڵ و منداڵی لەبەرانبەر ئەو ئازارو خواستانەی خێزان و دەوروبەر، کە دەخوازن یادەوەریی منداڵیی ئێمە بەدڵی خۆیان پڕ بکەنەوە، وەك ئەوەی چۆن ئەو کارە کاریگەریی لەسەر منداڵیمان دادەنێ، بەهەمان شێوەش دەکرێ بەپێچەوانەکەیەوە بێ هیچ هۆکردێك بەرجەستە نەبینە ئەو منداڵەی کە خێزان و دەوروبەرمان دەیخوازن. لێرەوە هیچ پەیوەندییەکی سەپێنراو لەنێوان ئەو جۆرە منداڵ و منداڵییە جیاوازانەدا نییە کە ڕۆڵی خێزان و دەوروبەر، وەك هۆکردێك، لەوێنەی خۆیاندا بەرهەمیان دەهێننەوە.

کەواتە ئەو ناسنامە منداڵییە دابڕاوە لەو ئازارە خێزانی و فشارە جڤاکییانەدا، بەرەو ئەو ئاڕاستەیەدا دەڕوا کە لەنێوان ئاڵوگۆڕکردنی پەیوەندییەکانماندا لەئارادایە. بنەمای ئەو ناسنامە تاکە کەسییە یان تایبەتە لەو هەستپێکردنانەوە لەدایك دەبێ، کە سەرەتا وەك پرسیارو گومان لەپەیوەندییە باوەکاندا سەرهەڵدەدا. بەمجۆرە لەتەمەنی هەراشیماندا کار لەگەڵ بیرۆکەکاندا دەکەین، تاکوو ناسنامە تاکەکەسییەکەمان بخەملێنین. بەمجۆرە ئێمە لەنێوان بەرەنگاربوونەوەی ئەو ئازارانەو فشارانەی خێزان و دەوروبەرمان و مەیل و ئیشکردن لەگەڵ یادەوەریمانەوە، ناسنامەیەك دەستەبەر دەکەین کە هی خۆمانە، یا وەك ئەوەی خۆمان دەخوازین، ئەوها ئەو "کاغەزە سپی" یەی منداڵیمان پڕ دەنەخشێنین.

دیارە منداڵی ئێمە هەڵگری هیچ ئەزموونێکی لێکچوو ئاسانی ڕاستەوخۆ نین، کە بتوانێ هەڵگری تاقیکردنەوە جیاوازەکانمان بێت. کاتێك ناوەڕۆکی ئاگایی من لەشوێنێکدا ئامادەیی نەبێت، کەواتە منەکەی خۆشم بوونی نییە. ئەوە یادەوەرییە کە وامان لێدەکات

لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زبێ بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

شەپۆلی هەمیشەی هەستکردنەکانمان بناسینەوە، دواجاریش هەر ئەو هەستکردنانەشن بەناسنامەی کەسایەتی و ناسنامەی من ناودێر دەکرێن.

کەواتە گفتوگۆکردنێکی هەمیشە یان ئاگاییەکی ڕۆشنبیریی لەگەڵ یادەوەریی منداڵیی، وامان لێدەکات بچینەوە ناو خۆمانەوە، ئەمەش لەدواجاران ناچارمان دەکات ناسنامەیەکی جیاواز لەو ناسنامانەی کە بەڕێگای پەروەردەی خوێندن ماڵ و جڤاکەوە بەسەرماندا دەسەپێنرێن، بۆ خۆمان بەرهەمبهێنین.

بە هەرحاڵ، پەرۆشخۆریی بەرەو ئەو منداڵیەتە، وەك پەرۆشیخۆریی بۆ ناسنامەیەکی بێگەردمان هەرگیز کۆتایی نایێ. کەواتە لێرەدا با ئێمەش، بەئاوڕدانەوەیەك لەچرپاندن بۆ ئەو یادەوەرییەی منداڵیی، لەنیوە ڕێی ئەو سەفەرەدا پشوویێك بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ پەرۆشخۆری گاڤی داهاتویی ئەو سەفەرە هەڵکێشین.

**ئەرسەلان مەحمود: بەم وەڵامەتان گوتەیەکی (بۆرخێس) هاتەوە بیرم، ئەو دەڵێ: گەورەترین ساحیر ئەو کەسەیە سیحرێکی وا لەخۆی بکات وەمەکانی خۆی لەشێوەی تارمایی سەربەخۆدا بێتە بەرچاو. ئایا هەر لەسەرەتاوە ئەوە حاڵی ڕاستەقینەی ئێوەش نەبووە؟ هەر بەڕاست تا ئێستاش خەونی لەوجۆرە دەبینن؟ ئایا شڵەژاندن و خولڤاندنی گومانبینی ژیان لەمنداڵی و هەرزەیدا ڕەنگدانەوەی بۆ؟**

**هەندرێن:** خولیای بۆرخیس وەك ساحیرێکی دانسقەو ڕیزپەڕ ئەوە بوو سنوری نێوان خەون و ژیان مەفحبکاتەوە، بۆیە مرۆ کە دەقە خەونزانەکانی دەخوێنێتەوە وا دەزانێ زنجیرەیەك لەزیندە خەون یان جیهانێکی ساحیرانەی سەربەخۆی دەخوێنێتەوە، خودی بۆرخیس توانی ببێتە ئەو ساحیرە کە "تارمایی" خۆی و زمانەکەی بکاتە مەتەڵێکی سەربەخۆ.

ڕاستت دەوێ، دور لەبەراوردکاریی، دەکرێ بڵێین، من لەو ژینگەیەی کە ئەزموونی منداڵی، هەرزەییم تێدا بەسەر برد، هیچی ترم نەبوو لەوەی زیاتر بچمەوە ناوەوەی خۆم. دواجار

لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زێی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

بۆئەوەی ئەو جیهانە ناوەکییە هۆگریی و ئاشتبونەوەیەك لەگەڵ خۆیدا دروست بکات لەباڵەفڕێیەکی ڕەمەکی زیاتر، هیچی تر نەبوو سێبوریم پێ ببەخشێ ئەمەش خۆی لەخۆیدا شۆڕبوونەوەیە بەناو تەنیاییدا. سەرەتا وتمان لاتەریك بوونی من لەڕەوشی باوی منداڵانی هاوتەمەنی خۆم و بێزار بوون لەپەیوەندییە دارێژراوەکانی ماڵ و دوروبەر جۆرە فڕێدانێکی گۆشەگیریی و فڕێدانێکی ناچاریی من بوو بەناو خەیاڵاندن. ئەمەش دۆخێکی تەژی لەژانی دەرونی دروستکرد. ئاکامی ئەمەش گێرۆدەی ناخێکی ڕاماوی کردم، کە لەو تەمەنەدا ترسناك بوو. ئەو چوونە ناو خوودە، ڕامانە بەچاوی ناخ، سەرەتای تارمایی ئەو تەنیاییە بوو کە ٢٧ ساڵە بەدوامەوەیە. کەواتە ئێستا بێجگە لەنوسینەوەی ئەو تارماییە، خۆکردن بەتەرزە تارماییەك نەبێ ڕێگایەکی تر لەبەردەم ئەو بوونە ناوەکییە تەنیاییە نەماوەتەوە. سەرچاوەی ئەو دۆخەی بوونی من، هەڵکەوتی ئەو منداڵییەتییە کە گەڕانەوە بۆی ماحاڵە. هەرچەندە لەوەتەی لەسویدم بەدوای دۆزینەوەی هۆکردێکی لۆژیکی ئەو هەڵکەوتەی منداڵیی خۆم سەرقاڵم، بەڵام هەموو ئەو بیانووە لۆژیکی و هەستەکییانەی هەن هەدادم نادەن.

دیارە لەبەرایی منداڵییدا ئەو وەهمانە سیحرێك نەبوون کە منداڵی لەئاستی ئاگاییەکی ڕۆشنبیرییدا فامی کردبن، بەڵکوو مەحاڵی ئەو ئاشتبوونەوەی منداڵی بوو لەگەڵ ئەو ژینگەی کە بۆ منی منداڵ و هەرزە بەتاڵ بوو لەهەموو دڵبزواندنێك. لێرەدا بۆئەوەی بەدەست نەبوونی وەڵامێکی سێبوری بەخش بۆ کێشەی چارەنووسی ئەو دڕدۆنگی و گومانە منداڵییە کە تۆ ئاماژەیان پێدەکەیت، سەرگەردان نەبین، هانا بۆ ئەو کۆپلە شیعرانە دەبەین کە لەکاتی جیاوازدا سۆراغی ئەو "تارماییە سەربەخۆیە"یان کردووە:

**"تۆ ناخێکی ڕاماویت و لەڕاڕەوی چۆڵستانێکدا،**

**کات لەسەمتی ڕۆژێکی سەرقاڵ بەناوەختییەکەی دەچنێتەوە**



لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زبێ بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

**منداڵێك تا چاو بڕكا لەڕێچكەی ناو درەختەكانەوە غاردەدا.**

**بێ دەنگی لەناو یەكەی خۆیدا دەپچڕێ و بەناو نادیاریدا پەرش دەبێتەوە.**

**غەڵبەغەڵبێك بەرەو دواوە هەڵتدەگرێ:**

**ئایا دەگەیتەوە ئەوێ؟"**

(شیعری ئاوێنەكانی خوێن، ٢٠٠٣)

بەمجۆرە دواجار ڕەنگە سیحری ئەو منداڵییە، ئێستاش وەك "تارماییەكی سەربەخۆیی" هەمیشە وەك چۆن لەمنداڵییدا وامدەزانی هەڵاتن لەماڵ و چوون بۆ ناو ئاپۆرەی شارێكی دوری وەك بەغدا كە یەكەم تاقیكردنەوەی هەڵاتنی من بوو، دواجار بەرەو چیاكان و بونە پێشمەرگە لەمەیلی فڕین، هەمیشە سەرهەڵگرتن بەرەو جیهانێكی دیكەی نادیار یان بێ كۆتاییدا خۆی بنوێنێ:

**لەناوەكمڕا: باڵگەلی پەپڤەكان"**

**كۆچگەلی ناوەكی،**

**ئاوڕێكی لەسەر سەربانی هاوینییە.**

**ها ئەوە ڕژانی ئەستێران،**

**لەگەمەی كۆچكوچەی ڕێگای كاكێشان،**

**بروسكەی گڵۆپی كۆلارەی بن ئاسمان،**

**چاو شلكێی ئەستێرەی گەلاوێژ،**

**لەمدیوی غوباری شەوانی پێدەشتان،**

لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زێی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

**شاگەشکەت دەکا:**

**منداڵی ئەم ناوەت.**

(شیعری، هەندرێن، ٢٠٠٧)

**ئەرسەلان مەحمود: لەلاوێتی و هەرزەکاریدا، هەڵاتن جۆرێك سەرکێشی و فڕینیش باڵێکی بەرەو چیاو پێشمەرگایەتی پێبەخشی، بەر لەوەی جاریّ باسەکەمان بەرەو ئەویّ بەرین، دەمەویّ بزانم چی لیّ سەندی، چی لەخەم و ئازارەکانت زیادو کەمکردن؟**

**هەندرێن:** لەوە دەچیّ چارەنووسی مرۆڤ، ئازارو چێژی خۆشییەکانی، لەو سەرەتای منداڵییەوە ڕەنگ بگرێت کە هەوڵماندا لەسەرەتای گفتوگۆکەماندا پێناسەیەکی بۆ بکەین. لێرەوە چارەنووسی، ئەو لەدەستچوون و خەم و ئازارانەی کە تۆ ئاماژەیان پیّ دەکەی لەو سەرەتای منداڵییەوە دەستیان پێکرد کە هەستمکرد ئەو ژینگەیە ئەو ماڵە، گەمەکانی منداڵان، نەرێتی دەوروبەر، قوتابخانەو...تاد نامۆن بەمن. بەمجۆرە من بەهۆی ئەو هەستە دژە بەرانبەر ئەو نۆرمە کۆمەڵایەتییە، وەك منداڵێکی لاتەریك لەجیهانی منداڵانی ئەو ژینگەیەدا بیّ بەشبووم و هەمیش لەنازی ماڵ.

دیارە شتێکی بەڵگە نەویستە، ئەگەر مرۆڤ لەهەر تەمەنێك بێت لەگەڵ ڕەوت، نۆرمەکانی ماڵ و ژینگەکەی نەگونجیّ، خوێن تاڵ دەکریّ. ئاکامی ئەمەش گیرۆدەبوونی ئازارێکی ناوەکیی، شەڕێکی نەبڕاوەیە لەگەڵ خودی خۆیی و ژینگەکەیدا. مرۆڤ لەهەموو جیهاندا داوای لێدەکریّ ئەو کەسایەتییە بێت کە گشت خەڵك بەدڵیانە: گوێڕایەڵی باوك، برا، مامۆستا، پیاو "نەك ژن"ە دەستەڵاتدارەکانی دەوروبەرو جڤاکەکەت بیت ئەگەر وا نەبویت ئەوە تۆ هەمیشە سەرکۆنە دەکرێی، لەهەموو مافێك بێبەشت دەکەن، ڕیسوات دەکەن.

لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زێی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

بەمجۆرە من وەك چۆن **لەتەمەنی منداڵیمدا کاتەکانم بەخۆزگەو خەونبینین بەهەورە کۆچکردووەکان، گێژەڵوکەی هاوینەگەرمەکان، لافاوی ئەو بارانە بەخوڕانەی کە بەناو کەندەکانی ئەو دەڤەرەدا سەریان هەڵدەگرت، ئەستێرە دورەکانی ژێر ڕێگای کاکێشان، سەرابی سەر ڕوخساری چیایە دوورەکان و...تاد بەسەر دەبرد،** ئێستاش، بەهەمان ڕۆحەوە، بەئاوێتەیەك لەهەستەوەریی و ویستێکی هزری، کوشتەی ئەو خەیاڵاندن و مەیلە مەحاڵانەم.

ئێستا بەدەم ئەو ئاخاوتنەوە دەربڕێنێکی نیکۆس کانتزاکیسم بەیاد هاتەوە کە نزیکەی ٢٠ساڵ لەمەوبەر خوێندومەتەوە. کانتزاکسی لە "ڕاپۆرتێك بۆ گریکۆدا" بەڕێگای ڕاناوی "تۆ"وە باسی ئەوە دەکات کە مرۆڤە ئاساییەکان، لێرەدا دەتوانین بڵێین ئاپۆرەی ئەو مرۆڤانەی کە لەمنداڵییەوە وەك "کاغەزێکی سپی "کە بەدەستی گەورەکان پڕکراونەتەوە دەکرێنەوە هەر لەسەرەتاوە پرسیارەکانیان" واتا خەون، حەزو ئامانجەکانیان دیاریکردو و ئاسانن" جێبەجێکردنی ئەرکە نەریتییەکانی ژیان، ماڵدانان، ژنهێنان/ شوکردن، منداڵ دروستکردن و ئیش و خواردن، بەڵام وەك کانتزاکسی دەڵێ، پرسیارەکانی تۆ، کەسێکی پەرۆشخۆر، مەیلدار بەژیانێکی سەربەخۆ، هەرگیز کۆتاییان نایەت.

کەواتە کاتێك ئەو گومانی منداڵییەی من بەژینگەو نەریتەکانییەوە سادەیی و ژیانی منداڵی و لاوێتیەکەی وەك ئەوەی دەمەویست بەر لەوەی پێبگەم لێسەندمەوە، ئیتر ئەو ئازارو خەمانە دوای ئەوەو ئێستاش هەمیشە لەزیادبووندایە. چونکە من لەو تەمەنەوە هاوڕەوتی منداڵ و هاوپۆلەکانی ئەو ژینگەیە نەبوم، کە بەچالاکی و نەریتەکانی ماڵەوەیاندا بەختەوەر بوون. لەوێوە من بەتەنیا مامەوە. ئاکامی ئەو تەنیاییەش بێماڵیی، لەدەرەوەی سروتی ماڵ و ژینگە سروتەکەی، برسیەتی، بێپارەیی و ژیانێکی سەهەندەیی بوو!

لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زێی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

دواجار هاوپۆلەکانم نەلەگەڵ نەریت و پێکهاتە هەرارکییەکانی ماڵ، گوندو قوتابخانە توشی گرفتبوون، نەلەماڵ تۆران، نەبوون بەپێشمەرگە. هەموویان وەك میراتگری خێزانەکانیان کاسبییەکیان دۆزییەوە، ژنیان هێنا، ئێستاش هەندێکیان وەك میراتگرانی پێشمەرگایەتی، خاوەن دەسەڵاتی سیاسی، ئیداری و موچەی باشن! پیرۆزیان بێت.

ئەو دۆخە لەتەنیایی و یاخیبوونە هەستەکییەش بەوە کۆتایی نەهات کە بەردەوامی ژیانی ڕۆژانەی سەختتر دەکردم، بەڵکو لەهەموو ئەوانەش مەترسیدارتر، تێکەڵاو بوونی من بوو بەڕێکخستنی "کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان" و نواندنی چالاکی سیاسی و عەسکەریی لەو تەمەنە هەرزەییەدا. ئاکامی ئەمەش، دوای ماوەیەکی کەم، ئاشکرابوونی ئەو چالاکییە سیاسییەی من و هاتنە دوام بۆ قوتابخانەو ڕاوەدونانی لەلایەن دەستەو تاقمە ئەمنەکانی ڕژێم لێکەوتەوە. ئەمەش دواجار، وەك ئەزموونی منداڵیی، بەرەو ڕوی تاقیکردنەوەیەکی سەختی کردمەوە" یان دەبوو بەشێوەیەکی سەرکێشانە بەرەو چیاو بوون بەپێشمەرگە سەر هەڵگرم، یانیش خۆم ڕادەستی قەدەری ڕژێمی بەعس و لۆمەکانی ماڵەوە بکەمەوە. بەمجۆرە، وەك بەردەوامییەك لەسەنگەساری منداڵیم، ڕەمەکی و هەستەکییانە، بێ بوونی ئاگاییەکی ڕۆشنبیری و سیاسی، بێ ئەوەی وێنەیەکم لەئاکامەکانی ئەو سەر هەڵگرتنە هەبێ، ڕێگای یەکەمم هەڵبژارد.

لەدەستپێکدا ئەو تەرزە لاملییەی منداڵیی بەتێکەڵاوییەك لەچێژی ئازادیی، دور لەسنورو مەرجەکانی ماڵ و دەوروبەر، ئازارو خەم دەستی پێکرد: لەژیانی سادەی ناو گوندەوە بۆ ژیانی نادیاریی شار، ئازادبون لەکۆنترۆڵی ماڵ و ژینگەیەکی بەرتەنگ، بەرهەڵدانی هەست و خۆ دانە دەست سەرە سوڕەو ڕزگار بوون لەژیانێکی بندەستییەوە بۆ چەشنە ژیانێکی مەیلەو سەربەخۆو...تاد. هاوکاتیش ئەگەرچی لەمەرجی نەریت و سنورەکانی ماڵ و دەوروبەری ڕزگار بووم، بەڵام ئەو ژیانە سەربەخۆیەی ناو شار مەرجێکی دیکەی لەبەرانبەر ئازادی ژیانم قوتکردەوە ئەویش" مەرجی ئابوریی بوو. ئیتر ئازاری ژیان لەچوارچێوەی

لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زبێ بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

ماڵەوە بوو بەئازاری کۆی جڤاك. کەواتە ئەو لاملییەی گومان و دژایەتییەی منداڵی من بەرانبەر ماڵ گەیاندمی بەدوڕیانێك، کە هەم گەڕانەوە بۆ ماڵی منداڵیی مەحاڵ بوو هەمیش دڵنیایی لەڕێکردن بەرەو ماڵێکی سەربەخۆی داهاتوو.

بەمجۆرە بەدەم ئەو مڕکێش مڕکێشە ناوەکی و سەرمەستییە دەرەکییەی ئەو ژیانەوە ناڕەزایی و ململانێیەکان هەر لەئاستی ماڵ و ژینگەیەکی گوندیدا نەمایەوە، بەڵکوو بوو بەناڕەزایی و ململانێیەکی مەترسیدارتر لەگەڵ کۆی سیستمی سیاسی و جڤاکیدا. هاو کاتیش بەدەم ئەو دۆخەوە سروتی ژیان و شتەکانی گوند، **بۆن و ڕەنگی وەرزەکان، نوستن لەسەر بانی ماڵەوە، کشانی ئەستێرەکان، ڕۆچوون لەدرێژایی یاریگای کاکێشان، بۆنی خۆڵە پۆکی گەرمی هاوینان بەدەم میزکردنی ڕۆژانەی منداڵی بەسەریا، پەنگدانەوەی بۆنی دوای بارانی خاك لەپاییزان، شەپۆلی سەوزی کێڵگەی گەنم و جۆکان، خوێندنەوەی ئەو کتێبە پەڕ مەیلەو بۆرو ئەزبەرکردنی ئەو کۆپلە شیعرانەی کە مامۆستا عمر مەعروف بەرزنجی بەقەرز پێی دەداین، سەردولکە ناخ گیرەکانی دایکم کە نەمدەزانی ئەو پەرۆشی و وەڕسییانە بۆ کام یادگاری بوون و ئەو سۆزانە لەکام سەرچاوەوە هەڵدەقوڵان و بەرەو کوێش منیان هەڵدەگرت، جریوە جریوی بەیانیانی پەڕەسێلکە نێرەو مێکانی ناو هێلانەی بنمیچی ماڵەکەمان، غوبار، هوڕەبای هاوینان کە هەمیشە تووشی سەرئێشەو بورانەوەی دەکردم و...تاد بوون بەجیهانێك خەیاڵیی و وەڕەسییەکی ڕۆحی ڕۆژگارێك کە گەڕانەوەی مەحاڵ بوو.**

لێرەوە، بەواتایی سارتەری، چارەنووسی ئەو منداڵییەی من لەو جیهانە ڕاڕایەدا، وەك هەتیوێك، بۆئەوەی ببێتە ئەو خوود ئازادە، بێجگە لەتاقیکردنەوەو چێژوەرگرتن لەو بوونە سەهەندەییەو گەڕان و سەرکێشیانە، هیچ بوارێکی لەبەردەم نەمایەوە. کەواتە چێژی ئەو منداڵییەی من لەناو ئەو ژینگە سنوردارەو ڕۆژگارەدا، لەهەستکردن و ئاگاییەکی ناوەکی لەهەمبەر ئەو هەتیوییەدا بەرجەستە دەبێتەوە، کە ئەو خودئاگاییە لەو ڕۆژگارە و ژینگە

لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زێی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

بەرتەنگەدا، دیاردەیەکی دەگمەن بوو. لێ زیانەکانی ئەو لێخشانانەی منداڵی و هەرزەیی، یان خودئاگاییەی منداڵی ئەوەیە، کە ئەمڕۆ من دوای ٢٧ ساڵ زیاتر بەسەربردنی کۆی ژیانی لاوییەتی بەپێشمەرگایەتی و تەمەنی هەراشی بەژیانی تاراوگەیی، لەماڵ و کۆی کوردستاندا نامۆم" لەماڵ و دەوروبەری ڕۆشنبیری و سیاسی کوردستاندا هەر وەك کەسێکی تر بم، تارماییەکی پێناسە نەکراو بم.

**ئەرسەلان مەحمود: تارماییەکی پێناسە نەکراو، خۆویناکردنێکی سەرنجڕاکێش بوو! دەی ئەگەرچی سەبارەت بەخوێندن و پێکەوەنانی ژیانی هاوسەرێتیتان، چییەکتان بۆ باس نەکردم، سەرەڕای ئەوەش پێم وایە ئێوە زۆرتر ئاوێتەیەك بن لەخەیاڵات و ئەزموون نەك تارماییەکی پێناسە نەکراو، ئایا بیرو ڕایەکی جیاوازتان هەیە؟**

**هەندرێن:** ئەوە بەسەرچوو کە ئێمە بەدوای لێکجیاکردنەوە یان ئاوێتەکردنی خەیاڵ و تارمایی خۆمانەوە بین. تارمایی خۆی سێبەری خەیاڵە، هەروەك ئەزموونەکانی من لەچرِی یان پەرتەوازەیی خەیاڵەکانن. بێئۆقرەیی منداڵی من، هەروەك بوون بەمنداڵێکی بێئۆقرە، لەجێنشینبوونی خەیاڵەوەیە. لەوێدا ئەو منە هەمیشە لەگەڵ تارماییەکانی خەیاڵەکانی خۆیدا لەگفتوگۆیەکی بێکۆتایی، تۆران و ئاشتبوونەوەیەکی نیگەران دایە.

دەمویست بڵێم، خەیاڵ ڕوی دەرەوە" دەرکەوتنی یەکەم دیمانەی تارماییە. وەلێ گرینگی ئەو "ئەزموون و خەیاڵەی من" لەوەدایە، کە ئەو ئاوێنەیە بێت هەمیشە ڕەسەنایەتی یان شوێن پێیەکانی خۆی ئاوێنە بکاتەوە. لێرەوە من پێم خۆشە هەرگیز لەپێناسەیەکدا بەرجەستە نەکرێمەوە. چونکە **مرۆڤ کە پێناسەکرا، نەبەخۆی مەیلی گەڕان بەدوای پەنامەکی پرسیارەکانی تێدا دەمێنێ و نەبۆ ئەوانیتریش وەك بوونەوەرێکی نادیارو دڵ بزوێن دەمێنێتەوە.**

لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زێی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

بەمجۆرە حەزی من هەمیشە بەڕێوەبوونە" بەرەو ئەو کەسەی دیکە، خودە ڕەسەنەکەی خۆم سەفەر بکەم. جێنشینبوون لەخەیاڵ، ئەو جووڵەیە کە بوون بەباو، یان بودا واتەنی: لەباخچەی ماڵەکەمدا چوارچەمکی ڕونیشم" واتا مەرگ ڕەتبکەمەوە، بۆئەوەی شوێنپێی ئەزموونەکانی ژیان و ڕامانەکانم، بوونم شەبەنگی بنوێنن.

لێ ئەگەر تۆ، بەلای کەمییەوە، بەتیلەی چاوێکتەوە شیعرەکانی منت خوێندبێتەوە، دەتوانی شەبەنگی ئەو "خەیاڵات و ئەزموونانە"ی ژیانم بەدی بکەیت. دەبا وەك هانایەك پەنا بۆ ئەو ڕامانە شیعرییانە بەرین، کە لەوێدا وردتر شەبەنگگەلی ئەو "خەیاڵات و ئەزموونانە" خۆیان نمایش دەکەن:

**"باڵێك لەڕۆح و**

**جەستەشم ڕووناکی هەنار.**

**من چیتر بەڕاڤەی سەرهاتی هەبوونێك سەرقاڵ نیم**

**ماڵەکەم دەنگێکە،**

**لەسرودی باڵندەو زایاڵەی ئەزموونێك."**

(باڵەفڕەی پەیڤەکان بەدەم ڕوتبوونەوەی هەنارەوە)

بۆئەوەی ئەو "خەیاڵات و ئەزموونە" منداڵییە ببنە شەبەنگێك لەئەزموونی پیرییەتیدا، پێویستە بەرەو زمان بگەڕێینەوە، کە جەستەی شیعرە:

**"منداڵێك لەجیاتی گوڵ ئەستێرەیەك،**

**شەوبۆیەك بۆ هەتاو درێژ دەکا.**

**بەناو بارانی یادەوەرییەوە هاتی،**

لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زێی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

## تۆ ئەی بەرەبەیانی پیریی"

(باڵەفڕەی پەیڤەکان بەدەم ڕوتبوونەوەی هەنارەوە)

تۆ دەزانی لەجڤاکێکی وەك کورددا، ئەگەر تۆ لەبارتدابێت ببیتە ئەو "کاغەزە سپی "یە، مەیسەرکردنی پێناسەکەت کارێکی سەخت نییە. چونکە ئەوە خۆت نیت ئەو پێناسەیە دیاریکراوە دەستەبەر دەکەیتەوە، بەڵکوو ئەوە بنەماڵەو مەرجە ڕەمەکییەکانی جڤاك، نەریتە باوەکانی جڤاکە کە ئەو پێناسەیە بەتۆ دەبەخشن. ئەمڕۆش ئەو پێناسەیە باوە لەچەند شتی مایەکییدا بەرجەستە دەبنەوە: **بوون بەکەسێکی تەڵەکە باز، وابەستەبوون بەحیزبێك، خاوەن ترۆمبێلێك، خانوویەکی کەمێك گران، ژن هێنان. ئەگەر نوسەر یان شاعیرێك بوویت ئەوەی دەتوانی بەنوسینی چەند شیعرێکی "ئاشقانە"و بەکارهێنانی زمان و شێوازێکی ئاسۆیی، جار جارەش ڕەخنە لەگەندەڵی و هاوکاتیش پەسندانی سەرۆکێك و....تاد، ناسنامەکەت ناسراوبێت و ببیە کەسێکی بەختەوەر.**

من **لەوەتەی هەم بەدژی ئەو ڕەوتەوە ڕۆیشتووم، بۆیە من هەر لەو تەمەنە سەرەتایی و ساوایەی منداڵییەوە هەمیشە خوێندکارێکی لامل بووم، گرینگیم بەئەرکی مەکتەب نەداوە و لەخۆشمەوە ئەو خوێندکارە گوێڕایەڵ و مۆدەخوازە نەبوومە.**

لەدەستپێکی گفتوگۆکەمانەوە هەوڵمدا، وەك خۆی و زۆریش ساکارانە، تیرێژێك لەو ئەزموونی منداڵیی و هەرزەیی خۆم بچنمەوە، لێ وێدەچێ نەمتوانیبێت لەمدیو ئەو بوونە نمایشکراوەی خۆمدا کۆی وردەکارییەکان یان ژیانەکانی ئەو قۆناغانە ڕۆشنبکەمەوە، لەوەدا ویستم بێژم، من تایبەتمەندیی ئەو کەسایەتییەی خۆم لەپرینسیپێك دەبینی کە هەموو ژیانی دەگرتەوە، واتا لای من، هەڵوێست وەرگرتن هەر تەنیا لەبوارێکدا نەبووە، بەڵکوو لەکۆی نەریتە جێگیرەکاندا بووە. لەوێدا ئەو شێوە ژن هێنانە بۆ من زیندان یان نەریتێکی پووچ بوو، هەروەك ئێستاش لام پووچە. چونکە ئەو نەریتێکی جڤاکیی و ئایینی

لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زێی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

باوەو مرۆڤ خۆی دەکاتە دیلێکی ئەو سنوورانەوە. لەوێدا ئەڤینداریی دەبێتە سەرەتایەك بۆ کۆتکردنی مەیلەکانی مرۆڤ. بەکورتی ئەو ژنهێنانە بەشێکی بنەڕەتییە لەوەی کە تۆ خۆت بدەیتە دەست ئەو نەریتە بۆماوانەی کە وەك ئەو کاغەزە سپی یە، ئەو خودەی تۆ پڕ بکرێتەوە. من ئەوکاتیش، نەك ئێستا بەهۆی ئەوە نییە کە لەسویددا دەژیم، گاڵتەم بەو شێوە ژنهێنانە نەریتییەوە دەهات و دێت. بۆیە مەحاڵ بوو ژن بەوجۆرە بێنم کە باو بوو ئێستاش هەر وا باوە، من **حەزم دەکر ئەڤینداری کیژێك بم دانسقە بێت، ئازاد بێت، بڕوای بەژن و مێردایەتییەکی نەریتیی نەبێت، شۆڕشگێڕ، دژی بەعس بێـت، بەکورتی بە مانای روحی ئەوکاتەم یاخی بێـت. بەڵام ئەو ژیانە ئیدیالییەو کیژە یاخییە کوردەشم ئێستاش نەبینیوەتەوە.**

بەڵێ، پێشتر وتم، لەتەمەنی پانزە شانزە ساڵیدا لەماڵەوە سەرمهەڵگرت، ماوەی ساڵێك لەکۆنە خانوویەك ژیام کە وێدەچێ تەمەنی بەقەد قەڵای هەولێر بێت. ئەو تەلارە هۆتێلێك بوو کە ئەوکات ناوی هۆتێل خانزاد بوو. ئەو هۆتێلە دەکەوێتە سەر چایخانەی مەچکۆ. من لەو ژورە دەژیام کە دەکەوێتە سەرەتای ئەو پەییژانەی کە بەرەو پەیکەرە داماوەکەی ئێستا ئیبن مستەوفی دەچێت. ژیان لەو هۆتێلە زەنگینترین و سەرمەسترین ئەزموونی لاویەتی من بوو. **ئەوکات هۆتێل خانزاد لانەی مرۆڤە لانەوازەکان، شێتە جوانەکانی هەولێر، ئەو خەڵکە گوندییانەی بۆ سەردان یان شت فرۆشتن دەهاتنە هەولێر کە زۆربەیان هی لای خۆشناوەتی بوون، کوڕباز و ژنی لاونەوازە و هەموو مرۆڤە سەیرەکانی کوردستان و بگرە عێراق و میسریش بوو.**

ڕوداوە سەیرەکانی شەوانەی ئەو هۆتێلە بۆ من دڵفڕێن بوون، شەوانە درەنگ **هەمیشە** ئەو شێتە گەنج و جەستە ساغ و سەر سفرە، چووچە، کە یەکێك لەشێتە سەیرەکانی هەولێر بوو، دەهات لەو هۆتێلە بخەوێ. کاتێك ئەو پیاوەی کە لەپرسگەی ئەو هۆتێلە کاری دەکرد، ڕێگای بەچووچە شێت نەدەدا، چووچەش دەیکردە ڕۆژی عەشر، **هاواری** دەکرد


لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زێی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

و شەڕە قۆچانێی لەگەڵ دیوار دەکرد تا دەرگای لێ نەکراباوە وازی نەدهێنا. ئای کە زۆر گوناح بوو. ئەو کابرایە لیقینەی کە خۆی هۆمۆسێکسوال بوو، هێندە بێرەحم بوو، تا چووچە سەری خوێنی لێنەچۆڕاباوە، نەیدەهێشت بێتە ژوورەوە. کاتێك چووچە دەهاتە ناو هۆتێلەکە، من دەمهێنا بۆ ژورەکەی خۆمان، کە وابزانم لەو ژورە بچووکەدا سێ چوار کەس بووین دەژیاین. ئیتر چووچە دەستی دەکرد بەقسە سەیرەکانی خۆی. **یەکێك لەو سەربردانەی کە چووچە بۆی دەگێڕاینەوە، گانکردن بوو لەگەڵ ژنە هەولێرییەکان. چووچە چونکە لەشێکی تۆکمەو جوانی هەبوو، دیار بوو ئەو لەشە رێك و سەرە سفرەکەی بۆ ژنانی ئەوکات زۆر سێکسی بوو. چووچە رۆژانە بەناو کۆڵانی گەڕەکانی "تەعجیل"و "عەرەبان"و ناو قەڵات"و ئەو دەوروبەرەدا دەسوڕایەوە، جا کە چووچە بەتایبەتی نیوەڕۆیان، بەو کۆڵانانە تێدەپەڕی وەك خۆی باسیدەکرد، ئەو ژنە دەوڵەمەندانەی مێردەکانیان لەماڵ نەدەبوون، دەیانبردە ژورەوەو سواری خۆیان دەکرد. دیارە ئەو توێژە دەوڵەمەندو تورکمانانەی ناو هەولێر هەمیشە داخراون، بۆیە ژنەکانیان بواریان نەبوو وەك ژنی گەڕەکە هەژارەکانی تر بێنە ناو شارو چاوبازیی خۆیان بکەن.**

هەروەك لەو هۆتێلەدا پیاوێکی جوامێرم ناسی، ناوی عەبدولڕەحمان بوو، بۆ ئەوکات سەرەنجکێشترین مرۆڤی کورد بوو کە ناسیبێتم. ئەو پیاوە بەهۆی بێکەسییەوە ٢٠ ساڵ زیارت بوو لەژورێکی ١٠ یان ١٥ مەتری تاریکدا دەژیا. عەبدولڕەحمان ڕۆژانە بەقسەی خۆی، تەنیا دوو سەعات لەنزیك پارێزگای هەولێر لەژێر قەڵاتێ کاری وێنەگرتنی شەمسی دەکرد. نزیك نیوەڕیان بەخۆی بوتێلێك ئارەقەوە دەهاتەوەو کەمێك دەخەوت و پاشان تا ئێوارە دەیخواردەوە. دوای ئەوە دەچوو بۆ نادی مامۆستایان و لەوێ دەیخواردەوەو شەو بەخۆی و بوتێلێکی تر لەعارەق دەهاتەوە. ئەو کابرایە ئەوکات بۆمن زۆر سەرەنجڕاکێش بوو، چونکە دوای ئەوەندە خواردنەوە نەك هەر وەك سەرخۆشان تێکنەدچوو، بەڵکوو دەبوو بەجوانترین قسەکەرو پیاوێکی هێمن. شەوانە دەچووم لەگەڵی دادەنیشتم و ئەویش باسی

لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زێی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

ژیانی خۆی بۆ دەگێڕامەوە. ژیانی سەیرو بێکەسی ئەو بۆ من لەرۆمانێکی سەیر دەچوو. بەکورتی یەکجار لەشەوێکی بەهاردا لای ئەو پیاوە ئارەقم خواردەوە. دوای خواردنەوە لەحەوشەی هۆتێلەکە وەك بالکۆنێکی گەورە وابوو، خەوتم، تەواوی شەو گێژ بووم. بەیانی کە هەستامەوە، لەسەر قەلەوێرەکەم کەوتبوومە سەر زەوی. بەهەمە حاڵ، چنینەوەی ئەزموونی ئەو چیرۆکانەو کاریگەرییەکانیان لەسەر من، لێرەدا باسناکرێن.

پێش ئەو ساڵەی کە هاتمە ئەو "هۆتێل خانزادە" لەدیبگە پۆلی چوارەمی ئەدەبی بووم. بەڵام کۆتیایی ئەو ساڵە بەهۆی فشاری ماڵەوەو بێپارەیی چووم بۆ "ئامادەیی برینپێچی" کە لەهەولێر تازە دەستپێکردبوو. گوایە دوای تەواوکردنی سێ ساڵ، دەمتوانی یەکسەر کار بکەم. من زۆر رقم لەو خوێندنە دەبۆوە. چونکە حەزم دەکرد بەشی ئەدەبی بخوێنم و دوای بچم لەزانستگای ئەدەب یان بابەتێك بەدڵی خۆم بخوێنم.

هەرچۆنێك بێت، لەو ماوەیەی کە لەو هۆتێلەدا دەژیام، بێپارە بووم، بۆیە ماوەی ساڵێك بەیانیان نابەدڵ بێنان خواردن دەچوومە مەکتەب و ئێوارن یان دوای مەکتەب گەزێکم دەخوارد. ئەوکات رۆستەم حەمەدەمین، کە برادەرێکی دڵسۆزی هاوپۆلم بوو، کە دوایش بووین بەهاوخەبات و پێکەوەش چووینە شاخ، زۆر جار یارمەتی ئابوری دەدام.

پاشان ئەو ساڵە لەپشووی هاویندا چوومەوە بۆ بەغداو لەوێ کارم کرد، بەمجۆرە بووم بەخاوەن کەمێك پارە. پاییزەکەی کە هاتمەوە، ماڵی خوشکێکم خانوویەکیان لەگەڕەکی "کوران" کڕیبوو، دیارە بەهۆی نەفرۆشتنی خانووە کۆنەکەیان، ئەو خاونوویەیان بۆ من ئاوەڵاکرد لێی بژیم. هۆکاری ئەم هاوکاریکردنە دیارە بەلای ئەوانەوە پتر ئەوەبوو گوایە من لەو بەرەڵاییە رزگار دەکەن.

ئەوکات ئاسایی نەبوو لەو گەڕەکەدا کورێکی لاوی وەك من بەتەنیا بژیت. لەوێدا ماڵێك بەرانبەر ماڵەکەی من بوو، ئەو ماڵە کیژێکی ژیکەڵەی هەرزەکاریان هەبوو، ئاشقم بوو. ئەو

لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زێی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

کیژە ڕۆژانە دەهات لەسەربانیماڵەکەیانەوە کە دەیڕوانییە ناو حەوشەی ماڵەکەی من ستارەی دەگرت. ڕاستیەکەی ئەو کیژە زۆر سەرکیش بوو، چەندین جار بەشەو ڕۆژ لەدەرگاکەی دەدام و دەهاتە لام. جا خۆشی لەوەدا بوو. ئەو **کچە حەزی لەدەستبازی دەکرد، کەچی من باسی کتێب و شۆڕشم بۆ دەکرد.** ئەویش دەیگوت تۆ چیت پێخۆشە من وا دەکەم. جا من بۆ ئەوەی لێم دورکەوێتەوە، دەمگوت ئەگەر بچمە شاخ لەگەڵم دێیت؟ ئەویش دەیگوت: کوو دەبی تۆ بەتەنیا بڕۆی، کێت حەز لێیە دێم لەگەڵتدا. بەڵێ لەو قۆناغەدا لەگەڵ چەندان کیژو ژن ئەڤینداریم کردووە، بەڵام من لەناخەوە مەیلێکم بۆ ژنهێنان نەبوو.

هاوکاتیش هەر لەو هۆتێلەو ئەو خانووەی کە تەنیا تێیدا دەژیام، کەوتمە ناو سیاسەت و خەباتی نهێنییەوە. لەوێدا نەخشەی ئەوەمان هەبوو کیژی دەوڵەمەندترین پیاوی هەولێر، بفڕێنین و لەماڵە تەنیاکەی مندا دیلی بکەین. تاکوو پارەیەکی زۆر لەباوکی وەربگرین و بینێرین بۆ "کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان" کە ئەوکات وا فێرکرابووین، کۆمەڵە لە"یەکێتیی نیشتمانی کوردستان" جیاوازەو بەشێك لەگفتوگۆکانمان ڕەتکردنەوەی "مام جەلال"و جەلالی بوو! بەهەمەحاڵ، من کە لە١٩٨١دا پەیوەندییم لەگەڵ "کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان" لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە ئاشکرا بوو، لەخوێندکاری پۆلی پێنجەمی "ئامادەیی برینپێچی هەولێر" بووم.

بۆ مەسەلەی ژنهێنان، کە سۆراغی دەکەی، گوتم کە من ئەو ڕۆژگارە، هەروەك ئێستاش، ڕوانینێکی زۆر ئایدیالانە یان رادیکالآنەم هەبوو بۆ ژیان بەگشتی و بەتایبەتیش پەیوەندی خۆشەویستی. بۆیە ئێستاش لەو چوارچێوەدا من ژنم نەهێناوە. بەڵام هەم لەشاخ ئاشق بوومەو هەمیش لەوەتەی لەسوید دەژیم، بەشێوازێکی ئاوەڵا، هاوڕێیانە، لەگەڵ چەندان ژن ژیاوم و ئێستاش ئازادانە لەگەڵ ژنێکی سویدی دەژیم، کە لەخوێندنی فەلسەفەدا هاوپۆڵم بوو.

کەواتە من لەکۆی ئەو "خەیاڵات و ئەزموون"نانەوە، لەئاوێتەبوونێکی نێوان "خەیاڵ" و "تارماییەکی سەبەخۆ"دا، شەبەنگێکی بزواوم. بەڵام من **بەپێچەوانەی نەریتی مێگەلی نووسەرایی کورد، ئەوکاتە بونم دەناسرێتەوە شەو چاوی لێکنا" کە بێدەنگی دەستپێکرد، لێرەوە هەر لەمنداڵییەوە وەك چۆن دژی هەموو هەراركیی، دەمڕاستیی دەسەڵاتدارەکانم، بەهەمان شێوەش مەیلێکم بۆ دەمڕاستیکردنی نییە. بۆیە لەوێ، ئەو شەبەنگەی من، نامۆیە.**

لێرەدا، ئەگەر نەمتوانبێت بەرسڤێکی ئەو "خەیاڵات و ئەزموونە" پەرتەوازە چڕ بکەینەوە، دەکرێ دوای ئەم گفتوگۆ کراوەیەمان، بەنیگایەك لەو کۆپلانەوە، بەدیمانە شەبەنگێك لەو "خەیاڵات و ئەزموونانە"وە سێبوری خۆمان بدەینەوە:

**"لەگەڕانتدایە مانایەك**

**لەمانا و لەیادتدایە کۆچەکەت.**

**باڵێك لەرابردوو**

**ڕۆچونێك لەدڵی داهاتوو:**

**جووتە باڵێکە هەبوونی پەیڤی من، ئاسۆکەم.**

*******

**ئازارێك لەچریکەی جەستەوە**

**نمایشێك لەیادی شەڕەکان،**

**لێرەوە بۆ ئەوێ،**

**لەخودا رادەبی:**

لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زێی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

**نەلێرەو نەلەوێی.**

**لەنێوان دوو ماوە" دوو وڵاتی نامۆدا.**

**خەونێکە پەرت و بڵاو دەجمێ، دەپەیڤێ:**

**ئەم منە!**

(هەروا باڵە درەوشاوەکان)

**ئەرسەلان مەحمود: ئەگەر باش لێتان تێگەیشتبم، هەندرێن لەمنداڵییەوە پێی وابووە مرۆڤ پشتی بەئاین و ئایدۆلۆژیەکان بەستووە تاژیان و چارەنووسی دیاری بکەن، پێتان وایە ئەمە بەختەوەر ژیاوی کردبێ؟ باشە مرۆ دەبێ چ ئاڕاستەیەك وەربگرێ؟**

**هەندرێن:** ڕاستییەکەی مەبەستی من نە ئەوەیەو نە ئەمەی تریش. ئەوەندەی من هەوڵمدا ئاراستەی ئەم گفتوگۆیەمان دیارییبکات، کێشەی ئایین وەك خۆی یان تەرزە ئیدیۆلۆژییەك نەبووە، بەڵکوو پرسی ئێمە لەسەر منداڵییەکی لامل یان نەسازاو لەگەڵ ئەو نۆرم سیستمی نەریت و سنورە دیاریکراوانەیە کە کۆمەڵ بەپاڵپشتی ئایین یان جۆرە ئایدیۆلۆژییەکی رەها و باڵادەست بەسەر ژیاندا لەشێوەی نەریت و نۆرمە جڤاکییەکاندا دایدەڕێژێت، ئەمەش دەبێتە جیهان بینییەکی باو، دواجاریش دەبێت بەپێوانەیەك بۆ سەرکەوتن و بەختەوەریی یان نووشیستییەکانی مرۆڤ.

دیارە لەهەموو کۆمەڵگایەکدا، ئەگەر مرۆڤەکان لایەنگیر یان هاوڕایی ئەو بڕوا ئایینی و ئیدیۆلۆژیانە بن کە جڵەوی جڤاك ئاراستە دەکەن و پێناسە باش و خراپەکان دەکەن، ئەوکاتە ئەو مرۆڤانە لەڕوانگەی بەهاو پێوانەکانی ئەو ئایین و ئایدیۆلۆژییەوە بەختەوەرو سەرکەوتوو دەژمێردرێن، ئەڵبەتە لەکۆمەڵگای کوردییدا نەریتە کۆنەکان، دەسەڵاتی خێڵ،

ئایدیۆلۆژی حزبەکان پشت بەبەها، رەوشت و روانگە ئایینیەکان دەبەستن. هەر بۆیە **تا ئێستاش ئایین "ئەفیۆن"ی کۆمەڵگای کوردییە.**

**دەسەڵاتدارە تەڵەکەبازەکانی رۆژهەڵات بەگشتیی و بەتایبەتیش دەسەڵاتدارە ئایینی، خێڵەکی، سێکۆلارەکان بەچەپ و راستەکانیانەوە بەردەوامییەکن لەئاکارو پێکهاتەی دەم ڕاستەکانی ئیسلامی سیاسی.**

هەموو ئەو ئایدیۆلۆژییانە دەست لەناو دەست لەگەڵ بەها پێوانە سیاسی و ئەخلاقییەکانی ئایین سورن لەسەر مانەوەی ئەبەدی خۆیان، تاکوو بەردەوام تواناو روح و بەهرە جیاوازە تاکە کەسەکانی ناو کۆمەڵگە تێکبشکێنن. لێرەوە پرسی ئەو تاکە کەسانە دێتە ئاراوە کە پێچەوانەی ئەو پێوانەیە کە دەسەڵاتێکی بەروکەش سێکولارو بەروح و ئاوەز هاوپەیمان لەگەڵ هێزە ئایینیەکان بۆ پرسی بەختەوەریی سەپاندوویانە.

بەڵێ **ئەوکات و ئێستاش ئەوەی کۆمەڵگەی کوردستان و پێناسەکانی ژیان دیاری دەکات، هێزە کۆنخوازەکانی ناو جڤاکی کوردیین.** ئەوکات ئەو هێزگەلە کۆنخوازە کوردییە، کە پێکهاتەیەکن لەدەمڕاستە ئیسلامییەکان، خێڵەکی و بەناو نووسەرو سیاسییە تەڵەکە بازەکانی دیکەی جڤاکی کوردی. ئەو هێزەش ئەوکات و ئێستاش دژی هەموو تاکە کەس و ڕەوتێکی نوێخوازی کورد بوونە. بۆیە هەمیشە هەوڵیانداوە بەڕێگای بەها ئایینییەکان و وروژاندنی نەریتە قەتیسماوەکان، کە لەناخی جڤاکی ئێمەدا کاران، ئەو تاکە کەس و ڕەوتە نوێخوازانە تێکبشکێنن. بەمجۆرە ئەو هێزە کۆنخوازە خۆراکی بەهێزی خۆی لەو پێکهاتەی فراوانەی ناو جڤاکی ئێمەوە وەردەگرێت، بۆیە توانییەتی ئەو تاکە کەس و ڕەوتە نویخوازەی هەمیشە تووشی شکست بکات.

لێرەوە من **یەکێکم لەو تاکە کەسانەی کە بەختەوەریی ژیان لەئازادیی و ئاوەڵاییی، بڕوا بوون بەویست، ئاوەزو توانا جیاوازەکانی مرۆڤەوە سەیر کردوە نەك دەرەوەی مرۆڤ یان پەیوەندییەکی داڕێژراوی نەگۆڕ.**

کەواتە یەکێك لەسەرچاوە سەرەکییەکانی نامۆ بوونی مرۆڤ یان یاخی بوونی تاکە کەسگەڵ لەجڤاکی ئێمەدا، پەیوەندی بەو جیهانبینییە ئایینی و نەریتخوازە قەتیسماوە هەیە کە بوار بۆ خۆی نەبێ بۆ کەسی تر ئاوەڵا ناکاتەوە کە چێژ لەو بەختەوەرییە وەربگرێ کە خۆی بڕوای پێیەتی. بەمجۆرە ئاراستەی من هەر لەمنداڵییەوە، وەك بەرتەکێکی هەستەکی یان خودایی، لەو تێگەیشتنەوە دەستیپێکردوە.

**لەیادمان نەچێ، مرۆڤ کە دەبێ بێبەرییە لەسنورو چوارچێوەکانی ژیان، لێ دواجار ئەوە مرۆڤە دەسەڵاتدارەکانی جڤاکن بەرێگای ئایین و نەریتەکانەوە لەقاڵبی دەدەن. بەڵام مەرجیش نیە هەندێ مرۆڤ هەر لەمنداڵییەوە لەو قاڵبە داڕێژراوانەدا بتواندرێ سندم بکرێن.**
بەو شێوەیە لەنێوان ئەو تاکە کەسە نەگونجاو یان ناڕازی و دەسەڵاتدارانەی جڤاکەوە، ملمڵانێ دەست پێدەکات. کەواتە ڕەنگە بەشێك لەو هۆیانە بێت کە من ئاراستەیەکی ترم بەدژی ئەو ئاڕاستە باوەی هاوپۆل و خەڵکە وابەستەکانی ئەو ژیانە سنوردرارو سەپێنراوە گرتبێتەبەر.

لەم روانگەیەوە، ئەو نۆرمە نەریتیی و ئایینیانەی کە لەتەمەنی منداڵییمندا باو بوون، ئێستاش هەروان، ئێستاش لەکوردستان ئەو نۆرمە نەریتیی و ئایینیانە بەشێوەیەکی ئالۆزترو تەڵەکەبازانە تر باڵا دەستن. لێرەوە ئەوکات و ئێستاش، **ئازادی و بەختەوەری یان سەروەری بەرهەمداری مرۆڤی کورد لەوەدا دەبینم وەرچەخانێك لەبەرهەمهێنانەوەی هەمیشەی ئەو دەسەڵاتە ئەخلاقییە ئایینیی و سیاسەتە تەڵەکە بازییەی دەم ڕاستە سیاسیی و ڕۆشنبیرییەکاندا دروست بکات.**

لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زنێ بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

وەلێ بەدەر لەو پەرۆشخۆرییەم بۆ کۆی مرۆڤی کورد، من هەست دەکەم هەمیشە بەرەو ئەو ئاقارەم کە لەچێژی نامۆییەکی هەڵبژێردراو بترازێ چاوەڕوانی ئامانجێکی تر نیم، ئەمەش بۆ خۆی ڕەوتێکە لەپرینسیپی تاکە کەسی، لێ ئەم رەوتەش، بەلای کەمییەوە، بەهایەکی واننانسی بەرهەم دهێنێ. ئەوەش ئەگەر تەمەن و مەرجە قورسەکانی ژیان نەم گلێنن، بەختەوەرییە.

**ئەرسەلان مەحمود: بەم گوزارشتکردنە بێت خۆرهەڵاتیەکان بەگشتی و لەو نێوەشدا ئێمەی کورد بەتایبەتی تەژی کراوین لەوێنەو بیروبارەوەڕو بۆچوونگەلێك کۆمەڵگەو ئاین و ئەوانی تر بەسەریاندا سەپاندوین، پێتان وانیە بشێ و بکارێ ئێمەش ببینە خاوەن مەزندەیەکی سەربەخۆی خۆمان هەروەك مەزندەی منداڵێکی تازە لەدایکبوو؟**

**هەندرێن:** دەکرێ لەگۆشەنیگای بەراییەوە هەموومان لەسەر ئەوە کۆك بین کە ئێمەی کوردیش وەك بەشێك لەجڤاکە خۆرهەڵاتنشینەکان لەناو چوارچێوەی نەریتی کۆنینە، جیهانبینییە قەتیسماوو بەپیرۆزکراوەکان و بیرۆکەی روکەشی دەرەکییەوە گیرمان خواردوە، بەلأم من لەکۆپلەی کۆتایی پرسیارەکەت: واتا "بشێ و بکارێ ئێمەش ببینە خاوەن مەزندەیەکی سەربەخۆی خۆمان هەروەك مەزندەی منداڵێکی تازە لەدایکبوو" تێناگەم؟ ئایا مەبەستت لەو "ئێمەیەش" تاکە کەسەکانی کوردە یان خودی جڤاکی کورد.

**ئەرسەلان مەحمود: وتم ئێمەی کورد، مەبەستەکە پتر خودی جڤاکە کوردییەکە بوو.**

**هەندرێن:** لەبنەمادا کێشەی خۆرهەڵاتنشینەکان ئەوە نییە کە بەروانگەگەلی ئەوانی ترو شرۆڤە نائاوەزییەکانی ئایینەوە گۆشکراوە، بەڵکوو کێشەکە لەوەدایە، ئیمەی رۆژهەلاتی ویستی ئەو جۆرە بیرکردنەوەمان تێدا نییە کە ئەو روانگەو تێڕوانیینە ئایینییانە بکەین بەبنەمایەك بۆ رزگار بوون لەو شەڕە بەردەوام و توندو تیژیانەی کە ژیانمانی وێرانکردوە، دیارە هەموو جڤاکەکان بەجۆرێك لەجۆرەکان، بەوەرگرتن و کاریگەریی روانگەکانی ئەوانی

لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زبێ بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

تر گەشەیان سەندوە، لێ **کێشەی رۆژهەلات ئەوەیە نەدەتوانێ لەروانگە خۆماڵییەکانی خۆیەوە ناسنامەیەکی لایەق بەخۆی بسازێنێ و پێکڤە بەکۆویستێکی هاوبەش لەژیانێکی رازاودا بژیت و نەدەشتوانێ دەستبەرداری ئەو وابەستەبوونە بەروانگەو بۆ چوونەکانی ئەوانی تریش بێت.**

لێرەوە قەدەری، هێمنی شاعیر وتەنی، ئێمە "بەدەستی دیلەوە دیلە" کوردو کوشتەی روانگەو شێوەی دەسەڵاتی ئایینێکە جڤاکگەلێکی وەك عەرەب، فارس و تورکە کە خۆیان پاشکۆی ئەو روانگە لەقوتووکراوانەی ئەوی ترن، هەروەك سەر بەشێوە جیهانییەکی وشکەڕۆی ئایینێکی وەك ئیسلامە، کە خۆی هیچ رۆلێکی لەشرۆڤەکردن و پیادەکردنی رەهەندە گونجاوەکانی ئەو ئایینەدا نییە.

بۆیە "مەزندەکانی ئیمەش" بەهەردو بارەکەدا، واتە هەم لەسەر ئاستە تاکە کەسییەکەو هەم لەڕوی جڤاکیشەوە هەر لەگەڵ لەدایك بوون و گاگۆڵکێ کردن تا بەکۆمەلایەتیبوونمان دەگات بەم ڕوانگەو پەیامگەلە ئایینییە لەقاڵبدراوانە دەم کوت دەکرێن. هەڵبەتە لەدەست پێکەوە ئەم ڕوانگەو پەیامە ئایینییانەی ئەوی تر بەشێوەیەکی ڕەمەکییانە، خێزان و دەوروبەرمان بەشێوەیەکی دەڤۆکی و مامەڵەکردن و پەیوەندییەکانیانەوە بەو ڕوانگەو پەیامە بەستەڵەکیانەی ئایین فرچکمان دەدەن و دواجاریش بەرێگای قوتابخانە، نەریتی دەمکوتکردن و شێوازی وانە وتنەوەی مامۆستاو سنورەکانی کۆڵان و ژینگەییەوە ئەم مەزندە خۆیەکییانەی خۆمان لێ دەسەندرێتەوە.

لەم ڕوانگەیەوە، راستە هەر وەك پێشتریش گوتمان، سەرەتا ئێمەی زارۆك جیهانێکی ئاوەڵاین، هەندێکمان هەر زوو خاوەن خەیاڵ و بنەمای کەسایەتی و سەربەخۆی خۆمانین، ئەو روانگەو نەریتە باوانەی ئایین و جڤاکەکەمان ناتوانن کەوییمان بکەن، بەلاّم لەدواجاردا

لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زنێی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

زۆرینەمان شێوەی ئەو کەسایەتییانەمان لێ دروست دەبێ کە لەماڵ، قوتابخانەو ژینگە گشتییەکەماندا باڵادەستن.

لێرەوە، وەك مەرجێکی سروشتی، بەشێك لەئێمە هەر لەمنداڵییەوە دەبینە خاوەن مەزندەیەك کە دژی ئەو وێنە لەژیان بوەستیینەوە. هەڵبەت ئاشکرایە ئەو تەرزە منداڵە خاوەن مەزندەو مەیلە ڕەمەکییە لەئازادییە هەر زوو بەهۆی ئەو ڕەوتارە توندو تیژو زاڵمانەی خێزان و خوێندنگاو دەسەڵاتی سیاسییەوە، تووشی پرۆسەیەك لەژیانی خوێن تاڵکردن و چەوساندنەوە دەبێتەوە.

بۆیە، رەنگە، یەکێك لەو پەروەردە ڕەهایەی جڤاکی ئێمە بێت، کە هەمیشە نەوە دوای نەوە هەمان وێنە لەمرۆڤە وابەستەو نەریتخوازو بەرهەم دەهێنێتەوە، بەمجۆرە منداڵێکی لەو چەشنە یاخییە لەجڤاکی وابەستە بەڕوانگەگەلی وابەستەو جیهانبینی ئایین وشکەڕۆ، پرۆسەیەك لەشەڕێکی هەمیشە کۆتایی نەهاتوو. کەواتە ئەگەر ئێمە لەبنەڕەتدا خاوەن مەزندەی سەربەخۆی خۆشمان بین، بەڵام دواجار سەبەخۆیی ئەو مەزندەیە لەئاستێکی ناوەکی نەبێت، هیچ بوارێکی دەرەکیمان بۆ ئەو سەربەخۆییە پێنابەخشێت، لەو ڕەوشەوە ئیمە هەر لەمنداڵییەوە ناچار دەبین خەون بەژیانێکی خەیاڵی یان ژیانێکی دور لەژینگە کەمان یان بوونێکی میتافیزکی ببینین.

ئەو رەوشەش" وێنەی ئەو جڤاکە نەرێتییە پاشکۆییەی ڕوانگە دەرەکی و ئایینییە پیادە کردنە وشکەڕۆیە، لەهەر قۆناغێکدا مرۆڤی ناچار کردووە یان لەگۆشەگیرییدا بتلێنەوە یان روو لەبزاڤێك بکەن کە گوایە هەڵگری خەونەکانییەتی یانیش وەك ئێستا باوە سەر بۆ هەندەران هەڵبگرن.

بەمجۆرە راستییەکەی هەبوونی مەزندەی سەربەخۆ لەجڤاکی ئێمەدا، لەئێستاو رەنگە لەداهاتوی نزیکیشدا لەخوێن تاڵبوون زێتر هیچ ئاکامێکی دیکەی نەبێ و نەدات، بەڵام

لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زبێ بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

دەستبەردار بوونی مرۆڤ لەمەیل و ویستە سەربەخۆکانی خۆی بەزۆرەکی و ملکەچ بوونی لەهەمبەر ئەو نەریت و روانگە لەقوتووکراوانەی دەرەکیی و ئایینییش، جۆرێکی ترە لەخوێن تاڵبوون و دەعەجان بوونی مرۆڤ، بۆیە دەکرێ بوونی ئەو تاکە کەسگەلە خاون مەزندە سەربەخۆیانە لەپرۆسەیەکی درێژخایاندا جڤاك تووشی لێکانگیر بوونەوەیەکی ناوەکی بکات و لەئاکامی ئەمەشدا ئەو جڤاکە ناچار بێت گۆران و وەرچەرخانی بەسەردا بیت.

**ئەرسەلان مەحموود: کەوابوو با هەڵوێستەیەك لەسەر کولتور بکەین، ئایا مەبەست لەکولتور چییە؟ کولتوری کوردەواری چجۆرە ڕەنگدانەوەیەکی ئەرێنی و نەرێنی بەسەر ئاڵۆگۆڕە مەعنەوی و کۆمەڵایەتییەکانەوە هەبووەو هەیە؟ کولتور چڕۆڵ و کاریگەریەك لەچەپاندن و سەرکوتکردنی کەسێتی تاك یان بەپێچەوانەوە دەگێڕێت؟ وێڕای ئەم کۆ پرسە ئاڵۆزە کورد خاوەنی کولتوری هاوبەش و جێگیرن یان لۆزو فرەچەشن؟**

**هەندرێن:** بەر لەوەی لە مەڕ پرسی کولتوری کوردی بپەیڤین، بەپێویستی دەزانم، بپرسین: ئاخۆ مەبەستمان لەکولتور چییە؟ گەلۆ خودی کورد، چ لەرابردوو چ لەئێستادا، لەئاستی زانستییەوە، بەنمونە لەروانگەی جڤاکناسیش (سۆسیۆلۆژی)، کولتوورناسی، خەڵکناسی (ئەنترۆپۆلۆژیی) پێناسەگەلێکی بۆ کولتوری خۆی کردوە، تا لەدیدی ئەو خوێندنەوانەوە بتوانین راڤەیەك پێشکەش بکەینەوە؟ ئایا کورد بەگشتی لەهەموو بەشەکانی کوردستان کولتورێکی هاوبەشی هەیە؟

بەمجۆرە کاتێك روبەڕوی ئەم پرسیارەی ئێوە دەبمەوە، یەکسەر ئەم پرسیارانەی خۆم و پرسیارگەلێکی تری لەم چەشنەم لەلا دروست دەبن. چونکە ئەوەندەی من بزانم لەبواری رۆشنبیری کوردی و بەتایبەتیش لەبواری زانستگادا راڤەگەلێکی ئەوتۆمان نیە لەروانگەو میتۆدە جیاوازەکانەوە کولتوری کوردیان پێناسە کرد بێت. ئاشکرایە لەئاستی زانستە

لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زێی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

مرۆییەکانی رۆژئاوادا لەهەریەك لەقۆناغە جیاوازەکان، پێناسەو خوێندنەوەی جیاواز بۆ کولتوور کراوە. لەبەر ئەوە ناچارین ئاماژیەکی چرو خێرا بەو پێناسەو راڤە جیاوازانە بکەین کە لەبواری زانستگاو رۆشنبیری رۆژئاواییدا لەئارادان.

رەنگە چەمکی "کولتور" یەکێك بێت لەو چەمکە سەختانەی زمان، چونکە ئەو چەمکە هەڵگری واتاگەل و پێناسەگەلێکە، بۆیە لەهەر یەك لەسەردەمەکاندا پێناسەگەلی جیاوازی بۆ کراوەو جیاوازیش راڤەکراوە، لەگەڵ دەستپێکی سەدەی بستەمدا، چەمکی "کولتور" بەواتای "کولتوری نەتەوەکان"و "کولتوری خەڵك"و "کولتورە بۆ ماوەییەکان" و ... تاد پێناسە دەکرا.

لەوێدا نووسەرو ئەکادیمییە بۆرژواکان باسیان لەفراژان و رسکانی کولتوری ژیاری دەکردو بەمەش هەوڵیان دەدا کولتوری جڤاك و نەتەوە بیانییەکان واتە غەیرە رۆژئاواییەکان بەدواکەوتوو سەرەتایی پێناسە بکەن.

بەکورتی روناکبیرە بۆرژوازەکانی رۆژئاوا، جەختیان لەجڤاکە خاوەن کولتورە مۆدێرن و دەوڵەمەندەکان و جڤاکە خاوەن کولتورە کۆن و لاوازەکان دەکردەوە. لەگەڵ لەدایك بوون و باڵادەست بوونی چینی بۆژوازی لەرۆژئاوادا، کولتورێکی دیکەو پیناسەیەکی دیکەی جیاواز بۆ چەمکی کولتور هاتە کایەوە.

پاشان کولتور لەئاستێکی بەرتەسك تردا چڕکرایەوە، بەڵام ناوەرۆکی جارانی هەر مایەوە. لەوێدا کولتور وەك نەریتێکی باڵاو جوان و چاندن وێنە دەکرا. بە واتایەکی دیکە: **کولتور لەناوەراستی سەدەی بیستەمەوە بەئەدەب، شانۆ، میوزیك، هونەر پێناسە دەکرا. هەڵبەتە لەروانگەی زانستییشەوە هەروا بوو.**


لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زبێ بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی رۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

هاوكاتیش سەیركردنی كولتور، وەك شتێكی "بێگەرد" وەك وێنەیەكی جیاواز بەرامبەر "بێكولتور"ی، "كولتووریی خەڵك" پۆلێنكرا، چونكە ئەو كولتورە بۆرژوازییە ئەو جۆرە كولتورە گشتییەو كۆنەی وەك هەڕەشەیەك بەدژی كولتوری خۆی سەیر دەكرد.

دوا بەدوای ئەمەش، دوای بەهەڕمێنبوونی پۆستمۆدێرنیزم، پێناسەگەلێكی نوێ لەچەمكی كولتور هاتە كایەوە، ئەو پێناسانە لەو پێناسانەی كە نووسەرو ئەكادیمییە بۆرژوازییەكان دەیانكرد جیاواز بوو، بۆیە پێناسەگەلێكی وەك"كولتوری باڵا"و" كولتوری رۆژانە"و "كولتوری كرێكار"و كولتوری ژن"و "كولتوری منداڵ"و كولتوری پەنابەران" و كولتوری جێندەری و ...تاد لەدایكبوون، ئەو پێناسەگەلە بۆ كولتور بەزانستی ئەنترۆپۆلۆژی ئێتنۆلۆگیەوە بەسترایەوە، چونكە ئەنترۆپۆلۆژو ئێتنۆلۆژەكان لەراڤەكانیاندا، بەتایبەتی لەمەڕ شێوازی ژیانی ئەو نەتەوەو گروپە جیاوازانەی كە نیشتەجێی وڵاتانی رۆژئاوان و بەگشتیش دەرەوەی رۆژئاوادان، ئەو چەمكەیان لەكولتور داهێنا.

بەم شێوەیە وەك دەبینین، ئاسان نییە لەروانگەیەكی زانستییەوە هەروا بەئاسانی بتوانین پێناسەیەكی كولتوری كوردی بكەین و پاشان بزانین ئەو شێوە كولتورە چییەو چۆنەو چۆن كاریگەرییەكی ئەرێنی و نەرێنی لەسەر دەم بەستكردن یا سازاندنی كەسایەتی كوردییدا هەبووەو هەیە.

لەوەش بترازێین، كاتێ ئێمە بەگشتی باسی "كولتور" دەكەین، مەبەستمان كوئاگایی و ئەو پەیوەندییانەیە كە كولتوری نەتەوەیەك، بەنموونە، كورد دەردەبڕێ، هاوكاتیش كولتور بریتیە لەرۆشنبیری گشتیی، چۆنییەتی پێوانەكردنی بەهایەكان، ئەزموون و بیركردنەوەیەكی دیاریكراوی هاوبەشانەی كوردی كە كەسایەتی، رەفتارو جیهانبینی كورد وێنە دەكات.


لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زێی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

بەڵام لەبیرمان نەچێ، کولتور تەنیا لەناخ و زەینی خەڵکدا خۆی دەنابڕێ، بەڵکو کولتور لەپرۆسەی پەیوەندییە جڤاکییەکاندا وەك کۆئاگاییەك لەزمانێکی هاوبەش، کۆدگەلێك و بەهاگەلێکیشەوە خۆی دەردەبڕێ. بەمەش کۆی نەتەوە پێکەوە گرێدەدات.

بەمجۆرە کولتوری کوردی، وەك نەتەوەیەکی بندەست کراو، کولتورێکە ئاڵۆز، بۆیە پێناسەکردنی ئەو کولتورە، بەتایبەتیش لەدەرفەتێکی ئاوا رۆژنامەوانییدا، کە کەسایەتی کورد دەسازێنێ یان پەیوەندییە جڤاکییەکان پێکەوە گرێدەداو دەردەبڕێ یان لەزمانی کوردییەوە خۆی دەردەبڕێ و ... تاد، کارێکی ئاسان نییە. چونکە بەرای من ئەو وێنە کولتوریە نەریتییەی کورد، بەتایبەتی ئەو کولتورە لەسەدەی بیستەوە تا ئەمرۆش، لەناوەرۆکدا هەر هەمان ئەو کولتورەیە خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە، ئەوەی کە گۆڕانی بەسەردا هاتووە تەنیا لەئاستی روکەشیدایە نەك ناوەرۆك، چونکە **لەجڤاکی کوردییدا، ئەوەی کە باڵادەستە بەسەر پەیوەندییە جڤاکی، ئابوری و ساسییەکانەوە برتین لەهێزە کۆنەپاریزە یەك لەدوای یەکەکان.** ئەو هێزە کۆنپارێزانەش بەهۆی ئەوەی خۆیان هەڵگری ئەو کلتورە نەریتییە خێلەکییەن بۆیە لەپێناو مانەوەی دەسەڵاتی خۆیان هەوڵیانداوە ئەو کولتورە نەریتییە هاراركییە" واتا خێلەکی و بۆ ماوەییخوازە بپارێزن. **دیارەی ئەو هێزە کۆنپارێزانە، وەك تۆڕێك لەدەسەڵات، لەهەمو وقۆناغەکاندا بەهۆی پایەی ئایینی و سیاسی و رۆشنبیری و خێلەکییەوە هەوڵیانداوە هەمیشە ئەو توێژە بچوکە نووسەرو تاکە کەسە پیشە جیاوازانەی کە هەڵگری ئاگایی و زمانی کولتورێکی ئیدیاڵین، نوێخوازن، دەمکوت بکەن.**

لەم روانگەیەوە، لەقۆناغە جیاوازەکاندا، بەهۆی کاریگەری ئەو رۆشنبیرییە نوێیە دەرەکیانەوە، ئەو توێژە نوێخوازە لەجڤاکی کوردییدا هەوڵیانداوە ئەو دەسەڵاتە ڕەهایەی هێزە کۆنپارێزەکانی کورد وەرچەرخێن و کولتورێکی نوێ لەژیانی کورددا بچێنن، بەمەش ئەو کولتورە نوێیە وەك کۆئاگاییەك لەزمانی کوردییدا خۆی دەریبڕی، بەلاَم ئەو بزاڤانە

لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زێی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

لەدواجاردا بەهۆی ئەو بونیادە جڤاکییەی کە زۆرینەی نەخوێندەوارو جوتیارو کاسبکاران، بۆیە دواجار ئەو هێزە کۆنپارێزە بەسوود وەرگرتن لەو هێزە فرە نەخوێنەدەوارو نائاگایەوە، ئەو بزاڤە نوێخوازانە تێکبشکێنێ.

دیارە بندەستی کورد کاریگەرییەکی سەرەکی هەبووە لەسووڕانەوەی ئەو دۆخە کلتورییە نەگۆڕەی کورد، چونکە لەلایەکەوە داگیرکارانی کورد بەتایبەت لەڕوی ئابورییەوە هەمیشە هەوڵیانداوە ژێرخانی ئابوری کوردستان لەو دۆخە وابەستەییەدا بمێنێتەوە. بۆیە ئەو پەیوەندییە هاوارکییە لەکوردستان کۆی پەیوەندییە ئابوری، کولتوری و سیاسییەکانی جڵەو کردووە. وێڕای ئەمەش، کورد بەهۆی ئەوەی کە هەمیشە لەشەڕو ژیانێکی ناسەقام گیردا ژیاوە، بۆیە ئەم توێژە نووسەرو خوێنەرە لەئاستێکی لاوازدا قەتیسماوەو بواری ئەوەی نەبووە لەئاستی ئەکادیمییدا ببێتە خاوەن دەسەڵاتێکی رۆشنبیری و ئابوری.

بەمجۆرە ئەو دۆخە ڕاڕاو ناسەقامگیرە زەمینەی بۆ لەدایکبوونی چینێکی بۆرژوازی تۆکمە نەسازاندنووە. هەربۆیە ئەو توێژە خوێندکارە ساوایەی لەقۆناغە جوداکاندا لەدایکبووە، بەهۆی ئەو شەڕو ململانێیەی کە دەسەڵاتی نەتەوەکانی عەرەب، تورك و فارس بەسەر کوردیان سەپاندوە ڕێگربووە لەبەردەم ئەو توێژە خوێندکارو خاوەن پێشە ناوەندییەی کورد کە بەرەو چینێکی بۆرژوا گەشە بکات و بەمەش کولتورێکی نوێ دابهێنێت و بەسەر پەیوەندییە جڤاکییەکانی کوردستاندا باڵادەست بێت، چونکە ئەو توێژە هەمیشە بەدەم ڕێگای گەشەکردنەوە ناچار بووە بچێتە ریزی خەباتی سیاسییەوە.

ژینگەی ئەو خەباتەش، وەك دەزانین، لەدێهات و شاخەکانەوە بووە. بۆیە دواجار بەهۆی مەرجەکانی پێشمەرگایەتیی و ئەو کولتورە باوەی دێهاتەکان، ئەو توێژە نووسەرو خوێندکارە یان مەیلەو وردە بۆرژوازییە رۆڵی خۆی لەدەستداوە، یانی ناچار بووە دەست و پەنجەی لەگەڵ هەلومەرجی ئەو ژینگەیەدا نەرم بکاتەوە.


لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زبێ بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

**لەناوك و ناوكۆییەوە ئەو دۆخە هەمیشە نیگەران و لێوانڕێژ لەململانێیە لەنێوان رژێمە داگیرکارەکان و بزاڤی کوردییدا، هەمیشە هەولێداوە ئەو هێزە کۆنپارێزانەی کورد بەهێز بکەن، بەنمونە، رژێمی بەعس بەرێگای پارەو دەسەڵاتدان بەسەرۆك خێلەکان، توانی سوود لەو پێکهاتە هاوارکییەی خێلەکان وەربگرێ و لەرێگای ئەو سەرۆك خێلانەوە زۆرینەی کورد بکاتە جاش و لەدژی بزاڤی رزگاریخوازی کورد بەکاریان بهێنێ.**

جگە لەوەش رژێمی بەعس توانی بەسوود وەرگرتن لەو کولتورە نەریتییەی خێل کە باڵادەستە بەسەر چڤاکی کوردییدا، ئەو کولتورە زیاتر بشێوێنێ و هاوکاتیش پایەو دەسەڵاتی ئەو هێزە کۆنپارێزە بەهێز تر بکات.

دەمەوێ بڵێم، **ئەو کولتورە نەریتییەی کە کەسایەتی کورد بەرهەم دەهێنێ، خۆراکی خۆی لەپێکهاتە خێلەکییەکەوە وەردەگرێ. ئەو پێکهاتەش وەك زۆرینەك لەجڤاکیی کوردییدا، بەخێڵ و جوتیارەوە ئاستی ئاگایی و خوێندەواری زۆر لاوازە، بۆیە ملکەچە بەرامبەر هەموو پەیام و پێوانەیەك کە سەرۆك خێلەکانیان ئاراستەیان دەکەن،** ئەو خێلانەش بۆ ئەوەی ئەو باڵا دەستییە سیاسی و ئابورییەی خۆیان بپارێزن، هەولیانداوە بەو کۆدە کولتوریانەوە رێگە نەدەن ئەو ئاگاییە لاوازە گۆڕانی بەسەر دابێ، بەمەش ئەو هارارکییە بەرهەم بهێننەوە.

هەڵبەتە دەبێ جەخت لەوە بکەینەوە، رۆلی ئایینی ئیسلام لەڕەوایەتیدان بەو کولتورە بالادەستەی خێل، زۆر بەهێزە، بۆیە دەسەلاتدارە ئایینییەکان" دیارە مەبەست لەو مەلاو مامۆستا ئایینیە دەگمەنانە نییە لەقۆناغە جیاوازەکاندا رۆڵی رۆشنگەریی کوردییان بینیوە" پەیوەندییە ڕەگ ئاژۆیەکانیان بەسەرۆك و خێڵی کوردو دەسەڵاتی رژێمە داگیر کراوەکانەوە، توانیوویانە بەبیانوی ئەمەو دەمامکی ئیسلامییەوە بەکەیفی خۆیان ئەو رێژە بەرزە لەنەخوێندەواری کورد بەکۆیلە بکەن و بەکاریان بهێنن.

لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زێی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

دیاره **بەهۆی ئاستی دواکەوتووی بزاڤی کوردییەوە، پایەی ئەو سەرۆك خێڵانە هەمیشە پارێزراوە، وەك دەبینین ئێستاش وێڕای ئەو هەموو زار قەڵەباڵغییەی دەم ڕاستەکانی حکومەت حزبییەکەی کوردستان لەمەڕ "کۆمەڵگای مەدەنیی"و مەسەلەی "دیمۆکراتی"و ئازادییە فەردییەکان و... تاد، کەچی هاوکاتیش پایەو دەسەڵاتی سەرۆك خێڵەکان و سەرۆك جاشەکان، نەك هەر لاواز نەبوونە، بەڵکو دەسەڵاتیان لەسەردەمی بەعس باشترو زیاترە. ئێستاش پایەی خێڵێك لای حزب و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەنووسەر، خوێندکارێکی زانستگا، مامۆستا، دکتۆرێکی بواری زانستی و... تاد زۆر باڵاترە !** ئەمە لەخۆڕا ساز نەبووە، بەڵکو بەرهەمی ئەو کۆئاگاییانەی پەیوەندییە جڤاکییەکانی کوردن، وایکردوە ئەم کولتورەی باشوری کوردستان لەبەشەکانی دیکەی کوردستانیشدا بەجیاوازییەکی ڕوکەشەوە، ببێت بەهەمان ئەو کولتورە.

لێرەوە دەخوازم بێژم، دەکرێ کولتوری باڵادەستی کوردی لەو پەیوەندییە هاراکیی و ئالۆزانەوە پێناسە بکەین، دیارە وەك وتم، لەناو جیهانی ئەو کولتورە ئالۆزەدا، تەرزە کولتورێك یان چەندان وێنەی دیکەی کولتوری کراوەی کوردیشمان هەیە، لێ ئەو کولتورە چونکە لەسنورو ئاستێکی چکۆڵەدا دەژی، بۆیە نەك هەر کاریگەرییەکەی ئەو توانایەی لەبەرهەمهێنانی کەسایەتی کوردی نییە، بەڵکو ئەو کولتورە کراوەیە بەهۆی بەردەوامی پرۆسەی ئەو کولتورە نەرێتییە بالا دەستەوە لەدواجاردا ناچار دەبێ لەگەڵ ئەو کولتورە باڵا دەستەوە سازش بکات، یانیش خۆی ڕادەست کولتورە باوەکە بکات.

**بەکورتی و بەکوردی ئەو کولتورە باڵادەستەی کوردی برتییە لەکولتورێکی دڕدۆنگ، دوڕو (دەبڵ مۆراڵ)، داخراو، بێگانە پەرست، شەرمنۆك، کولتوری ویستکوژی تاکە کەسە ئازادیخوازەکان، کولتورێك سیخناخ بەسۆزو مەیلی فریخواردن، وابەستەیی و... تاد.** ئەو خەسڵەتانەش پێکهاتەی کەسایەتی کوردی و بگرە بزاڤە سیاسی و ڕۆشنبیریەکەی کوردیش ئاراستە دەکەن.

لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زبێ بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

لەم گوزارشتکردنەوە مرۆ دەتوانێ بەئاسانی تێبگات **یەکێك لەهۆکردە سەرەکییەکانی مانەوەی کورد بەژێر دەستەی نەتەوە باڵادەستەکان، ئەو کولتورە لەرزۆك و پەڕپووتە باڵادەستەی خێلە. رازیبوونی کوردی باشوور بەو عێراقە گەڕەلاوژە فیدراڵییە، دەسەڵاتی ئەو کولتورە دوڕوییە لەناخی دەمڕاستە سیاسی و رۆشنبیرییەکانی کورد. هاوکات ئەو ئەتکردنەی ژن بەشێوەی جیاوازو بەردەوام بووەتە دیاردەیەکی رەوا، دەرهاوێشتەیەکە لەو چەپاندنە کولتورە نەریتیە خێڵەکییەی کورد.**

لەو ناکۆییەوە دەکرێ کە کورد لەباشووردا خۆی حوکمڕانی خۆی دەکات، بەهۆی ئەو کولتورە نوێیەی"هەرچەندە ئەو کولتورە نوێیە هێشتا لەئاستی ڕوکەش و مۆدەبازییدایە، کە رەنگە لەوەش زیاتر تێنەپەڕێ" لەرێگای دیاردەی بەجیهانبوون، مێدیاو تەکنیکەوە هاتۆتە کوردستانەوە گۆڕانێك لەو کولتورو هێزە کۆنخوازە باڵادەستە دروست بکات. چونکە ئەو کولتورە نوێیە جڤاکی کوردی تووشی کێشمەکێشیکی دژواری ناوەکی کردووە بەمەش ئەو کولتورە باوەو هێزە کۆنخوازەی کورد تووشی فشارێکی سەخت بووە.

بۆیە ئەگەر هێزێکی کارای رۆشنبیریی و سیاسی لەکوردستان لەدایکبێ بەرەو فراژاندنی رۆشنبیری کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوری ڕەنگە لەداهاتویەکی نزیکدا بتواندرێ ئەو کولتورە کۆنباوەو هێزە کۆنخوازە پەراویز بخرێ و لەجێگەیدا کولتورێکی نوێکار بەئاگاییەکی کاراو بەرهەدار لەزمانی کوردییدا خۆی رابگەیەنێ و پەیوەندییەکی نوێی جڤاکیش بەرهەم بهێنێت.

هەرچەندە ئیستا لەکوردستاندا بەهۆی بونی حزب بەسەرچاوەی بازرگانی دەسەڵات، ئەو هێزە کۆنخوازە لەپاڵ توێژێکی حزبییەوە بەتاڵانکردنی سەروەت و سامانی کوردستان خۆی کردۆتە چینێکی سەرمایەداری شێواوو قۆقز، بەمەش توانیوویەتی ئەو کولتورە کۆنە

لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زنێی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

بپارێزی و بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی بەکار بهێنێت. بۆیە چاوەڕوان کردنی لەدیاکبوونی ئەو چینە بۆرژوازییە ڕەسەنە، خاوەن کولتورە مۆدێرنە، بیرکەرەوەش ساویلەکانەیە.

وێڕای ئەمەش، ئەگەر ئەو بزاڤە ئیدیاڵییە چاوگەکەی لەئاستی زانستگایەکانی کوردستاندا نەبێ" واتا بەشی زانستە مرۆییەکان نەتوانێ ڕاڤەگەلێك لەروانگەی جوداوە بۆ پاشخان و مێژوی ئەو کولتورە بالّا دەستەی کورد نەکات و ڕاڤە کانیشیان لەلایەن دەسەڵاتدارە سیاسییەکان و ئەو حکومەتە لەگەندەڵی بەهەند وەرنەگیرێ و لەئاستی دامودەزگاو ژیانی جڤاکی بەگشتیی و بەتایبەتەیش ئاستی پەروەردەدا پیادە نەکرێ، هەر لەسەر دروشم یان وەك باوە بەخەڵك رابواردن بمێنێتەوە... تاد، ئەو هێزە کۆنخوازو کولتورە کۆنباوە دەتوانێ بەفێڵ و گۆڕینی دەمامکەکان خۆی بەهێزتر بکات.

**ئەرسەڵان مەحمود: کەواتا بۆ دەرباز بوون لەوەها دەق و چەق بەستووییەك پێویستمان بەڕوبەڕوبوونەوەی خود لەخۆدای خۆ هەیە، بەلاّم دەمەوێ بەجۆرێکی تر بپرسم ئێوە هەرگیز لەڕوبەڕونەوەی خۆتان ترساون، بەواتایەکی تر، ترست لەوە هەیە ڕۆژێك لەرۆژان ڕوبەڕوی خۆت ببیتەوە؟**

**هەندرێن: مرۆڤ ئەگەرچی زۆر جارو لەبەشێك لەقۆناغەکانی ژیاندا بەلاملییەکی زۆرەوە بڕوای بەخودی خۆی هەیە، لێ هاوکات ئەگەر ئەو مرۆڤە سەرو کاری لەبواری خوێندنەوە یان جۆرە جیهانبینییەکی مرۆڤخوازی ئیدیاڵیی گوزەراندبێت دوای ئەزموونگەلێك لەژیان، خوێندن خوێندنەوە، سەرکەوتن و دۆڕانەکان، لەگەڵ خۆیدا دەکەوێتە شەڕ یان ململانێکی ناوەکی هەمیشەوە.**

چونکە کردەی نووسین و گەڕان بەدوای ژیانێکی بێگەرد، گەیشتن بەجڤاکێکی دادپەروەر، یەکسان و سەروەر بەپرینسیپێك لەژیان، خۆی لەخۆیدا ئاراستەیەکە بەدژی خودی ئەو واقیعەی تێیدا دەژین. بەواتایەکی تر، لەو ڕۆژەوەی کەمن لەمنداڵییەوە لەئاستێکی


لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زنێی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

هەستەکییەوە لەو ژیانە باوەی ماڵەوەو ژینگەکەم بێزار بووم و دواجاریش ئەو بەرتەکە هەستەکییە بەرەو خەیاڵاندنی ژیانی ناو کتێبەکانی بردم، کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا بەرەو ژیانێکی سەختی پیشمەرگایەتی بردم تا ژیان لەخەیاڵاندنەوە بکاتە ژیانێکی ئەزموونی، ئیتر، ئەوە ڕووبەڕو بونەوەی خۆمە بۆتە ململانێیەکی ناوەکی من.

بەڵام وێڕای ئەمەش، بەگشتی ترس لەو ڕووبەڕووبونەوەی خۆم، هەمیشە ئامادەیی هەبووە لەژیانی مندا، لێرەوە ئێمە دەبێ بزانین کە لەکام جۆرە"ڕووبەڕووبونەوەیەی خۆم ترساوم" و دەترسێم. ئایا ئەو ترسانە لەبەرامبەر ئەو بیرکردنەوانەیە کە گونجان لەگەڵ ئەو جیهانە باوەی دەوروبەرمان سەخت دەکەن؟

**ڕاستیەکەی لەئاستی ناوەکییەوە هاوکات لەگەڵ بڕوابوونم بەو ژیانەی کە وەك ئاکامێك لەرەفتارو تێگەیشتنەکانم و ئەو پرسیارانەی کە بەخۆیانەوە ئاوێزانم دەکەن، هەمیشە لەبڕواو تێگەشیتنە جیاوازەکانی ئەوانی ترم تێدا ئامادە بووە. بەمجۆرە ئەگەر مرۆڤ بوونەوەرێك بێت لەگومان و یەقین، ئەگەر پرۆسەی ژیان بریتی بێت لەشادی و دڵتەنگی، ئەگەر تاکە کەسێك لەگەڵ کۆی ئەو تاکە کەسانەی هەڵگری پەرۆشخۆری یان لایەنگری گۆڕانی جڤاکەکەی بێت، دواجاریش دوای ئەوەی ئاکامی کۆی ئەو خەون و هەڵوێستە کردەییانە خاکەسار بوون، ئیتر مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی بیرکەرەوە، ناچار دەبێ بەئاورێك لەو ئەزموونگەلە بداتەوە کە ڕوویانداوە، ئەمەش بۆ خۆی جۆرە خوێندنەوەیەکە لەتواناو بڕواو کردەکانت.**

ئەگەر ئەوە بەشێك بێت لەپرسی ڕووبەڕووبونەوە، ئەوە دوای ماوەیەك لەپێشمەرگایەتی، کۆتایی هاتنی ئەو پێشمەرگایەتییە بەهۆی خۆبەستانەوەی حزبە کوردییەکان بەشەڕی ئێران_ ئێراق نەبوونی بنەماو پرەنسیپی شۆڕش لەبەرێوە برەرانی بزاڤی کوردی، ئاکامی ئەمەش سەرگەردانی و ئەوارەیی من وەك سەدان لەو پێشمەگەو هاولاتیانەی کە بەهۆی

لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زبێ بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

خەمخۆرییان بۆ زێدو سەروەری خۆیان سەرگەردان بوون و دواجاریش گەیشتنی ئەو بزاڤە بەو ئاکامەی کە ئێستا دەیبینین، هەموو ڕۆژێك لەشەرێکی بێدەنگ و سەختی خۆمدا بەسەر دەبەم!

ئەو ڕوبەڕووبوونەوەیەش هەر تەنیا لەئاستێکی ماریفی یان ڕەخنەیی من لەهەمبەر ئەو ڕەوشە تاکەکەسی و چارەنووسە بەکۆمەڵییەدا نیە، بەڵکوو سەروترەو لەئاستی روحی و خەونەکانیشمدان.

**بەڵێ، لەوەتەی تێگەیشتوم لەتیۆری روت کاڤ نییە بۆ گۆڕانی مرۆڤ و کۆمەڵ و بەختەوەری و کۆتایی پرسیارەکان، ئاوێزانبوون بە"زانین" کە دواجار دەبێتە پرسیارێك لە"نەزانی" و دۆشداماں بەرامبەر پرۆسەی بوون، تێگەیشتن لەسروشتی مرۆڤ چەقینی جڤاکی کورد لەسووڕانەوە بەدەوری نەریتە نەگۆڕەکانی، مەحاڵی ژیانێکی شکۆدار لەوەڵاتەکەی خۆم، بێناسنامەیی، بێماڵی و ... تاد، هەمیشە لەگەڵ خودی خۆم لەشەرێکی بێدەنگدا دەژیم، لە هەندێ کاتدا ئەو "ڕوبەڕوبوونەوە"یە بەرەو هەوڵی خۆکوشتن، ئازاردانی خۆم و خەڵکانی دەوروبەرەکەمی پەلکێشکردوەم.**

بەمجۆرە **ئەگەر مرۆڤ لەو"ڕوبەڕوبوونەوە" خودییە بەدەر بێت، ناکرێ هەڵگری بوێرییەکی ناوەکیی هزراندنی بوونەکەی و ئازادیی ژیانەکەی خۆی و جڤاکەکەی و مرۆڤایەتیش بێت،** بەکوردی سەرچاوە "ڕوبەڕوبوونەوە"ی خود، لەماڵی جیاواز بوون، گومان لەوە رەوش و ئاستەی ژیانی مرۆڤەوە ڕەشاژۆیە. بەمجۆرە ئەو"روبەروبوونەوە"یە بەشێکە لەتامی ئەو ژیانەی کە لەجیهانی بیرکردنەوەی خودی مرۆڤ و بوونەکەیدا ئامادیە، شەبەنگی ئەو ژیانەیە کە دواجار لەگەڵ رۆچوون بەناویدا، تووشی پرسیارەمان دەکا. هەندێك جاریش دەکرێ ئەو "ڕوبەڕوبوونەوە"یە لەترسمان بەرامبەر مەرجەکانی ژیانەوە سەرهەڵبدات.

لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زبێ بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

لەوێدا تۆ هەستدەكەی چیتر ناتوانیٚ بەرگەی ئەو ئەركانە بگریت كە ژیان، یان جڤأك و نۆرمەكانی داوای دەكەن هەندیٚ جاریش ئەو "ڕوبەڕوبوونەوە"یە لەنەمانی مانا، تام و بەهای ئەو ژیانەوە دەمتەنێتەوە، كە ئیتر ئومێدێكی نزیك بۆ گەرانەوەی ئەو مانا، تام و بەهایانە لەئارادا نییە.

من **بوونەوەرێكم لەنێوان ترسی لەدەستدانی ئەو خودەو یادەوەرییەكانیدا، هەمیشە لەشەڕێكی بێدەنگی ناوەكییدا دەژیت، ئەو شەڕەش لەگەڵ هەڵكشانی تەمەن و زانینەكان، ئاڵۆزترو دۆشداماوەتر. لیٚ ئەو شەڕە زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو فشارانەی كە ئەو ڕۆژگارە بوودەڵە بەمەرجە روكەشەكانی ناچارم دەكەن" واتا ئەو بەمێگەلبوون و بەكاڵابوونەی مرۆڤی كوردو جیهانەی كە بوارێكی بۆ شكۆمەندیی نەهێشتۆتەوە.**

هاوكاتیش من هەمیشە هەست بەبەرپرسیارییەكی روحی دەكەم بەرامبەر بەو كەسانەی كە منیان خۆشویستووەو منیش نەمتوانییوە، بەر هەر هۆیەك بیٚ وەك دەخوازیٚ ئەمەكدار بم بەرامبەریان یان ئەو ئەركانە راپەرێنم كەدەبیٚ رایانپەڕێنم. كەواتە من لەترسی مەحاڵبوونی ئەو ژیانە شكۆمەندەی كەمن خوازیاریمەو دەشزانم مەیسەریش نابیٚ رۆژانە لە"ڕوبەڕوبوونەوە"ی خۆمدام.

**ئەرسەلان مەحمود: باسی ئەزموون و پێشمەرگایەتی، ئەندامێتی ڕێكخستنەكانی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان، میوانخانەكەی هەولێرو سەردەمی خوێندن و تەمەنی هەرزەكاریت وەك جۆرە شێتخانەیەك بۆكردم، ئێستاش باسی خۆكوشتن، ولاٚمەكانتم بەلاوە سەرنجڕاكێش بوون. وابزانم كاتیەتی بپرسم لەكوێوە بۆ كاری سیاسی و حزبی و پاشان پێشمەرگایەتی دەستتان پێكردو لەكویٚ و چۆن و لەبەرچی كۆتای پێهات؟ ئەی مەبەستتان لەخۆبەستنەوەی سەركردایەتی كورد بەشەڕی ئێران و عێراق و بیٚ بنەمایی شۆرش لەرابردوو ئێستادا چیبوو؟**

لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێك لەوێنەی زبی بادینان بۆ (ئێوان) چێبكەم. گفتوگۆی رۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

**هەروەها دەمەوێ بزانم ئەوەی مرۆڤ بەرە وشێتی و خۆکوشتن دەبات چییە؟ دواجار ئەی ئەم دوانەیە بەیەکەوە مرۆڤ بەرەو کوێ ڕاپێچ دەکەن؟**

**هەندرێن:** مرۆڤ، بەتایبەتیش مرۆڤی کورد کە لەخۆی دەپرینگێتەوە، پێیەکی لەناو ویست و پێیەکیشی لەسەر لێواری بۆشایی ناوەکی خۆی دایە. دیارە لەبنەڕەتدا ئەوە هەستی لەدەست چوون و تەنایییە کە مرۆڤ هاندەدا رو لەنزیکبوونەوەو کارکردن لەکەسانی تر یان کاری هەرەوەرزی لەگەڵ گروپ و رێکخراوەکان بکات.

لێرەوە پەنابردنی مرۆڤ بۆ خۆکوشتنیش شێوازێکە لەپرۆسەی ئەو لەدەست چوون و تەنیاییە یان رۆچوون لەناو ئەو بۆشاییەی بووندا. بەمجۆرە مرۆڤ بۆ ئەوەی واتایەك بەبونەکەی ببەخشێت یان لەسێبورییەك بەو لەدەست چوون و تەناییە ڕسکاروەی ناو روحی ببەخشیێ، خۆی لەو تاکەکەس، گروپ و رێکخراوانە دەبینێتەوە کە لەقۆناغەکانی ژیانیدا تاکوو واتایەك بەبوونەکەی ببەخشیێ، یان لەو ململانێیەی نێوان ویست و بۆشاییە ناوەکییەی رزگاری دەکات، بەمجۆرە بەرەو شێتیی و خۆکوشتنیش شێوەیەکە لەدوو پابوونی ئەو شەڕەی نێوان ویست و بۆشاییە ناوەکییەی مرۆڤ. **مرۆڤ بەویست و هەوەسەوە بەناو واتایەك یان پرسیارێکی بوونەوە رۆنەچێت نەسێبەری شێت بوون و نەمەراقی خۆکوشتنیش بەرۆکی دەگرێت.**

**لێرەوە بەرەو شێت بوون و خۆکشتن، تۆڵەکردنەوەی ڕوحە لەئاواز، ڕاپسکانی ڕوحە لەدەستی بیانوو گەمەکانی بەردەم لەدەست چوونی خەونی ئەو ژیانەی کە مرۆڤ دەیکات، ماڵی ڕوحی، بەڵێ ئەو مەیلە بۆ شێتبوون و خۆکوشتنە، ئاوەڕدانەوەیەکی ئێستای حوزنبازی مرۆڤێکی جوزنبازە بەرە ورابردوەکە کە وەك تەمێك یان سەرابێك بەسەر یادەوەرییدا کشاوە، ئەو سەرابەش هەڵمی ڕوحە بەدەست چۆکدادانەکانی ئاوەزەوە.**



لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زێی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

لەو دۆخەی بووندا، مرۆڤ تاریماییەکە لەتاراوگە، نامۆبوون و بیمالّی، رەنگە لەو رۆچوونەی روح بەناو تاراوگە بوون، ناگۆڕ بوون و بێمالّییەدا، ئاوڕدانەوەی چاوە تەرەکانی روح بەرەو رابردوویەکی لەدەست چوو، سێبوری مانەوە بدا، ئەگینا لەناخی ناخدا **ژیان خۆلەمێشکە لەسووتانە بێدەنگییەکانی ناوەکی.** وێدەچێ چرکردنەوەی پرسی شێتبوون و خۆکوشتن، مەحالٚ بێت، لێ:

**"ساردییەك لەلۆچەکانی روتدا دەچۆڕێتەوە.**

**چەقۆیەك تورِ دەدەیتە ناو گۆماوی بێدەنگییەوە:**

**تەرمێك بەسەر شانی كۆلآنێكەوە،**

**وەك كەشتیەوانێكی كار كەنار.**

**لەبورجەكانی زەریای ژێر كازیوەی مەنفا دەڕوانێ.**

**بەرەو دواوە هەنگاوی دەنێ:**

**گەرمییەك بەقاچەكانتەوە دەنالٚێ و شنەیەك**

**لەقوڵاییەكانی جەستەدا ختۆكەت دەدا.**

**روخسارت دەخەیتە نێو لەپەكانتەوە،**

**تارماییەكی راپسكاو لەئاوێتە خوێنی سەر**

**عەردی ژورەكەتدا، خۆی دەنوێنێ.**

*******

**خەونەكان بەناو دەنگتەوە دادەڕمێن،**

لێرەی بێشوێندا دەبوو مالٚێک لەوێنەی زنێی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی رۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

**دەنگەکان بەناو خەونەکانتەوە رادەسێنن"**

(ئاوێتەکانی خوێن، ١٩٩٧، ستۆکهۆلم)

ئەمەیان تیشك لەمەڕ "بەرەو شێت بوون و خۆکوشتن و ئاسۆیەکانی، لێ سەبارەت بەو سەرەتایەی تێکەڵابوونی من بەسیاسەت، پرسی:"بوون یان نەبوون" بوو، ئەمەش دواجار، بەهۆی ئامادەیی دڵ بزوتنی تاکە کەسگەڵێك لەو قۆناغەی تەمەنی مندا، بەرەو ریزی "کۆمەلەی رەنجدەرانی کوردستان" راپێچیکردم، ئەڵبەتە لەکن من هەر لەدوای سەرەتای هەشتەکانەوە ئەو "کۆمەڵەی رەندەرانی کوردستان"ـە مانای خۆی لەدەست دا، چونکە نەیتوانی وەك رێکخراوێکی سەربەخۆ ویستی ئەو گروپ و تاکە کەسانە دەربڕێت کە وەك تاکە کەسگەلێکی مەیل وەرچەخێنەر لەو نەریتە سیاسی و کولتورییەی جڤاکی کوردییەی لەو قۆناغەدا لەدایکبوون.

بەهەمە حاڵ، کاتێك تۆ وەك تاکەسێك دەگەیتە ئەو ئاستەی کە ئەو ژیانە تامی ئەو واتایە نابەخشێ کە بوونی تۆ بەدواییدا دەگەڕێ، ئیتر پرسیارگەلی وەك: گەلۆ ئەو ژیانە چ مانایەکی هەیە؟ بۆچە دەبێ ئەوە بکەین و ئەوە نەکەین و ... تاد؟ کەواتە لەبنەچەدا ئەو تەنیاییەی مرۆڤ لەبوونەکەیدا پەیوەندی بەئامادەیی هەمیشەی"نەبوون"'ی مەرگەوە هەیە، کاتێك مرۆڤ وەك تاك یان کۆ بەهۆی مەرجگەل و هۆکارگەلێك ناتوانێ بەو شێوەیە بژی کە دەخوازێ ئەودەمە ئامادەیی نەبوون، بێئومێد بوون بەرانبەر ئەو ژیانە قووڵتر دەبێتەوە. کەواتە ئەو پێشهاتانە لەژیانی مندا دەرهاوێشتەیەك بوون لەو پرسی "بوون و نەبوون"ـە.

بەمجۆرە دۆخی تەنیای مرۆڤ بەردەوام پرسی بوون، یەکێك لەپرسە سەرەکیەکانی ژیان، ئێمە ئەو کاتە تووشی پەژارەیی و تەنیایی دەبین کاتێك بەژینگەو دەسەڵاتێکی سیاسی و نەریتی گەمارۆ دەدرێن کە دواجار بۆئەوەی لەو تەنیاییە رزگار بین بوونەکەمان فەرامۆش

لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زێی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی رۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

نەکەین، رەنگە پەنا بۆ کاری سیاسی و نووسین و بگرە خۆکوشتنیش ببەین، بەڵام هاوکاتیش ئەوەی کە وامان لێ دەکات هەست بەو پەژارەیی و تەنیاییە، نەبوونگەراییە بکەین، هەر تەنیاییە لای من یان مرۆڤەکانی دیکە هۆیەکی دیاریکرای نەبێت، چونکە ئەو هەستە، بەواتای ڤالێری، بەشێکە لەتامی ژیانمان، ئەو دۆخە لەتەنیایی و نیگەرانییە کە وامان لێ دەکا لەبەرامبەر ژیاندا هەست بەدەستەوەستاوی بکەین، تێگەیشتنە لەو ژیانە گەمارۆ دراوەمان کە دواجار دەبێ بەمەرگ کۆتایی بێت.

هایدگەر رونکردەوەیەکی سەرەنجکێش بۆ ئەو هەست و پەژارەیی و بێئومێدییەی مرۆڤ دەکات: "پەژارەیی بریتییە لەوەی ژیان (پرۆسەی بوون) نزیکایەتییەك لەنەبوونی، شیان بونی نەبونەکەی دەپۆشێت" بۆیە بوونی مەرگ سەرەکێیترین پەژارەییە، بەمجۆرە شێتبوون و روکردنی خۆکوشتن لەوکاتەدا دەست پێدەکات کە مرۆڤ هەست دەکا نەبوونی، پرۆسەی بووناندن ژیانی پۆشیووە یان بوون ئەو شکۆمەندییەی خۆی نەماوە.

لێرەوە لەبنەڕەتدا پرسی بیرکردنەوە لەبونێکی شکۆمەند، تۆ ببیتە خۆت یان لەبوندا بی، ئەو دەمیش لەناوەڕاست و کۆتایی حەفتەکان بوونی من یان کۆی ئەو نەوەی بەو نەبوونەی کۆی کورد گرێدرابوو، ئەوکات ئەو تەنیاییەی مرۆڤ یان من، لەروانگەی ئەو رۆشنبیرییەی کە من بەو تەمەنە لاوییەوە تێکەڵاوی بووم، بەکێشەی بندەستی کورد، باڵادەستی رژێمی بەعسەوە دەبەسترایەوە، من پێم وابوو، ئەو هەستە بەتەنیایی و بێزارییەی من بەرانبەر ژینگەو نەریتە بالادەستەکان، پەیوەندی بەکۆی سیستمی سیاسی یان دۆخی بندەستی کوردەوە هەیە، بۆیە ئەو تێگەیشتنە منی هاندا کە خۆم لەتاکەکەس، گروپ و دواجاریش کۆمەڵەی رەندەرانی کوردستان نزیك بکەمەوە، تاکوو ئەو دۆخە لەبنرا بگۆڕدرێ کە منی تووشی ئەو تەنیاییە ناوەکییە کردبوو.

لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زێی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

کاتێك من بڕیارمدا لەماڵ و ژینگە بەرتەنگەکەی ماڵ و دەوروبەرەکەی رزگار بم، کەوتمە بەردەم ژیانێکی تر. ئەو ژیانەش، وەك وتم، لە"هۆتێلی خانزاد" کە پەناگەی بێماڵ، شێت، میسریی و ئەو میوانە هەژارانەی دێهاتەکان بوو. دوای ئەمەش لەماڵێکدا بەتەنیا ژیام، لەو ژیانە جیاوازەدا پرسی ئازادی لەدەسەڵاتی ماڵ و دەورەبەروە بوو بەپرسی دەسەڵاتی رژێمی بەعس و سنوورەکانی. ئەمەش تووشی جۆرە تەنیاییەکی فرەوانتری کردم. بۆیە ڕوبەڕوبوونەوەی ئەو دەسەڵاتە وای لێ کردم ڕاستەوخۆ لەو تاکەکەس و گروپانەوە نزیك ببمەوە کە هەڵگری هەمان خەمی من بوون.

لێرەوە مرۆڤ، بەواتای هێگل، ناچارە رۆڵەی سەردەمەکەی خۆی بێت، لەو سەردەمە، کۆتایی حەفتاکان بۆ ئەوەی خوێنەر یان نووسەرو رۆڵەی رۆژگاری خۆی بێت، توانای هاندان و سەرەنج ڕاکێشانی خەڵك بۆ پایەمەکانی هەبێت، دەبوو خاوەن رۆشنبیرییەکی شۆرشگێرانە یان راستتر بێژم، دەبوو کەسێکی مارکسی، گیڤارەیی و هاوکاتیش لەبواری فەلسەفەی بوونخوازییەوە نزیك بێت، کە ئێستا زار قەڵەبالغیی و گەندەڵبازیی جێگەی گرتۆتەوە.

ئەمەش پەیوەندی بەو ڕەوتە مارکسزم و بوونخوازییەوە هەبوو کە لەو رۆژگارەدا لەرۆژئاواو رۆژهەڵاتیش باڵا دەستبوون، لەبواری شۆرشگێڕییەکی کردەییەوە، گیڤارا روحی ئەو سەدەمی بوو، هەروەك تێزەکانی مارکیسزم و بەتایبەتیش وتەکانی هۆشی منە، ماو، رۆجیە دۆربرێ، ترۆتسکی و.... تاد سەرچاوەی تێگەیشتنی سیاسیی بوون و کتێبەکانی سارتەریش سەبارەت بەبەستانەوەی بوونخوازی لەگەڵ مارکسیزم، بەگوڕو جۆشترین بابەتی ئەو خوێندکارو نووسەرانە بوون کە من وەك گەنجێك تازە تێکەڵاویان ببووم. هەر بۆیە من ئەو کات بەهەمو ویستی ناخمەوە، وامدەزانی لەناو جەرگەی جیهان، ژیان ئامادەم“ بەدەم شەپۆلی ویستی ڕوبەڕوبوونەوەی ماڵ، جڤاك و رژێمی زەبەڵاحەوە، خۆم بەگیڤارا دەزانی.

لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زێی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

بەڵێ، بابەتی سەرەکی ئەو ڕۆژگارەی کە منی لەنێوان فشاری ماڵ و دەسەڵاتی ڕژێمی بەعسەوە سەرگەم کردبوو، گۆڕانی ئەو ئاوەزە خێڵسالارەی بزاڤی سیاسیی کوردو دابڕانی جڤاکی کورد بوو لەو دۆخە بندەستیی و نەریتییەی کە سیخنانحی کردبوو، لێرەدا کۆی ئەو جیهانبینییەی کە من و هەوەڵەکانمی سەرقاڵکردبوو چڕ ناکرێتەوە، لێ ئەوکات ئەو تێڕوانینە، بەهۆی ئەو هەرسە کتوپڕو تراژیدییەی ١٩٧٥ەوە، توانی زۆربنەی گەنجی کورد بورووژێنێ.

هەرچۆنێك بێت، لەو دۆخەدا وەك چۆن لەمنداڵییدا نەمدەتوانی ئەو دەسەڵاتە هارارکییەی ناو خێزان و دەسەڵاتی مامۆستاو پیاوە باڵادەستەکانی ناو گوندەکەم قبووڵ بکەم، ئەو قۆناغەش ڕوبەڕوبوونەوەی یەکێتی قوتابیان ولاوانی سەر بەعس لەقوتابخانەو لایەنگرانی بەعس لەدەوروبەرەکەم بوون بەئەرکێکی نەتەوایەتی و ڕۆشنبیری من، بەمجۆرە بەرێگای هاوپۆلێکمەوە، چەندان کوڕانی چالاکی"کۆمەڵەی ڕەنجەدرانی کوردستان"م ناسین. ئەو ناسینەش بوو بەپەیوەندییەکی سیاسی، چونکە ئەوکاتە پەیوەندی هاوڕێیەیەتی زۆرینەی ئەو نەوەی من، لەسەر بنەمای هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەر ڕژێمی بەعس و هەبوونی ڕوحی شۆرگێڕانە بوو. ئەوکات لەئاستی شکۆمەندی و ئاکارییەوە، بەعسی بوون و بێ هەلوێستی بەرامبەر سیاسەتی شۆڤێنی بەعس دژی کورد، سەرشۆڕی و خیانەت بوو. بەمجۆرە من بەسەرگەرمییەکی زۆرەوە کەوتمە چالاکی سیاسیی لەگەڵ ئەو بزاڤە نوێیەدا.

لێرەدا ناکری کاریگەریی ئەو کوڕە بێدەنگ و سیاسەت ئیدیاڵە لەیاد بکەم، کە بۆ من وێنەی شۆڕشگێڕییەکی بەڕاستی لەخۆبوردوو خاوەن کتێبی بەهاداری ڕۆشنبیرو سیاسی ئەو ڕۆژگارەی لاویەتیی من بوو.

**موحسین سیاسی، ڕۆژانە بەروخساری جیاوازو بڵاوکراوەی کۆمەڵەوەو هەندێك جاریش بەدەمانچەوە لەشەقامەکانی هەولێر دەسوڕایەوە. کاتێك لەژورێکدا لەگەڕەکی"کوران"**

لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زێی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

**بەتەنیا دەژیام، ماڵەکەم بوو بەشوێنی کۆبوونەوەی ئەو کۆمیتەی کۆمەڵە کە موحسین سیاسی بەرپرسیی بوو.**

ئێواران لەگەڵ موحسین، رۆستەم حەمەدەمین، هەندێك جار بەرێز حەوێز، سەباح شوکری و ئەوانی تر کە ناویانم لەیاد نەماوەن، دەچووین بۆ"چایخانەی مەچکۆ"و "عەبۆ"و ئێوارانیش لە"گازینۆی لیالی" کۆدەبووینەوە.

رۆژانە موحسین سیاسی لەگەڵم دەهاتەوە ماڵەکەم، کە ئەوکات ئەو بەتەنیا ژیانە، بوونی ماڵێك تۆ بەتەنیا تێیدا بژی، دەگمەن بوو. بۆیە لەگەڵ موحسین سیاسی بەرنامەمان دانا چەندان خەڵکی سەر بەرژێم بدزین و لەو ژورەی مندا حەشاریان بدەین. مخابن، لەسەرەتای پاییزی ١٩٨١دا موحسین سیاسی (بەداخەوە ناوی باوکیم لەیاد نەماوە) لەگەڵ ناسر کرێکار، کە ئەویش یەکێك لەو کورە جەربەزانەی ئەوکاتی کۆمەڵە بوو لەهەولێر، بەمەبەستی کوشتنی پارێزگاری هەولێر، کەناویم لەیاد نییە، بەخۆیان و دەمانچەوە دەچنە ناو پارێزگای هەولێرو لەوێدا ئاشکرا دەبن و دەگیرێن.

حەفتەیەك دوای گیرانی موحسین، بەهۆی ئەوەی من ئەدرێسی ماڵە نوێیەکەم نەدابوو بەمەکتەب، بەڵکوو هەما ئەو ئەدرێسی "هۆتێل خانزاد"م لەمەکتەب مابوو، بۆیە ئەمنی بەعس بەدوای من و رۆستەم حەمەدەمینەوە هاتبوون بۆ قوتابخانە. بەڵام ئێمە بەهۆی گیرانی موحسین سیاسییەوە نەدەچووینەوە مەکتەب. پاشان ئەمنەکانی بەعس داوایان لەکورێکی هاوپۆلم بەناوی نەجات کرد بوو کە یەکێك بوو لەئەندامانی یەکێتی قوتابیانی مەکتەبەکەمان، ئەدرێسی من بدۆزێتەوە، کە ئێستا وەك بیستم لە"گەڕەکی کرێکاران" عیادەی خۆی هەیە، ئەویش بەرێگای هاورێییەکی هاوپۆلمەوە پەیامی بۆ ناردم کە ئەویان راسپاردوە ئەدرێسی من بدۆزێتەوە، بۆیە داوای کردبوو کە من خۆم رزگار بکەم. هەروەها ئەمنەکان بەنەجاتیان وتبوو ئەگەر من ئەو کارە نهێنییە بزانم، ئەو ل جێگەی من دەگرن.



لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زێی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی رۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

بەهەمە حاڵ، من چیتر نەچوومەوە مەکتەب. وێرای هەراسانی بەدەست ئەو قەدەرەی ئاشکرابوونەوە، بەڵام هەر وەك گوتم، هەستم دەکرد تارماییەکی جەربەزەم لەهەولێردا دەسووڕێمەوە، بەمجۆرە نزیك یەك مانگ لەرەوشتێکی نیگەران و سەرمەستانەدا لەهەولێردا مامەوە، هەندێك جار دەچوومە ماڵی بەرێز حەوێز یان ڕۆستەم حەمەدەمین، کە ئەویش ئێستا لەهەولێر دەژی، کە ئێمە هەردوکمان سەر بەکۆمیتەی "کۆمەڵە" بووین کەموحسین بەرپرسیی بوو. بەمجۆرە من و ڕۆستەم بڕیارماندا ببین بەپێشمەرگە.

ڕاستیەکەی ئەو ساڵە، ١٩٨١ بەشێوەیەکی سەیر ڕێکخستنەکانی "کۆمەڵە" لەکوردستاندا ئاشکرا دەبوون، بەڵام من ئێستاش بەشێوەیەکی دروست بەڵگەیەکم بەردەست نەکەوت هۆکارەکەیم بۆساغ بکاتەوە، بەهەمە حاڵ، چونکە ئێمە لەکۆمیتەکەمان دابڕا بووین، بۆیە نەمدەزانی چۆن بگەینە ناو ئەو ناوچانەی پێشمەرگەی"یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان"ی لێ بوون، بۆیە بەهۆی بەڕێز حەوێزەوە، کە ئەویش سەر بەکۆمیتەیەکی تری کۆمەڵە بوو، بەکوڕێکی ناسندین کە ناوی شاخەوان بوو، ئەو کوڕە ئەرکی بردن و ڕێنیشاندەری ئەو ئەندام و لایەنگرانەی کۆمەڵە بوو بۆ ناو پێشمەرگەی "یەکێتی نیشتمانیی کوردستان" بەمجۆرە بەمجۆرە من و ئەو ڕۆستەمە لەبەیانییەکی زودا، کە شەوەکەی لەهوتێلێکی نزیك لە"نەقلیاتی هەولێردا" خەوتین، بەئوتومبێلێکەوە بەرێگای شەقلاوە بۆ خەلیفان ڕۆیشتین و لەوێشەوە بەسواری پیکابێکی"تویتا"ی سپیەوە لەگەڵ گوندنیشنەکان، بەرەو "بالیسان" ڕۆیشتین.

ڕاستیەکەی ئەو کات ئەم جۆرە ڕۆیشتنە سەرکێشییەکی مەترسیدارو هاوکاتیش بەچێژیش بوو، مەفرەزەیەکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە"بالیسا" بوو، کە نەوشێوان مستەفا سەرپەرشتی ئەو مەفرەزەیە بوو. لەوێ بۆیەکەم جار شەڕی نێوان سوسیالیست و یەکێتییم بینی. لەیادمە بەهۆی ئەو شەڕەوە، بناری چیای"هەورێ" گڕی گرتبوو. چەند ڕۆژ لە"دۆڵی بالیسان" و "مەلەکان"ماینەوە. پاشان ئەو مەفرەزەیە داوای لەمن کرد

لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زێی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

لەگەڵ مەفرەزیەك كە"هاوڕێ كاوە"بەرپرسیی بوو بچم بۆ"ناوەزەنگ". لەو ڕۆژەوە لەرۆستەم حەمەدەمین دابڕام.

دوای ماوەیەك مانەوە لە"ناوەزەنگ". ڕۆژێك ئەو هاوڕێ كاوە هاتە لام و داوای كرد دوای حەفتەیەكی تر بە"خەتمائیل" لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەكی تر بڕۆمە ناو هێزی "لەشكری ئیسلامی" كە ئەوكات ئەوان لەئێران چەكیان وەردەگرت، یان هێزێكی سەر بە ئێران بوون.

ڕاستییەكەی ئەوكات ئەو كارە بۆ من زۆر سەخت بوو، چونكە من زۆر دژی ئیسلام و ئیسلامی بووم، بۆیە لەبەر كاری سیاسیش نەمدەتوانی ئەو یارییە تێبگەم. بەمجۆرە زۆرم هەوڵدا لەم ئەركە سەختە ڕزگارم بێت، بەڵام بێ سوود بوو. هاوڕێ كاوە وتی ئێمە بڕوامان بەئەندامانی كۆمەڵە هەیە، بۆیە كە ئەو ئەركەمان پێسپاردن نابێ ڕەتبكەنەوەو كەسیش نابێ بەوە بزانێت.

من تا هاتنی ئەو ڕۆژە لەنیگەرانییەكی گەورەی ناوەكییدا دەژیام. هاوكاتیش لەو دەمەدا وەفدێكی ڕژێم بۆ گفتوگۆ لەگەڵ یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان هاتبوون بۆ دەوروبەری ناوەزەنگ، كە بەروانگەی ئەو كاتی من، گفتوگۆكردن لەگەڵ ڕژێمی بەعس، لەتێگەیشتن بەدەر بوو.

من لەبارەگایەكدا لەگەڵ چەند دكتۆرێك و كەسانی تر دەژیام، كە ئێستا تەنیا ئەو دكتۆر "زریان عوسمان"ـەی ماوەیەك وەزیری تەندورستی بوو لەیادە، كە زۆر دژی گفتوگۆكردن بوو لەگەڵ بەعسدا. لەیادمە دكتۆر زریان دەیگوت: نابێ كۆمەڵەی ڕەندەرانی كوردستان لەگەڵ ڕژێم گفتوگۆ بكات.

هەرچۆنێك بێت، من ڕۆژێك پێش وادی چوونم بۆ ناو"لەشكری ئیسلامیٚ" بەبێ ئەوەی كەسێك لەیەكیتیی نیشتمانیی كوردستان ئاگادار بكەمەوە، ڕێك ڕۆیشتم بۆ ناو حزبی شیوعی. هەرچەندە ئەو ڕۆژە ئەو كارە بۆ من زۆر سەخت بوو.

بەمجۆرەو لەو رۆژەوە هەم لەباری روحی و هەم لەڕوی جیهانبینیەوە، وەك جاران، بڕوام بەپێشمەرگایەتی و سیاسەت نەما. لێ ئەوکات من هیچ رێگایەکی دیکەم نەبوو، بێجگە لەمانەوە لەگەڵ حزبی شیوعی رێگایەکی دیکە نەبوو، چونکە نەبڕوام بەتەسلیمبوونەوە هەبوو نەدەشمتوانی بیر لەچوونە ئێران یان ئەورووپا بکەمەوە.

ئیتر لەو رۆژەوە، وێرای ئەوەی کە لای من پێشمەرگایەتی ئەرکێکی ئیتیکی نەتەوایەتی یان بەرهەڵستکارییەکی جوانناسیی بوو، هاوکاتیش واتای پاراستنی شکۆمەندی ئەو خودە بوو کە لەمنداڵییەوە بوو بەشێوازێك لەژیانم، دەمەوێ بێژم، هەر لەسەرەتای بوون بەپێشمەرگە لەبری ئەوەی روبەڕوی ڕژێم ببمەوە، کەچی لەچوارچێوەی ئەرکەکانی حزبدا تووشی شەڕکردنێك بووم کە پێی دەڵێن "شەڕی براکوژی" لەکاتێکدا هەر سەرەتای ئەو شەڕە بەناو براکوژییەی شاخبوو کە ئاکامەکەی بوو بەدزێوترین دیاردەی بزاڤی رزگاریخوازی کورد.

مرۆ ناکرێ ئەوە بهێنێتە پێش چاوی خۆی، کە من بەدژی رژێمێکی کوردکوژ رێگای پیشمەرگایەتی هەڵبژێرم، کەچی لەو شاخانەدا یەکەم تەقەکردنم بەروی حزبێکی تری کوردییەوە دەستت پێبکات!

بێبەرنامەیی و کارەساتی ئەو بزاڤە چەکدارییە هەر تەنیا لەشەڕە بەرژەوەندی و خێڵەکی نێوان ئەو حیزبانەوە نەبوو کە کۆی وزەو توانایەی ئەو نەوەیەی بەسەنگەرگرتن لەو شەڕە شوومە خۆکوژییە بەهەدەردا، بەڵکوو ئەو بزاڤە هەڵگری هیچ جۆرە پرینسیپ یا پرۆژەیەکی نەتەوایەتی نەبوو کە بتوانێ ویست و توانای ئەو نەوە شۆڕشگێرەی هیچ جۆرە خەباتێکی بزۆك و سەردەمییانە جۆشبدا.

لێرەوە دۆزەخێکی تر لەژیانی من دەستیپێکرد کە لەدۆزەخی نەریتەکانی ماڵ، ئاسۆیە داخراوەکانی جڤاك و ژێر دەسەڵاتی بەعس ئالۆز تر بوو، چونکە لەو وێستگەیەی



لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زێی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

پێشمەرگایەتییەدا، ئاسۆیەکی تر نەما بۆ ئازاد بوون، بەمجۆرە پێشمەرگایەتی ئەو جیهانە داخراوە بوو کە بۆ من دەربازبوون تێیدا مەحاڵ بوو!

ئەگەرچی پیشتر پێشمەرگایەتی جۆرە ئومێدێك بوو بۆ رزگاربوونی خودو جڤاکی کوردی لەدەست ئەو بندەستیی و قەتیسمانەوە، کەچی لەراستییدا ئەو پیشمەرگایەتییەو ئەو خەباتە دەرنەچوو، بەڵکوو کێشەکە مانای رۆشنبیری و خوێندنەوەو نووسین“ واتا بیرکردنەوەو خۆ پەروەردەکردنێکی جیاواز بوو گاڵتە جاری.

هەر بۆیە ئەگەر پێشتر نەریتی هارارکیی خێزان و سنوورەکانی جڤاك و ملهوڕی دەسەڵاتی بەعس هۆکردگەلی ئیفلیجیکردنی ویستی سەربەخۆیی تاکەکەسگەلی وەك من بن، کەچی لەو قۆناغەی پێشمەرگایەتیدا پێکهاتەی حزبی بەناو رزگاریخوازەکانی کوردو ئەو شوێنگەیەی شاخ مەرگی کۆتایی ئەو تاکە کەسەگەڵە بوون لەدیدی مندا. راستییەکەی ئەوەی کە زەمینەی پێشمەرگایەتی خۆشکرد، بوونی پرۆژەیەکی نەتەوایەتی نەبوو لەکن کۆی حزبە کوردییەکان، بەڵکوو ئومێدەواربوونی ئەو حزبانە بوون بەشەڕی ئێران عێراق.

**ئەمڕۆ ناوەندی سیاسی و رۆشنبیری ڕوحی خوێندنەوەو راڤەکردنی مێژوی دۆڕاندووە،** ئەگینا هەموو دەزانین کە هەر لەسەرەتایی هەشتەکانەوە تاکو وەستانی شەڕی نێوان ئێراق ئێران و یەکێتی و پارتی، یان راستییەکەی کۆی ئەو بزاڤە چەکدارییەی رۆژگاری هەشتاکان، چارەنووسی خۆیان و کوردیان بەو شەڕەوە مارە کردبوو، هەبۆیە کاتێك رژێمی عێراق و ئێران ئەو شەڕەیان کۆتایی پێهێنا، ئیتر رژێم دەستی کرد بەو هێرشە ڕەقاوییەی کەبەئەنفال ناودێری کرد.

ئەو حزبانە چونکە لەبنەڕەتدا هیچ بەرنامەیەکان بۆ ئەگەرەکانی دوای وەستانی ئەو شەڕە نەبوو! چونکە ئەو بزاڤە شێوەیەك نەبوو لەشێوە یان تاکتیکی پرۆژەی شۆڕشێك، بەڵکوو تەنیا بەرتەکێکی هەستەکی یان جەڵەبی بوو بەرامبەر رژێمێکی وەك بەعس.

لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زبّی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی رۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

ئەو بەرتەکەی بزاڤی ئەو حزبانە هێندەی هۆکردی ملهوورییەکانی بەعس و هەڵگرسانی ئەو شەڕە دۆزەخەییەی دژی ئێران و کورد بوو، ئەوەندە بەرنامەیەکی داڕێژراوی تۆکمە ه پشت ئەستوور بەگوتارێکی نەتەوایەتی نەبوو.

بۆیە لەگەڵ سووتاندن و کاولکردنی ئەو دێهاتانەی کە بنکەو سەرچاوەی ژیانی خەباتی پێشمەرگایەتی بوون، لەهەڵاتن بەرەو ناوزەنگ و ئاوەرە بوونی پێشمەرگە لەئێران و تورکیا هیچ ئاسۆیەکی تری بۆ نەمایەوە.

بەڵێ، ئەو بابەتە بەسفت و سۆیە ئاخاوتنێکی بێندرێژی گەرەکە، کە لێرەدا مەیسەر نابێت. ئەوەندە بەسە ئاماژەی پێبکەم، من بەچاوی خۆم بینیم، هەر کاتێك سوپای ئێران لەگەڵ پێشمەرگەکانی پارتی و یەکێتیی دەهاتنە ئەو دەڤەرانەی کە چەندان ساڵ بوو بنکەی ئارامی پێشمەرگەو دێهاتنشینەکان بوون، کەچی دوای حەفتەیەك لەهاتنی سوپای ئێران، دەبوو ئاگرو ژیانی لەپێشمەرگەو دێهاتییەکان دەکردە دۆزەخ، من بەچاوی خۆم لەدەڤەری لۆلان و خواکورك، بەرزان و دەڤەرەکانی دیکەدا، ئەو راستییەم بینی. ئەمە لەکاتێکدا بەر لەهاتنی سوپای ئێران ئەو دەڤەرانە هێورترین دەڤەری پێشمەرگە بوون. بەڵام دوای جێگربوونی سوپای ئێران، رژێمی بەعس ئاگربارانی دەکرد.

لێرەوە نکۆڵیکردن لەو سیاسەتە وابەستەییەی حزبی کورد نەك هەر تەنیا بۆ داهاتووی کوردو خۆناسین هەژێنهێنەرە، بەڵکوو بێئەمەکییە بەرانبەر مێژوی ئەو بزاڤە، ڕاستییەکەی ئەو دۆخە داڕماوە، دەرهاوێشتەیەك لەو نەریتەی فەرامۆشکردن و خۆگێلکردنەوە کورد لەهەمبەر مێژوو یادەوەرییەکەی.

لێرەوە، بەکورتی ئەو گەندەڵکارییە ئابوری و ئەخلاقی و سیاسی و بێمانابوونەوەی پرسی نەتەوایەتییانەی کە ئەمڕۆ جڤاکی کوردی داهێزراندووە، ئاکامێکە لەو خەباتە چەکدارییە جەڵەبییەی هەشتەکان. ئەو خەباتە خەونی نەوەیەکی ئازادیخوازو ویستخوازی لەگۆڕنا،

لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زێی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

چونکە ئەوەندەی من لەویست و توانەکانی ئەو نەوەیە حەفتاو هەشتەکان تێگەیشتبم، لەپێناو ئەو ئاکامە هەژەندهێنەرە نەبوو کە هۆیەکی سەرەکی بەرپرسیارانی ئەو بزاڤە رزگاریخوازە بوون.

کەواتە نەبوونی بەرنامەی ئەو بزاڤە، کە تۆ سۆراغی دەکەی، لای من لەوەدا چڕ دەبێتەوە:

**"راستانێك، کۆڕەوێك، لەدەنگی خێڵێکدا ئاوارە دەبێ و**

**چڕنوکێك لەناوەکیدا بیرهاتنەوەکانت دەئەنجنێ.**

**مانایەك لەزاردا هەڵدەگەڕێتەوەو**

**نەوەیك لەزماندا غەوارە دەبێ.**

**شوێن پێیەك لەشۆڕش، لەیەکاتییەکی رماودا،**

**هەڕاجی رادەگەیەنێ.**

**مێژوویەك بەدەست دێوجامەی سەروەری بێسەردا.**

**ئیرادەی زڕاوە"**

<u>(باڵەفڕەی پەیڤەکان بەدەم رووتبوونەوەی هەنارەوە، بڕوانە نیگای دەست، ٢٠٠٤)</u>

هەرچۆنێك بێت، ژیانی پێشمەرگایەتی من لەگەڵ هێرشی ئەنفالی دۆڵی بالیسان، کە وابزانم ئەنفالی ٤ و ٧ بوو، دوای نزیکەی نیو ساڵ لەهێرشی تۆپ و فڕۆکەو سوپایی، دواجار بەهێرشی چڕ زەوی و ئاسمانییەوە خەتم بوو.

نزیك مانگی هەشت کاتێك رژێم کۆی هێزەکانی بەرەو"دۆلی بالیسان و دۆڵی گەوران لەباڵەکایەتی و دۆلی سماقولی" هێنا، دوای بەرەنگارییەکی زۆری هێزی پێشمەرگەی

یەکێتیی و شیوعی و سوسیالیست، کە راستییەکەی ئەو کات، من پێشمەرگەی پارتیم لەو شەڕانەدا نەبینیوە، چونکە پارتی هێزێکی کەمی لەو دەڤەردا ئامادەبوو، دواجار دوای چەندین مانگ شەڕ لەگەڵ هێزی ئاسمانی و سەر زەوی بەدژی هێرشەکانی رژێمی بەعس و جاشەکان"بەرەی جوود" بڕیاری کێشانەوەی بەرەو"ئاوزەنگ"و سەر سنوورەکانی ئێران دا، منیش لەگەڵ مەفرەزەیەکی حیزبی شیوعی بەرەو دەڤەری بادینان رەوانەکرام، بەو ئامانجەی لەوێوە بەرەو سووریا بچین. لێ لەگەڵ گەیشتنمان بە"بەری گارا" کە بنکەیەکی بچووکمان لەوێ هەبوو، **دوا هێرشی ئەنفال "ئەنفالی٨ لەپۆلیننکردنی ژمارەکان دڵنیا نیم!" بۆ سەر ئەو دەڤەرە دەستی پێکرد. جێگەی سەرەنجە، هەرچەندە دەڤەری بادینان زۆرینەیان سەر بەپارتی بوون، کە دێهاتەکانی بەهۆی سەختی جوگرافییەوە، لەزۆر دەڤەری دیکەی کوردستان زیاتر بوو، کەچی ئەو هێزانەی پارتی یەك رۆژیش، وەك هێزێکی پێشمەرگە، بەرووی سوپای بەعسدا هەڵنەشاخان، لەکاتێکدا بەهۆی سەختی شاخ و داخەکانی ئەو دەڤەرەوە، دەکرا باشترین بەرەنگاری ئەنجامبدرابا، لەوەش زیاتر پارتی دیموکراتی کوردستان نەك هەر ئەو بەرەنگارییە چاوەڕوانکراوەی رانەپەڕاند، بەڵکوو هەر زوو بەشێکی زۆر لەبەرپرسەکانیان بەهۆی هاوخێلیی یان خزمایەتییان لەگەڵ سەرۆك جاشەکانی ئەو دەڤەرە، خۆیان رادەستی رژێم کردەوەو ئاپۆڕەیەك لەو گوندنشینانە سەرگەردان بوون و لەو شاخە مانەوە، دواجاریش رژێم بەدڕەندەترین شێوە گەمارۆی دان و داوای هەتکردنی ژنەکان و کێژەکانیان، ڕەوانەی ئۆردوگا سەربازییەکانی دەڤەری شێخانی کردن.**

ئێمەش، وەك مەفرەزەکی هیلاك و نەشارەزا، کە بەهۆی چاوەڕوانی ژن و منداڵی پێشمەرگەکانی لقی شێخانی  حزب، بەدەست ئابلۆقەی هێزەکانی رژێمەوە، وێڵ، برسی و تێنوو بە رێککەوتنێکی سەیر دوای یەك مانگ گەیشتینیە گوندێکی کوردستانی باکور،



لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زێی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

که نیوەی ئەو گوندە سەر بەباشوری کوردستان و نیوەکەی تریش سەر بەباکوری کوردستان بوو، تەنیا رووبارێك لێکیجودا دەکردنەوە.

بەڵێ، ناکرێ ئاماژە بەوە نەکەم، **شەوێکیان بەدەم ڕێوە لەدۆلێکی ئەو چیایەی بەرانبەر بارزان شۆڕ دەبووینەوە، کیژێکی حەوت هەشت ساڵەی ئێزیدی بەناوی "ئێوان"نمان دۆزیەوە. ئەو کیژە لانەوازە وەك کەروێشکێکی تەنیا بەو دۆڵەدا بەرەو ڕوی ئێمەوە هەڵدەزنا، "ئیوان"، وەك زارۆکێکی تەنیا، بەو شەوە دۆزەخییە نەك هەر نەدەگریا، بەڵکوو، وەك ئەوەی دەمێك بێت ئێمە بناسێ و لێمان هەڵەتە بوویێ، بەچرپەوە کەوتە ئاخاوتن لەگەڵماندا.ئەو کیژە بوو بەهاوسەفەرمان و دواتریش هاوڕێیان بەکۆمەڵە جاشێکیان سپارد کە بێیگەیەننەوە دەست کەس و کاری لەدەڤەری شێخان. بەمجۆرە ئەو جاشانە ئەو ئەرکە جوامێرانەیان ڕاپەراند و "ئێوان" یان بە ماڵباتەکەی گەیاندبوو.**

**پێشهاتی "ئێوان" روباری ژانێکە، خوێنێکە هەمیشە بێدەنگ لەناومدا گنگڵدەدا، بێ ئەوەی ئاراستەیەکی بۆ دەرچوون لەو بێدەنگییە هەبێت، چونکە ئەو کۆستانە لەماڵێکدا سارێژ نەکران. بۆیە ڕەوشتی بێماڵی، مەیلی شێتبوون و خۆکوشتن، تاکە ماڵێکە پەنام نادا!**

**بەهەمەحاڵ، دەبوو من ماڵێك لە وێنەی "زێی بادینان" بۆ "ئێوان" چێبکەم، چونکە ئەو "زێی بادینان"ە "ئێوان"ی لانەوازەکرد، لێ لەوکاتەوە تا هەنووکە لەو بێماڵییەی خۆمدا، تەنیا توانییومە لەپەیڤگەلێکدا "ئیوان" لەیادەوەریی خوێن لێبەربوونی خۆمدا پەنا بدەم:**

**"هێشتا هزرم**

**وەك ئەو شەوەی (ڕۆژەی!**

**مەرگ لەگەروی شەپۆڵدا**

**تاوی بۆ دەهێناین،**

لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زێی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

**که "ئێوان"ی لانەوازە بوو**

**بێباکانە دوا داستانتی نسکۆکانی**

**بۆ دەبێژراین!"**

(سیعری، ئێوان ، ١٩٨٩، ئوردوگای خۆی)

بەهەمە حاڵ، ئێمە **شەوانە نابەڵەد بەرەو تورکیا، بێئاوو نان بەناو دڕکەزی رەبییەو مۆڵگەی سەبازو جەشەکاندا بەرەو تورکیا رێمان دەکرد، دواجار لەسەر چیای "شیرین" تریفەو تینوییەتی زارمان بەمیزی خۆمان شکاند.**

**ئای لەو تێنوویەتییە، ئێستاش تامی ئەو میزەم بەیاد دێتەوە، دۆشدامان دەمگرێت! کاتێك گەیشتنیە ئەو گوندەی باکوری کوردستان، کە گوندنیشینەکان هەموویان جاش بوون، وەك پیشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان خۆمان ناساند**، چونکە نەدەکرا وەك پیشمەرگەی حیزبی شیوعی خۆمان رادەستی تورکیا بکەین.

هەر چۆنێك بێت، نانێکی باشیان داینێ و شەویش ئێمەیان دالْدەداو سپێدەکەش ڕادەستی قەرەقۆڵی تورکانیان کردین. دوای ماوەیەك بەدەست بەسەری لەسەربازگەکانی تورکیا، رۆژێك بەزیلێکی سەربازی ئێمەیان لەسەر سنوری ئێران فرێدا.

هەڵبەت ئەو دەڤەرە دەکەوێتە نزیك سێگۆشەی سنوری ئێران و تورکیاو عێراق، نزیك خواکورك، لەوێش خۆمان ڕادەستی پایەگایەکی سەر سنوری ئێران کرد. سەربازە ئێرانییەکان ماشێنیان نەبوو، ناچار بەپیادە بەرەو "زێوە" رۆیشتن. ئێمە حەوت هەشت پێشمەرگە بووین، چونکە لەنیوەی ڕێگا بەهەمە سەختی پەڕینەوە لە"زێی بادینان" لێکدابڕاین، ئەو مەفرەزەی کە من لەگەڵیدا چوومە ئێران، نیوەی عەرەب بوون، بەمجۆرە

لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زێی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی رۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

**لەزێوەش وەك پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان خۆمان بەپاسداران ناساندو ئەمانیش ئێمەیان بەبارەگایەکی پارتی سپارد.**

دواجار دوای نزیك دوو ساڵ مانەوە لەئۆردوگای "خوی" و"کەرەج" کەحیکایەتی ئەو ئۆردوگایانەش درێژە، حزبی شیوعی بەناسنامەی ساختە ئێمەیان وەك گروپی بچووك تا سنوری تورکمانستان، کە ئەوکات هێشتا سەر بەسۆڤییەتی کۆن بوو، بردو لەوێشەوە بەپیادە خۆمان گەیاندە سەربازگەیەکی ڕوسی.

لەوێش نزیك بەدە رۆژێك لەسەربازگەیەکی ڕوسی لەتورکمانستاندا زیندان بووین و پاشان ئازاد کراین. بەمجۆرە دوای ماوەیەك مانەوە لەپایتەختی تورکمانساتان"چوارجوو" و پاشان مۆسکۆ، شەوێك پێیان وتم بەیانی زو خۆت ئامادە بکە. بەیانییەکەی زوو من و چوار پێنج هاوڕێی تریان گەیاندە فڕۆکەخانەی مۆسکۆ. لەوێش بێپاسەی پۆرت سواری فڕۆکە بووین، بێئەوەی بزانین بەرەو کوێ دەچین. لێ کە چووینە ناو فڕۆکەکە، وتیان کە گەیشتن بلیتکەتان لەناو فڕۆکەدا بدڕێنن و فڕێبدەن.

بەمجۆرە لەگەڵ فرینی فڕۆکە، دەستم بەڤۆدگاو وێسکی و شەراب خواردنەوە کرد. سەرەتای شەوێکی کۆتایی مانگی ١٠ی ١٩٩٠بەسەرخۆشی گەیشتنیە پایتەختی سوید، ستۆکهۆڵم. بەڵێ ئەمە تیرێژێك بوو لەدەستپێك و کۆتایی ژیانی سیاسی، پێشمەرگایەتی، پرسی شێتبوون و خۆکوشتنی من کەواتە:

**"لە ناوەکەمدا:**

**لەنێوان ئێرەو ئەوێدا،**

**شوورایەك لەزەردەواڵەی نامۆیی"**

**هەرەسێم لەشۆڕشێکی بێشووناس"**



لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زێی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

**لوورەی گەن... دەڵێی، لێرەشدا لەناختا ئاڵاون**

**سەفەری مەحاڵی هەنگاوی روبارمە.**

**بێماڵیت زمانتە"**

**زمانت ماڵەکەی:**

**بێماڵی هەندرێنتە.**

**ئەرسەلان مەحمود: واتێدەگەم قسەکردن یان هەستنەکردنی تۆ بەزەمەن، جیاوازی زۆری لەخوێندنەوەو تێگەیشتن و هەستکردنی زۆرێك لەوانی دی (نووسەران و رۆشنبیرانی کورد) سەبارەت بەدوێنێ و ئێستاو ئاییندە هەبووبێ و هەیە، لای تۆ مەسەلەکە هەرچییەك بێت، دواجار یەکسانە بەهیچ، هەروەك ئەوەی (براونینگ)ی شاعیر دەیگووت" ئێستا چرکە ساتی هەرەسی ئاییندەیە لەرابردودا" ئایا دەشێ چرکەساتەکانی تەمەن و زەمەن لەیەك کاتدا رابردوو ئێستاو ئاییندە لەخۆ بگرن؟ ئیزن بدەن لێرەوە دەمەوێ باسەکەمان بەرینە ناو دنیای ئەدەب، ئەو جیهانەی ئێوە لەپێنجی سەرەتاییەوە عاشقی بوون و شیعرتان نووسیووە.**

**هەندرێن:** هەرچۆنێك بێت، ئیستا مێژوی تاکی مرۆڤێك یان نەتەوەیەك بریتییە لەئاکامگری یان دوبارەکردنەوەی رابردو، ئێستاو ئاییندە، بێرابردو نەئێستاو نەئاییندەش لەگۆڕێدا نییە، هەروەك ئاییندەیەك بێرابردوو ئێستا لەگۆڕێدا نییە. ئەگەر پێناسەکردنی من بۆ رابردوو، ئێستا ئاییندە، یەکسان بێت بە"هیچ" پەیوەندی بەنەگۆڕی ئەو جوڵەی کات لەژیان و مێژوی کوردەوە هەیە.

تۆ دەبینی، بەلای کەمییەوە، **سەدەیەك زیاترە، وێڕای ئەو هەموو قوربانییە مەزنانەی کە مرۆڤی کورد بەخشیویەتی، کەچی لەگەوهەردا ئاییندەی کورد هەمان ئەو ئاییندەیە کە لەرابردودا دەیناسیینەوە.**



لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زێی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی رۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

لیّ، دیاره لەگەڵ لەدایکبوونی مرۆڤ، تێگەیشتن لەکات دەستپێدەکا، مرۆڤ هەر لەگەڵ ئەو تێگەیشتنەوە بەدوای ماڵێك یان گرێدراو بەهاومرۆڤ، نەتەوەکەی بەدوای مێژویەکدا دەگەڕێ، ئەو گەڕانە کە هاوکاتە لەگەڵ جوڵەی تەمەن و کات، وەك مەیلێکی مرۆڤانە خۆی بەدیار دەخات.

مرۆڤ بۆ ئەوەی بوونی بەرجەستە بکاتەوە، لەو مەیلەڕا هەوڵدەدا خۆی بدۆزێتەوە. ئەو ویستە بۆ دەرکەوتن، خۆی لەخۆیدا، لەروح و توانستی مرۆڤدا جێنشینە. ئەمەش مرۆڤ هاندەدا کە لەژیانی خۆییدا بهزرێت، هزرینیش بزوان و رێکردنە بەرەو بوون لەرێگەی ئەو جولاّنەوەیەوەیە دەبێتە هزرین. ئەو جولاّنەوەیە، لەرەوتە هێڵەکێیەکەیدا، دەنگ و ئاواز بەناو کاتدا پەرژ دەکاتەوە، ئاکامی پەرژ بوونەوەی پرۆسەی ئەو جولاّنەوەییە دەبێتە پەیڤین. پەیڤینیش گفتوگۆکردنی لەگەڵ ئەو دەوروبەرەی کە مرۆڤی تێیدا جێنشینە. لەو دەوروبەرەشدا هەموو چەشنە شتێك هەیەو ئەو شتانەش بۆ مرۆڤ دەبنە دەروازیەك بۆ بانگهێشتکردنی مرۆڤ.

گشت ئەمانە لەناو زماندا جێنشینن و زمانیش بۆ خۆی ناولێنانی ئەو یادەوەرییەی مرۆڤە کە لەگەڵ کاتدا دەرسکێ. بۆیە رابردوو، ئێستاو داهاتوو ئاکام یان رەنگدانەوەی خودی تاکەکەس یان کۆی مرۆڤ، نەتەوەیەکە لەهەنوکەدا، ئەو مێژوەی مرۆڤیش بەبێ زمانێك لەئارادا نییە، چونکە ئەو زمانە کە ژیانی مرۆڤ بەرجەستە دەکاتەوە، بە گۆدێنێ.

لەوەش بترازێین، تۆ"قسەکردن"یان"هەستکردن"ی من"یەکسان بەهیچ"یان واژەو دەستەواژەیەکی دیکە پێناسە بکەیت، کەچی دواجار من کوڕی ئەو رابردوو، ئێستاو داهاتووەی خۆم و بەتێگەیشتنەکانی خۆشمەوە بوو پرسیارو چارەنووسەی داهاتووی خۆم و هاوزمانەکانم دەخوێنمەوە کە دەرەنجامی ئەزموونەکانی رابردوو ئێستای منن. بەمجۆرە ئەگەر من تەمەن، رابردوو، ئیستاو داهاتووی خۆم و ئەوانی تر لە"هیچ"دا



لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زێی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

جێنشین بکەم یان نا، لێ من لەشوێنێکی دیکەدا، بەواتایەکی کراوە گوتوومەو ئێستاش جەختی دەکەمەوە: کە **من بوونەوەرێکی درەوشاوەم، تا ئەم بۆشاییە رۆشن بکەمەوە، کە لەبەرچاومدا پەرژ بۆتەوە، لەناو ئەم بۆشاییە شلەژاوەدا دەمەوێ مانایەك بەم بوونەوەرە ببەخشم، کە نەوەی منم، پەرێشانییەکی کۆنینە لەناومدا دەژی. خەونێك خەونم پێوە دەبینێ و دەخوازێ شوێنێك لەکەناری ئەم جیهانەدا دابهێنێ. بەدەم ئەم خەونەوە لەلێوارەکەی ئەوبەری جیهاندا بەرەو ڕوی ڕووبارێکی شلەژاو ڕێدەکەم بەمە دەمەوێ بەهێمنی لەم بوونەدا بژیم.**

ئەم بوونەش شیعرە، شیعریش ناسنامەیە، ناسنامەش زمانە، ئەم زمانەش خەیاڵ، بیر ڕۆیی تەقینەوەو ئاوازەکانی ناوەکییە. وەك ئەوانی تر دەخوازم لەئاوێنە ناوەکییەکانی زماندا خۆم بینم، کە زایەڵەی رۆح و زرینگانەوەی یادەوەرییە. دەخەوم تا خەون بینم، دەپرسم تاکو خۆم و ئەوانی تر بناسم، سەفەر بۆ دۆزینەوەی خۆم و زانیارییەکان دەکەم. ئێستا من لیرەم، لێرەی بێ شوێندا، کە نەرابردو، نەئێستاو نەداهاتوم ناسناکات. شوێنێك کە وەك ئەوانی تر بانگم ناکات پەیوەندی نێوان من و ئەو شوێنە، پەیوەندییەکی سومبلییە، یان بەزمانێکی نەبیستراو لەگەڵمدا دەپەیڤێ.

**کاتێك "ئێستا دەبێتەوە چرکەساتی ئایندە لەرابردودا" کەواتە مرۆڤ و ژیان، کۆی مێژوو جووڵەیەکەی بەخۆیەوە نەبینییوە، یان بەواتا هێگڵییەکەی رابردوو لەخۆیدا دەرنەچووە.**

**بەمجۆرە من ئێستا لەسەر ڕوی بۆشاییدا وەك سەراب دەجمجێم، نەبینراوانە گنگڵ دەدەم و لەگوتنێکی نەبیستراودا جێگیریم، واتا بەزایەڵەی زمانەوە لەنێوان رابردوو، ئێستاو داهاتوودا جێشنینم، کە هەمان چرکەساتە.**

لێ، سەبارەت بەشیعر نووسینم لەپۆلی پێنجەمی سەرەتاییدا، بەشێکی پەیوەندی بەمەیلە ڕەمەکییەی من بوو، کە خۆی کاریگەرییەکە لەدۆشداماں بەرامبەر بەنهێنییەکانی سروشت

لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زێی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

و گەردون، کە هەر لەکاتی منداڵییەوە دۆشاداماومان دەکات، بەدیوێکی دیکەدا بەڕای من، پەیوەندی بەچوونە ناوخۆوە هەیە. هەندێ کەس لەسروشتی خۆیدا دەرەکییەو هەندێکیش ناوەکییە. بەمجۆرە ئاشنا بوونی من لەو تەمەنەدا بەشیعر، لەسەرەتادا کاریگەری ئەو مرۆڤ و ژینگەیە نەبووم کە تێیدا چاوم کردەوە، بەپێچەوانەوە خوێندنەوە بەگشتی لادان بوو لەنەریتی ماڵەوەو گوندەکەمان. هەروەك کاری رۆشنبیری وەك خوێندنەوە بەگشتی لادان بوو لەنەریتی ماڵەوەو گوندەکەمان. هەروەك ئیستا کاری رۆشنبیری وەك کردەیەکی هیگڵیی، ریسواترین کارە لەجڤاکی کوردییدا. بەگشتی بەهۆی ئەو پێکهاتە خێڵەکیی و ڕەوشە سیاسییەوە ئالۆزەی کە هێشتا لەماسوولکە پێوانەی خزمایەتی خێڵ قەتیسماوە، بەهای رۆشنبیری مانایەکی نییە. چونکە راستییەکەی لەبنەڕەتدا حزبی کوردی و کاری سیاسی گواستنەوەی نەریتی خێڵە. بۆیە لەو چوارچێوەیەدا کردەی نووسین، لەکاڵایەکی لاوەکی سیاسەت زیاتر بەهایەکی دیکەی نییە.

بەهەند وەرگرتنی کردەی رۆشنبیری هی جڤاکێکی بیرکەرەوەیە. لەوێدا پایەی مرۆڤ لەجیاوازی توانای تاکە کەسەکاندا بەجەستە دەبێتەوە، لەجڤاکێکی بیرکردەوە یان تاکە کەسییدا واتای ڕەهەندی رابردوو، ئێستاو ئاییندەی مرۆڤ بەدەسەڵاتی هەتا هەتایی سەرۆك خێڵ و مەزندە نەگۆڕەکانییەوە گرێ نەدراوە، بەڵکوو بەئەفراندن و وزە بزۆك و جیاوازەکانی تاکە کەسەکانەوە دەبەسترێتەوە. بەمجۆرە تا هەنووکەش لەجڤاکی ئێمەدا، بەهۆی ئەو قەدەرە ئەبەدییە بندەستییەی کورد، مرۆی کورد ناچارە لەناو چوارچێوەی ئاراستەیەکی بەکۆمەڵدا وزەکانی خۆی تەرخان بکات. کەواتە نەوەی لەجڤاکی کوردییدا رابردوو، ئیستاو ئاییندەی تاکی کورد دیاری دەکات، خودی ئەو ڕەوتە بەکۆمەڵییەیە کە بەبزاڤی رزگاریخوازی کورد ناودێر دەکرێت.

جێگەی سەرنجدانیشە، هەرچەندە هێشتا کەم کەس هەیە سەرنجبدا، بەهۆی مانەوەی ئەو پێکهاتە گشتییە کوردیە تا ئێستاش ئەو سەرچاوەو کەسایەتییانەی کە ئاراستەکانی



لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زێی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

ئەو ئەو بزاڤە دیاری دەکەن، نەریتی باوی خێڵ و مرۆڤە ئاکار خێڵەکانن. لەوەش بترازێین، سەبارەت بەسەرەتا تێکەڵبوون بەشیعر، **ڕەنگە من سەرەتا وەك بەرتەكێك بەرانبەر ئەو دژە نووسین و نەریتە باوانەی خێزان و ژینگەکەم، هانام بۆ شیعر بردبێت. رەنگە بەهۆی ئەوەی کەمن لەو ژینگەیەدا هەستم بەتەنایيەکی ناوەکی قووڵکردبێت، بۆیە وەك منداڵێکی بێماڵ خوم بەشیعرەوە گرتبێت. ڕەنگە لەو تەمەنەدا هەراسانبوونم بەدەست گەرمای هاوینی ئەو دەڤەرەو گەردەلوو خۆڵبارانەکانی، کە بۆ من لەنەریتە قوڕس و غەدارەکانی خێزان و ئەو ژینگەیە دەچوو، یان رەنگە لەداخی ئەو سەرئێشانەی کە دوای هەموو هوڕەبایەك لەهاویندا تووشی دەبووم، یان رەنگە بەهۆی مەراقی نەبوونی قەڵەم رەنگ، کە بۆن و رەنگەکانی پاکەتی قەڵەم رەنگ چێژێکی لەرادەبەدەری پێدەبەخشیم، یان دۆشدامانم بەرانبەر سەرهەلگرتنی گەردەلوول بێت کە تا چاوبڕکا سەیرم دەکرد، رەنگە بەهۆی حەز نەکردم بەتێکەڵاویی و گەمە نەکرن لەگەڵ منداڵانی ئاوەزەی خۆمەوە بێت، کە دواجار لەو تەمەنەدا دەبوو شتێك هەبێ خۆمی پێوە بخافڵێنم و ... تاد، پەنام بۆ شیعر نووسین بردبێت. نازانم!**

وەلێ وێرای ئەمامەش، شیعر کردەیەکە لەدۆشدامان بەرانبەر بەپرسیارەکانی ژیان و گەردون، شیعر زایەڵەی زمانە. شیعر لەبێدەنگیی زماندا، سەفەرێکی ناوەکییە. لێرەوە من لەسەرەتاوە، هەروەك ئێستاش، لەنێوان ئەو ژیانە ڕوکەشەی کە مرۆڤ سروشت دەرەکییەکان و نەریتە باوەکان باڵادەست و نەریتە باڵادەست بوون و دەبن. لەو بێدەنگییە زایەڵەدارە جێنشین بووم.

وێڕای ئەمەش، وەك لەپێشتر گوتم، لەو تەمەنە منداڵیی و ژینگە دژە رۆشنبیرییەدا، شێوازو ئاکاری مامۆستا عومەر مەعروف بەرزنجی ڕۆڵێکی کارای هەبوو لەوروژاندنی مەیل و هەستی خۆشەویستی من بەرامبەر بەشیعر. بێتە بەر چاوت، لەگوندێکی دورە دەست و داخراو بەنەریت و سنورە خێلەکییەکان بۆ یەکەم جار، بەپێچەوانەی نەریتی ڕوشکێن و



لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زێی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

ترسناکی مامۆستایانی کورد، لەجیاتی دار حەیزەران و مڕو مۆچییەوە، مامۆستایەك ڕۆژانە لەبری خوێندنەوەی وانەیەکی بێتام و سەپاندنی ئەرکی بەیانی بەسەرماندا، سەرەتای وانەکانی بەزمانێکی شەپۆلداری دلبزوێن بەخوێندنەوەی کۆپلە شیعری وروژێنەر دەستپێیکا، چۆن شادییەك بەخویندکارانی ساوا دەبەخشێ؟ بەڵێ، ئەوکات بۆ من و بگرە چەند هاوپۆلێکی تر، مامۆستا عومەر مەعروف بەرزنجی، بەرەخنەگرتن و پووچکردنەوەی نەریتە چەوتەکانی خێزان و جڤاك بەرانبەر منداڵ و خودی خۆیان و پاشانیش خوێندنەوە چەندان شیعر، وەك ئەفسانەیەك وابوو. هەر بۆیە ئەو مامۆستایە تاکە مامۆستایەك بوو کە وای لێدەکردەم ڕۆژانە بەجەستەیەك لەخەیاڵ و سۆزەوە بچمە مەکتەب. بەکورتی ئەو مامۆستایە لەو ماوەیەی کە لەوگوندەدا مایەوە، بەباسکردنەکانی لەسەر شیعر، خوێندنەوەی شیعر، ئەو کتێب و شیعرە دەستنووسانەی کە بەئێمەی خوێنکاری دەدا، زیاتر بەرەو جێنشینبوون لەو بێدەنگییەی شیعری بردم. لێرەوە ستایشێکی منداڵانە بۆ مامۆستا عومەر مەعروف بەرزنجی.

**ئەرسەلان مەحموود: بوونەوەرێکی درەوشاوە؟ یان باڵندەیەکی بەختەوەر؟ ئەو باڵندەیەی هێلانەیەکی شوێنــگری نییەو مەیلی چ جۆرە فڕینێکی مەودا دیاری نیەو بۆ کوێ بچێ ڕێگاکان لەبەردەمیدا ئاوەڵان، ئێ دەی ئەوەی کامەرانی ئێوەی تەڵخ کردوەو دەکات چییە؟ ئەو مانایە کامەیە هەندرێن دەیەوێ بەبوونی ببەخشێ و چ خەونێکە خەون بەتۆوە دەبینێ؟ دەبێ ئێوە چیتان لەم مەملکەتی درۆ دەلەسەیەو بێئەمەکی حزب و فەرمانڕەوایەتیەکی وەك ئەوەی دەڵێن هیچ و پووچ و ستەمکاری چەقبەستوو، لەشاری بێ جەژن و ئاهەنگی ناشاد جێهێشتبێت؟ ئێوە پێتان وایە لێرە لەکوردستان ناهێڵن خۆشەویستی هەناسەبدات؟ باشە کوڕێژگەیەکی یاخی، بەڵام شەرمن و تاڕادەیەکی زۆریش گۆشەگیر، ڕاوی ماسی و باڵندەی چجۆرە کەنار دەریایی جیهانێك دەکات؟**

لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زێی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحموود.

**هەندرین:** مرۆڤ کە هەر لەمندالّییەوە لەشوێنێکی ترو کەسێکی تردا جێنیشین بوو، هەمیشە لەباڵەفڕێ و جوولەیەکی ناوەکییدایە. بەمجۆرە لەئاستی زماندا بوونە ئەویترێکی ئایدیالی، دۆخێکەی لەنێوان خەونبین بەجیهانێکی تەژی لەچرپەو ساتمەکردن لەجیهانێکی مردۆخدا، کە لەوێدا کۆت و بەندەکانی نەریت و "ستەم و زۆری کەسانێکی چەقبەستووی شاری بێ جەژن" روحت پەلبەست دەکەن. کاتێکیش ئەو تەرزە بوونە بوو بەبوونەوەرێکی زمانی، ئاوێزان بەزایاڵەی پەیڤ، روح دەبێتەوە کوانووی سووتانی حەسرەت و خۆزگە لەبن نەهاتووەکان. ئەو چەشنە بوونە قەدەری وایە کە دۆخی هەنووکەی ژیانی ببێتە شەپۆلێك لەپرسیار، دڵەڕوکێ، گنگڵدان، بێزاریی و هاوکاتیش چێژی لەهێکڕا.

بەمجۆرە خۆ نواندنی وەك"بونەوەرێکی درەوشاوە"و"باڵندەیەکی بەختەوەر" لەنەبوونی ئەو ماڵەدایە کە ئەو بوونە دەروشانەوەیە یان باڵندە بەختەوەرە لەوەتەی هەیە بەرەو دۆزینەوەی لەسەفەرێکی ناوەکییدایە. منێك کە هەر لەتەمەنی منداڵییدا هەستم کردبێت کە وێنەی منداڵی من لەشوێنێکی تر، ماڵێکی ترەو ئەمەش لەگەڵ تەمەنی مێردمنداڵییدا بەرەو ئەو گەڕانێکی گاڤ وێڵی فڕاندم و دواجاریش بەرەو شاخ و لەوێشەوە ئەو هەراسان لەژینگەی منداڵدایە دەبێتە"دروەشانەوە"یەك کە سەرچاوەکەی لەگەڕان بەرەو ئەو شوێنەدایە کە منداڵی فرچکی پێوە گرتووە. لێرەوە ئەوە بوونەوەرە"دروەشاوەیەو باڵندەبەختەوەر"ە، لەئامادەیی ئەو دۆخەی بووندایە کە هەمیشە لەخەونی ئەو وەرزەدایە کە ئەو شوێنەی بەرایی خۆی، کە تەینا لەبێدەنگی زماندا ماوەتەوە، شکۆمەند بکات.

کەواتە بوونی من لەنێوان بێداربوونەوەو خەونبینندا، تەنیا لە"درەوشانەوە"ی ئەو چرکەساتەدایە کاتێك زمان ئەو شوێنەی منداڵی، خاکی یادەوەرییە لەنماییشێکی کتوپڕدا دەسازێنێ و ئاوەڵای دەکاتەوە. جێگیربوون لەو جیهانییە زمانییەدا، خۆکردنە بوونێکی "درەوشاوە"یە لەزایاڵەی زماندا.

لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زێی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

بۆیە لێرەدا ئەو مەملەکەتەی کە تۆ باسی دەکەی، وێنەی ئەو جیهانە واقیعییە کە تەنیا شوێنێکی زمانییە، خاکی یادەوەرییە. گەڕانەوە بۆ ئەو"مەملەکەتە"ش تەنیا بۆنکردنی شوێنپێیەکانی یادگەی منداڵی خاکی وێران و تاڵانکراوە، نیگەرانی هەوەڵێن چاوکردنەوەی زمانە. بەمجۆرە، لەکن من، ئەو"مەملەکەت"ە، جیهانێکی هاوردەیی شوێنێکی زمانییە، نەك ماڵی کۆتایی زمان، دواجار ئەو"بوونەوەرە دەرەوشاوە" لەنێوان ئەو شیعرییەتە بۆرژان، وەنەوزی زمان،"مەملەکەتە چەقبەستووە"دا، لەنێوان باڵگرتن و سەنگرانەوەدا، تەنیا ژنە دەبێتە کەنار شوێنی خەونەکان.

یاخیبوونی لەو"مەملەکەت"ە بێماڵە، پرسیارکردنە لەناسنامە نادیارییەکەی ئەو شوێنەدا. بەمجۆرە من لەناو خەونی زمان، خاکی یادەوەرییدا، وەك سەراب بوونێکی"دەرەوشاوە"م. وەك شوێنێکی سەرابی نابینا ڕوانە گنگڵ دەدەم و لەگوتنێکی نەبیستراودا جێگیریم، واتا بەزایەڵەی شیعرەوە بەرەو مەواداکان خلۆر دەبمەوە. بەشیعر لەناخی شەپۆڵەکاندا دەژیم. شەپۆلی ماوەکانی نێوان دەرەوەو ناوەوە، یان لەدیارو نادیاردا دەژیم.

لەو ئەم نامۆبوونە، گەڕان بەدوای شکۆمەندی شوێن، خاکی یادەوەرییدا، تەنیا ژن بوونی هەیە. ژن و شیعریش ویستێگە بەرەو شوێن تەکانم پێدەداو بۆنی بوونم پێدەبەخشێ. لێرەدا ژن: مێیایەتی شوێنەو نەرمی ڕۆناکیم پیدەبەخشێ. شیعر بەرجەستە کردنەوەی ئەم جەستەیە.

بەواتایەکی تر شیعر بەرجەستە کردنەوەی مێینەیی شوێنە. کەواتە ژن و شیعر لەسەر خاکێکی بێشوێندا عەدەمێکی ترە. ئەم خاکەش بێ ڕۆناکی جەستەی ژن نابینرێ. ژن، لێرەدا ڕاکێشانی نەرمییەکە ناحی نامۆییم دەبزوێنێت. ئەمەش ئازارێکی بەردەوام و چرپە چرپی تارواگەیەو بەچوونە ناو ئەو جەوستە نەرمە نەبێ ناوەستێت، کەجەستەی ژنە.



لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زێی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

بەمجۆرە پەرۆشخۆریی بۆ ئەو"مەملەکەت"ە تاڵانکراوە، مەیل و حەسرەتی ئەو ڕوحە منداڵییەیە کە لەزماندا جێنتشینە. بۆیە دەستبەردار نەبوونی زمان، خەونبینینی ئەو ڕوحە منداڵییەیە لەباڵەفرێی پەیڤدا، بەدەم بێداربوونەوە لەو خەونەدا، شیعر دەبێتە پەیڤین لەگەڵ شوێندا: نێرینە لەگەڵ مێینەدا. دواجار"بوونەوەرێکی درەوشاوە یان باڵندەیەکی بەختەوەر"، زایەڵەی خودە لەگەڵ خاکی یادەوەریدا، زرینگانەوەیەك لەشەبەنگی شوێندا. بەمجۆرە کاتێك من لەمەودا وەرگرتنێك لەو"مەملەکەت"ـەدا لە"درەوشانەوە"دا جێنشین دەبم، خەونیش ئەوها لەزماندا باڵەفڕێ دەکات:

**" باڵێك لە ڕۆح و**

**حەستەشم ڕۆناکی هەنار.**

**من چیتر بەراڤەی سەرهاتی هەبوونێك سەرقاڵ نیم.**

**ماڵەکەم دەنگێکە،**

**لەسروشتی باڵندەو زایاڵەی ئەزموونێك"**

**ئەرسەلان مەحمود: واتا پەناگەی شیعر ئازاراویترین و هەمیش جوانترین ئەو سەفەرە بوون بۆ ئێوە دواجار ئەو ئارامیەیە شپرزەیەی داوەتە ڕۆحتان و دونیای"پرسیارو گومان، بێهودەیی، عەشقێکی قوڵ، تەنهاییەکی بکوژی ئاشنا کردبێتن؟ باوەڕناکەی ئەو ڕوانگەو دونیا بینینە هێزی دیتن لەچاو بسەنێتەوە؟ ئەگەر ئەوە سروشت و دونیای ئێوەو شیعری ئێوە بێت، ئایا دەتانەوێ دواجار مرۆڤ بکەنەوە بەگژ خۆیدا؟**

**هەندرێن:** شیعر کردەیەکی هەمیشە دووانەییە: خەوتن لەزمان و ئامادەبوون لەواقیعدا، ئەمەش خۆی لەخۆیدا پرۆسەیەکی نائاساییی، ئاڵۆزە، چونکە شاعیر وەك بوونەوەرێکی شیعری هەمیشە لەدۆخی ئێستادا نیگەرانی، لەشوێنێکی ترو لەناو کەسێکی تردا دەژیت“

لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زێی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

کەسێکی ترە، لەبۆیە بوونم لەنێوان ئەو دۆخەو واقیعدا، هەمیشە ئارامییەکی ڕوکەش و شپرزەییەکی قووڵ بووە.

لێ سەبارەت بە"هێزی دیتن"، لەی من ئەمە تەواو پێچەوانەیە: شاعیر بەچاوێکی ناوەکی لەبوون و گەردون دەڕوانێ، تاکوو ئارتۆر ڕامبۆ واتەنی، ئەودیو یان نادیارییەکانی بوونی زمان ببینێت. هەر بۆیە شیعر زمانی بێدەنگی، چرپاندنە. بەمجۆرە شیعر خەون نابینێ، بەڵکوو خەون لەناویدایە، هەروەك شیعر باسی واقیع دەکات، بەڵکوو خودی خۆی واقیع، ژیانە. ئەگەر شیعر کردەی"دیتن"بێت یان بوویایە، کەواتە دەبوو ئەو واقیعەمان بۆ بگێرێتەوە کە بریتییە لەدۆخێکی وەستاو، زانراو، گوتراو.

لێرەدا زیندویەتی، ئاکاری ئێرۆسیی شیعر لەوەدایە واقیعگەلیکی شاراوەو گەردونێکی کۆرپەیی لەزماندا دەدۆزیتەوەو ئاوەلا دەکاتەوە. بەڵام ئۆکتاڤیۆ پاز واتەنی، کاتێك شاعیر یان مرۆڤ پێی خستە ناو ئەو جیهان و گەردوونە، یەکسەر ببێتە خۆلەمێش، تاکوو شیعر هەمیشە لەسەفەرو ڕامانی چڕ، ناوەکی خۆیدا بەدوایی جیهان و گەردون نوێیەکانی ناو زماندا ناسرەوێت.

بەڵێ، کاتێك لەدۆخی خەونی شیعر دەژیم، هەست بەهەژان و زرینگانەوەیەك لەئەڤین و پەنگدانەوەیك لەئامادەیی خۆم دەکەم، کاتێکیش دەکەومەوە ناو ئەو ژیانە گەمارۆدراوە بەبوودەڵەییە، هەست بەشەپۆلێك لەئازارو شپرزەی ژیانێکی بێروح دەکەم. لێ هەستکردن ئەو ئازار، شپرزەییە هی ئەوەیە کەتۆ وەك بوونەوەرێکی شیعری، زمانی، پرسارو گومانت لەو ڕەوشە وەستاوو دابڕاو لەخەون هەیە. بۆیە بێبوونی ئازار، گومانێك نییە. هەروەك بێ بوونی پرسیار، نەسەفەر، بینێکی ناوەکی ئێرۆسی شیعرو نەپرۆسەی بوونێکی زایەڵداریش هەیە.

لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زێی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

لەو دیدەوە، پەرۆشی من ئەوەیە، کە مرۆڤ هەمشە بەگژ ئەو ڕەوشەی خۆیدا بێتەوە کە تێیدا مرۆڤانە دەژیت. پەرۆشی من ئەوەیە کە مرۆڤ هەمیشە بەسەرگەرمی، سەرمەستی و دڵەکوتێیەکی چێژدارەوە، بەنێوان ئەو خەون و جیهانەدا ئاوێزان بیت، یان بگوزەرێنێت، تاکوو هەمیشە بەدەرکەوتنی دیمانەی ئەم جیهان و گەردونە نوێیە تازە چاوتروکاوەکانی زمانی شیعرو شیعریەتی بوون شاگەشکە بێت. پەرۆشی من ئەوەیە، مرۆف بەویستێك لەمەیلی گەڕان بەدوایی هەمیشە شکۆمەندکردنی بوونەکەیەوە، بەگژ ئەو ڕەوت و رەوشە بینراوو گوتراو ئەو تەرزە ملەکچ بوونە بەو ژیان و جیهانە مرۆخە بێتەوە، کە بەهۆی قانوون، نەریت، ترس لەدەسەڵات و... تاد خوی پێوەگرتووە.

**ئەرسەلان مەحمود: بەڵام زۆرێکی تر لەئاشناو نوسەرو شارەزایانی دونیای شیعر دەڵێن ڕێگەیەك، ڕەچەتەیەك، میکانیزمێکی دیاریکراو بۆشیعرو نووسینی شیعر نیە، وەك ئەوەی من لەوەڵامی ئێوە تێگەیشم، ئایا شیاوە شیعر قسە لەسەر کردنی جودا جیاواز تر هەڵبگرێ؟**

**هەندرین:** ئەزیزم، من مەیلێکم بۆ پەرو باڵکردن یان پێشنیارکردنی ڕێنماییەك بۆ شیعرو شیعر نووسین لەزەین و خەیاڵدا نییە، بۆیە دەخوازم ڕونیبکەمەوە، کە ئەوەی من لەئاستی ئاماژەکردندا سەبارەت بەشیعر دەریدەبڕم تەنیا چرپە یان ئاماژەکردنە بۆ ئاراستەگەلێك، ئاقارگەل و ڕێگاگەلێکە بەرەو شیعرو زمانی شیعر، تێگەیشتن لەکردەی شاعیر بوون.

لەوەش بترازێین، ئەوەی کە لەزمانی کوردییدا، وەك هەمیشە لەئاستی گواستنەوەی ڕوکەشی نەك گۆکردنێکی ناوەکییدا سەبارەت بەنەبوونی دوا پێناسە یان هیچ پیناسەیەك یان چوارچێوەیەك و قسەگەلێکی لەو تەرزە بۆ ناساندنی شیعر دەگوترێتەوە، بنەمایەکی لەوە قووڵتری هەیە. بەکورتی سەرچاوەی ئەو قسەیەی کە شیعر لەپێناسە بەدەر ئەوەیە، کە لەبنەڕەتدا کردەی شیعراندن خۆی بەجۆرە تیۆریی و مایفەیەکی دیاریکراوو جێگیردا گرێنادات، وەك ئەوەی کە کردەکانی تری نووسین لەمەڕ سیاسەت جڤاکناسیی و ... تاد.

لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زێی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

بەوە راهاتووەن، بەڵکوو شیعراندن بەڕوی هەموو جۆرە زانین و"رەچەتە"یەك یاخی دەبێت، هەر بۆیە کردەی شیعریی و خودی شاعیر بونیش، هەردەم و هەمیشە لەدۆخێکی ڕوبەڕوبوونەوەدان. بنەمای ئەمەش پەیوەندی بەو پرسیارەوە هەیە کە شیعراندن بریتییە لەو گومانکردنەی کە لەبری ئەوەی چنینەوەو نمایشکردنی زانیاری حازر بەدەست خولیای گەڕانە بەناو ڕاڕەوو کون و کەلەبەرەکانی ژیان و بوون.

**شیعر بەرەو ئاقاری ئەو بوونە تەنیایەی مرۆڤ بەڕێوەیە کەوەك گەردونێکی تەنیا چاوەڕێی ڕاچەڵەکینە بەئاوەڵاکردنەوەی جولەیەك، ئاسۆیەك یان دیمانەی یەکەم گزینگی هەتاوی بوون، تاکوو شوێنە ڕوتەنەکەی بەجەمەی بوون ئاوەدان بێتەوە.**

کەواتە **شیعراندن شەبەنگێك، رەنگەگەلێك لەبوون و جوانییەکانی ڕوحی مرۆڤە، کە بەبەردەم پەنگدانەوەو پرژاندنی پەیڤەگەلێ و نەوای زمانەوە ڕومەتی ژانێکی کۆرپەلە ئاوەڵا دەکاتەوەو بەگۆی دێنێت.**

لێ، وەك ئەوەی لەسەر زاری ئاخێوەری کوردییدا باوە، شیعر تەنیا بریتی نییە لەهەست و سۆزو دور لەتێڕامان، بەڵکوو شیعراندن بریتییە لەهەڵکۆڵینی ئەو خاکەی کە گەوهەرەکەی تەژییە لەچرپەی زانین و شەپۆلی ڕوح و زایەڵەی بوون. لەوەش زیاتر، شیعراندن، نەئەمەو نە ئەویشە.

**ئەرسەلان مەحمود: ئەو شیعرانەی هەندرێن دەیاننوسی، چۆن و لەچییەوە سەرچاوە دەگرن، بەواتایەکی تر، ڕەنگدانەوەی ئەزموون و تێڕامانی تایبەتن یان ئەوەی خەڵك دەیانەوێ لەبارەیانەوە چێژ وەربگرن و بخوێننەوە، یان بابزانین خوێنەرەکانی ئێوە کێن، ئەوەی زۆر خۆی دوبارە دەکاتەوە لەشیعری ئێوەدا چیە، ئایا هەرگیز بەسەرسامییەوە لەکارە ئەدەبی و شیعرەیەکانی خۆتان ڕوانیوە؟**

**هەندێن:** دەکرێ وەڵامی ئەو پرسیارە کوو پۆدارە، بەکتێبێك یان وتارگەلێکەوە کۆتایی نەیەت. لێ سەرەتا ڕێگام بدە، بەر لەوەی بەرسڤی پرسیارەکەتان بدەمەوە سەرەنجێکی خێرا لەمەڕ گرفتی ڕەخنەی کوردی بخەینەڕو، چونکە گرفتی ئەو پرسیارە لەم ڕەخنە بێدەمارو پاشکۆیەی کوردییەوە سەرچاوەی هەڵگرتووە.

ئاشکرایە چونکە تا ئێستا بیرکردنەوەی مرۆی کورد روح و مجێگزی وابەستەیی خێڵ و حزب و دەڤەر، پاشکۆیی پێڕگرو ... تاد سەرچاوەکانییێتی، لەبۆیە زۆرینەی ئەو نووسەرو شاعیرانەی کورد، جا بەهەر هۆیەك بێت، کە بەشێك نەبوونەو نین لەو پۆلێنکردنە مێگەلێنراوەی کە وەك نەریتێك، ڕەوتێك لەژیانی کورددا خۆی بەرهم دەهێنێتەوە، یان دەبێ لاتەریك لەو رەوتە مێگەلییەی رۆشنبیری کوردییدا بژین یانیش دەبێ جار جارە خۆیان ببنە رەخنەگرو داکۆکیکردن لەنوسین و شیعرەکانیان، ئەو دیاردەیەش یان دەرهاوێشتەیەکە لەو پەیوەندییە مێژوویی، کولتوریی و ... تاد کوردییەی کە ئاراستەی روحی کوردی دەکەن. بەواتایەکی رونتر: هۆکردی ئەمە بەندە بەپەیوەندییە جڤاکییەکانی کورد، کە لەسەر بونیاتی خێڵ و حزبدا هەڵنراوە. بۆیە ئەمڕۆ دەبینین **ئەوەی کە پەیوەندییە سیاسی جڤاکیی رۆشنبیرییەکانی کوردی جڵەوکردووە، خێڵە باڵادەستەکانن لەفۆرمی تازەی حزبی، توێژە باڵادەستەکانی حزبن.**

ئەگەر خێزانێك یان تاکە کەسێك خێڵێك یان دەسەلاتدارێکی حزب لەپشت نەبێت، کە خودی ئەو دەسەڵاتدارەش خۆی خێڵێکی لەپشتە، ئەوە لەهەموو مافێك بێبەش دەکرێت. بەهەمان شێوەش، ئەگەر **ئەمڕۆ نووسەرێك یان شاعیرێك پێرێك لەنوسەرو رۆژنامەنوسی هیچ لەبارا نەبوی میدیاکانی حزب یان پێڕێك لەبەناو نووسەرو شاعیری روح پاشکۆی لەپشت نەبێت، کەسێك نییە نەك هەر ئاوڕ لەنووسین یان شیعرەکانی بداتەوە، بەڵکوو بەهەموو شێوەیەکیش هەوڵدەدرێ گۆوە گیر بکرێت. زۆر جاریش، چونکە تۆ لەمێگەڵ دابڕاوی، بۆیە زۆر بێشەرمانە، نووسینەکانت دەدزرێ و تاڵان دەکرێت.**

لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زبێ بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

دیارە دابەشبوونی پەوەندییەکانی ئەو دیاردەو ڕەوتە لەمێگەلاندنەی کە وەك شێوازێکی ڕەها لەژیانی جڤاکی و رۆشنبیری کوردا لە ئارادایە، خۆی لەشێوەی جیاوازدا نمایش دەکات: **بەشێك لەو پێڕە نووسەرو شاعیرانە، حزب کۆیان دەکاتەوە، بەشێکی تریان روحی پەوەندیی خزمایەتی گلیان داداتەوە، بەشێکی تریان شارچییەتی دەبێتە بنەمای کۆکردنەوەیان، بەشێکی تر، ئەو پێرە نووسەرو شاعیرە روح کلۆڵانەن کە خۆلیای بوون بەجانتاو بەکۆیلەبوونی چەند نووسەرو شاعیرێکیان کردۆتە کوێخانەی خۆیان، کە ئەو پێڕە باوترین و نەگبەترین پێڕی باڵادەستی نووسەرانی ئەمڕۆن.**

ئەڵبەتە ئامادەیی کارای ئەو بەکۆیلەبوون و وابەستەییەی نووسەران و شاعیران بەتاکە نووسەرو پەوەندییە هاوارکییەکانی، بەرهەمی خودی پێکهاتە خێلسالاری، حزبسالاری و بندەستەیی مرۆی کوردە، ئەمەش بەهای یادەوەری و بیرکردنەوەی ئەرشیفی نووسەری کوردی دەعەجان کردوە، بۆیە نووسەرە کورد هەمیشە لەئاستی مجگێزو پەیوەندییەکانی خۆیەوە زیاتر بڕ ناکات.

لەبەشێك لەئاخاوتنەکانی پێشترمان، وتمان لاملی شیعر لەهەمبەر پێناسەکردن و لەقالبدانی بەهۆی ئەوەیە کە خودی شیعر، بەپێچەوانەی بوارەکانی تر، خۆی بەتیۆری و چەنەزانینێکی دیاریکراودا نابەستێتەوە. لێرە سەرچاوەی شیعرەکانی منیش لەتاکە سەرچاوەیەکەوە سەر هەڵناگرن، ڕێناکەن. منیش لەئاستی شیعرییدا، چاوێکم لەناو جیهانی خەواڵو بۆرژاندایەو چاوێکیشم لەناو جیهانی واقیعی دایە. بەدەم ڕێکردنی ئەو بوونەوە، سەرچاوەکانی من، بەشێکی لەجمەو چرپەکانی یادەوەرین، کەماڵی ئەو ئەزموونە هەمەڕەنگانەی ژیانی خۆم و ئەو کۆژیانەیەن لەگەڵ ئەوانی ترو شوێنگەلە روح بزێنەکاندا. ئەو ئەزموونانەدا بریتین لەشادی، دڵتەنگی، تۆران، ئاشتبوونەوە، مەرگەسات، زیندووبنەوەو تا ... تاد. هاوکاتیش بەدەم ئەو پێشهاتە ئەزموونکراوانەی ژیانەوە،

لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زبێ بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

ئەزمونونگەلێك لەخوێندنەوە بەچاوی ناوەکی و چاوەکی دەرەکی لەبیرکردنوەی من ئامادەییان هەیە.

بەشێکی تری سەرچاوەی ئەزموونی شیعریی من، باڵگەلێکی سۆز، هەست و شەپۆلّ و تاڤگەکانی روحی منن، کە بەرەو ئەو جیهانە خەیاڵێنراوە، خەوگرە هەڵمدەفڕێنن و هەڵمدەگرن. لەنێوان ئەو جیهانە، پێشهاتەکانی ژیان و ئەزموونی رۆشنبیرییەوە، شیعری من لەهاتوچۆو چرپە چرپ، بێدەنگیی و لەرینەوەدایە. ئەو پرۆسەیە سەفەری شیعرە بەرەو ئەو کەسە نامۆیە، کەسێکی تر، کە هاودەم هەم خۆمم و هەمیش کەسێکی ترە: منێکی هەمیشە سەفەرکردوو" بگۆڕ" بزواوە.

لێ، شیعری من لەئاڕاستەی گەڕان و ئاوەڕدانەوەکانیدا، هەمیشە بیّ ئامادەیی زرینگانەوە، تام و چرپاندنەکانی کۆی ئەو یادەوەرییە زمان، ژیانی من" واتا قوڵایەکانی شوێن، منداڵیی، ئەو زایەڵانەی کە زمان لەپرۆسەی ئاوەڵابوونەوەیدا لەسۆز، دلّ و روحمدا چاندویەتی، مانایەکی نییە. بۆیە شیعری من هەندێك جاریش، پەرتکردنی بێدەنگییەکانی ئەو یادەوەرییە دۆشداماوەی منن. بەمجۆرە من لەیادەوەرییەوە بۆ ئێرە، لەماڵی یەکەمی زمانەوە بەرەو ماڵی تاراوگەی ئێستا زمان، بوونی خۆم ریدەکەم و بەپێچەوانەشەوە، تاکوو بوونی من، زمانی شیعر هەمیشە لەبووندا بێت.

بەمجۆرە من، وەك ئەرکێکی کۆمەڵایەتی یان سیاسیی یان ئەخلاقی یانیش بۆئامانجێك، شیعر بۆ خەڵك نانووسم. ئەوەی کەم و زۆر شیعرەکانی منی خوێندبێتەوە، وێڕای بەسەر بردنی ژیانێکی زۆر لەپیشمەرگایەتی و ئاوێزانبوونم بەرەوشی سیاسی کورد، دەزانیّ کە من، وەك لەزمانی شیعری کوردییدا زاڵە، دۆستی ئەو جۆرە زمانە شیعرییە نیم کە بۆ هاندان یان روداوە سیاسی و دیاردەگەلی تری لەو بابەتانە دەنووسرێن. هەروەك من پێشتر

لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زێی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی رۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

و ئێستاش لەسروشتی خۆمەوە، **هەرگیز حەزێکم تێدا نییە کە بەدوای ئەو شێوە باوانە بکەم، وەك ئێستا، شیعری کوردی وەك مێگەل ڕادەدەن.**

هەمووومان دەزانین، کە بەپاڵەوانکردنی کۆی ئەو نووسەرو شاعیرانەی ئەمڕۆی کوردی، وەك ڕەوشی سیاسی، لەلایەن دەزگا ڕاگەیاندنەکانی ئەو حزبە دەسەڵاتدارانەوە سازێنراون، **ئەمڕۆ ئەگەر تۆ وەك شاعیرو نووسەرێك سەر بەو حزبانەو ئەو پێڕە نووسەرو شاعیرو ڕۆژنامەنووسە زمان کلۆڵانە نەبیت، کە بەرێگای حزبییەوە کۆی میدیاکانیان قۆرغ کردووە، ڕەسەنترین و دانسقەترین دەقی شیعری، ئەدەبیی و هزریی بنووسیت، بێجگە لەخوێنەرو نووسەری تاك و تەرا نەبێت، کەسێك نایانبینێت. ئەوەیە بەدبەختی زمانی کوردی.**

جا منێك کە نەسەر بەو پێڕە گەندەڵانەی مێدیا حزبی و تشت نووسە پاشکۆکانم و نەخزمی دەسەڵاتدارانیشم وەك ئەوەی باوە لەناو ئەم حزبانەدا، بۆیە ئەو بەزمی بەپاڵەوانکردن و قسە هەڵیت و پەڵیتانەی بەناوی ڕەخنەوە لەسەر ئەو نووسەرو شاعیرە روح هەلپەرستانە دەنووسرێن، بەخۆیانەوە خەریکم ناکەن.

لەکنە من، شیعر ئاماجێکی روحییە. ئەو روحەش لەزمانێکی تایبەت، شێوازو ئاوازێکی خۆکردەوە بەگۆ دێت. شیعر لەسەفەرەکەیدا بۆ رابردوو دەگەڕێتەوە، تاکوو لەهاتنەوەیدا یادەوەری زمان، پێشهات، ئەفسانە، هێما، شوێن و ... تاد بەرەو ئێستاو ئایندە لەگەڵ خۆیدا بهێتەوە، شیعری ئەمڕۆی کوردی ئەو ئەرکەی فەرامۆشکردوە، چونکە وابەسستەی دەرەوەی خۆی و چاولێکەرەو خنکاوە. هەروەك چونکە بیبەرییە لەئامانجێکی روحی و جیهانێکی تایبەتی، بۆیە زمانەکەی زوو لەبۆشاییدا دەچقێ. بۆیە دەبینی، **شاعیری ئەمڕۆی کوردی بەمێگەڵ بەمۆدەی "ئەشق" ێکەوە نووساون، کە خۆیان بێبەریین لێی، چونکە لەروحەوە عاشق نین.**

لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زێی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

لێرەوە پەرۆشی من، باسکردنی ئەو جیهانە کەلەناو مندایە، ئەوە زمانی شیعرە کە ئەو جیهانە ناوەکییە رادەگەینێ، شیعری من باس لەشتێك ناکا کە لەناومدا رونادا، بەڵکو زرینگانەوەو چرپاندنی ئەو زمانەیە کە لەجیهانی روح و بیرکردنەوەمدا دەژیت.

راستیەکەی من نازانم خوێنەریی من کێن! چونکە هێشتا بۆم نەبۆتە پرسیارێکی گرنگ. چونکە من، وەك سورشتی خۆکردی خۆم، مەیلێکم بۆ بەجەماوەری بوون نییە.

**من پێم خۆش نییە، وەك ئێستا بۆتە مۆدیەکی بەهەرمێن، رۆژانە شیعرەکانی خۆم بۆ ئەو ئەم بنێرم، تاکوو دەرۆزەی خوێنەر بکەم. من سەرگەرمم بەجیهان و ئەو تشتگەلەی ژیان و یادەوەرییانەوە خۆمەوە، کە خۆی لێونرێژن لەجمە، بۆیە خوێنەر بەرادان بدەم و داوایان لێبکەم لەسەرم بنووسن و لەسەریان بنووسم. یان بچمە رێزی ئەو پێڕانەی کە باون.**

**من حەزم لەجەماوەی بوون نییە. هەروەك خەمێکم نییە کە کێ لەسەرم دەنووسێ یان نا، چونکە دەزانم ئەوەی کە ئەو نووسینە بوودەڵانەی کە بەناوی ڕەخنەوە لەسەر ئەم و ئەو رۆژانە لەو بڵاوکراوانە بڵاودەکرێنەوە، سەرچاوەکانیان چین و کێن. بۆیە ئێرەییان پێ نابەم. ئەوگەمەیە تا بلێی، لەکردەی شیعرو شاعیری بەدورو بەدەرە کاسبییەکە لەهێلەکە فرۆشی دەچێت.**

بۆمن کافییە جار جار خوێنەرێکی بێدەنگ یان نەناسراو، یان کتوپڕ بەچەند وشەی سادە و هیدلێ شادی یان دڵتەنگی بەرامبەر شیعرەکانم دەردەبڕێت. من بەو خوێنەرە خەنی دەبم کە لەگۆشەنیگایەکی جیاواز یان بێ راسپاردەو داواکردن، دەست خۆشیت لێدەکات یان رەخنەت لێدەگرێت.

رەنگە ئەوەی لەشیعری مندا دوبارە دەبنەوە پەیڤگەلێکی بارگاویکراو بەروحی خۆم، تامی شوێن و زایەڵەی یادەوەریی خۆم بن. لەوانە: شەبەنگ، پەنگدانەوە، زایەڵە، تلانەوە،

لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زنێ بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی رۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

و...تاد بن كه ره‌نگه ئه‌وانه له‌چوونه ناو جیهانی خه‌والّووبووندا هه‌لّقوولّابن. ده‌مه‌وێ بلّێم. ئه‌وه‌ی له‌شیعری مندا هه‌میشه ده‌له‌رێته‌وه، بێداربوونه‌وه‌ی یاده‌وه‌ریی، بالّفڕه‌ی شوێنه.

به‌لّێ، من به‌زۆرینه‌ی شیعرو نووسینه‌كانم سه‌رسامم، شیعری "سكاندیناڤیا: دورگه‌یه‌كی تر له‌بخور" ده‌لّێی چڕكردنه‌وه‌ی كۆی پێهات و یاده‌وه‌ری زمانی منن. هه‌روه‌ك ئه‌و شیعره، شه‌پۆلّدانێكی هه‌دادان و سه‌رچلّی مه‌ته‌لّ، دۆشدامان، هێماكانی زمانی یاده‌وه‌رییین كه له‌سه‌فه‌ره‌كه‌یدا هه‌لّگری ئامانجێكی روحییه. شیعری"بالّه‌فڕه‌ی په‌یڤه‌كان به‌ده‌م روتبوونه‌وه‌ی هه‌ناره‌وه" یان "ته‌میانی بالّه‌كان" یان "گمه‌ی چیایه‌كان" یان "هه‌ندرێن" و ... تاد ئه‌زموونی نامۆن له‌شیعری كوردییدا. هه‌روا، بۆ نموونه، وتارگه‌لی وه‌ك: "ئێرۆسی گه‌ڕان به‌دوای ده‌نگ، قه‌ده‌ری كورد له‌چه‌پ ڕۆیه‌وه بۆ راستڕه‌وی، بوشگه‌رایی، بزاڤه نه‌گۆره‌كانی جڤاكیی كوردی، كورد له‌نێوان به‌رداشی ئیدۆلۆژیای ره‌هاگه‌رای و ته‌كنیكدا، پێرگری ره‌خنه‌گر، نه‌فراندنی گه‌نده‌لّی، مه‌سعود محه‌مه‌د ئێستێتیكای هزرێنكی خۆكرد" و دیان نووسین و وه‌رگێڕانی تر، كه تژین له‌زمانی ویست و ئیتكیی من.

بۆیه من، له‌و كه‌سانه نیم، نه‌زانم چی و چۆن ده‌نووسم، هه‌روه‌ك ئه‌و جۆره نووسه‌رانه نیم، كه له‌لایه‌ك خۆم به‌كوێخوای شیعرو نوێخواز بخه‌پێنم و هاوكاتیش به‌هه‌ستێكی قوربانییانه‌وه خۆم به‌مه‌غدوور بزانم. نا، من له‌ناخه‌وه ده‌مه‌وێ به‌ره‌و ئاقاری خوده ناوه‌كییه‌كه‌م، ئه‌و منه ره‌سه‌نه‌وه بڕۆم كه له‌زماندا ئاوه‌لّا، روت ده‌بێته‌وه.

**ئه‌رسه‌لان مه‌حموود: شیعری كوردی بۆ ئه‌وه‌ی زمانه‌كه‌ی له‌و بۆشاییه چه‌قبه‌ستووه‌ی ئێوه باسی ده‌كه‌ن، بۆ ئه‌وه‌ی له‌و وابه‌سته‌یی و چاولێكه‌راییه‌ی خستۆتانه ڕوو ده‌ربازی بێت و بگاته‌وه به‌ئامانجه رۆحی و جیهانه تایبه‌تیه‌كه‌ی خۆی چڕبكرێته‌وه، ده‌بێ له‌چی و له‌كوێوه ده‌ست پێبكرێ؟ مه‌سه‌له‌ن شاعیرانی كورد چۆن له‌نوسانی ئه‌و مێگه‌ل به‌مۆده‌یه‌ی ئه‌شق پێت وایه "له‌رۆحه‌وه عاشق نین" ڕزگاریان ده‌بێت؟**

لێره‌ی بێشوێندا ده‌بوو مالّێک له‌وێنه‌ی زێی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکه‌م. گفتوگۆی ڕۆژنامه‌وانی. ئه‌رسه‌لان مه‌حمود.

**هەندرێن:** ئەڵبەتە سەرچاوەی ئەو دۆخە شیعرییە وابەستەیەی کوردی و رێگا چارەکردنی، ئاخاوتنی زۆر هەڵدەگرێ، لێ لێرەدا هەوڵدەدەین ئاماژەیەکی خێرا بەکۆمەڵی رەهەند بکەین و لەوێشەوە پێشنیازێکی سووکەڵە بۆ وروژاندنی ئەو کۆئاگاییە بکەین، کە دەتوانێ بەرەو گۆڕان پەلکێش بکات.

بەڵێ، لەئاستی مەیلی گشتی و ڕوکاریی زماندا، کردەی شیعرو شاعیربوونیش، وەك هەر کردەیەکی دیکەی کولتوری جڤاکێك، ئاوێنەبوونەوە یان شەبەنگی ئەمدیوی بوونی ئەو مرۆڤەیە کە زمانەکەی ڕایدەگەیەنێت، لێ لەئاستی ناوەکی و گەوهەری زماندا، کردەی شیعرو شاعیربوون، وەك دڵێك لەزمان خستنە ژێر پرسیارو چرپاندنی گومانە لەو دۆخە ڕوکەش و جێکەوت و خودو گرتووە مرۆڤ زماندا.

لێرەوە، ئەو رەوشە تەکنۆکرات، رۆبۆتی، دیجیتاڵیی، پچڕپچڕو مۆدە بێکاکڵەی کە جڤاکی کوردی جلەوکردوە، شیعریشی تەنیوەتەوە. چارەسەرکردنی ئەو زمان و مۆدە بەئەشق بۆیەکراوە، حیکایەت ئامێزی وابەستەیەی شیعر بەویست و خواستی دەرەوەی خۆی، پەوەندی بەبوونی گومانێکی بەکۆمەڵی رەخنەگر، خوێنەری کوردیی و ناوەندە رۆشنبیری و جڤاکییەکانەوە هەیە. لەلای جڤاکێکی وەك کوردستان کە کۆی کردەی نووسین، پەیامی مێدیاو سیاسەتی کولتوری کە ئەمانەش چالاکی زمانی کوردیین، روکەشێنراو، بێکاکڵە کرابن، ناکرێ چاوەڕوانی بەرهەمهێنانی ئاگاییەکی کولتوری و زمانێکی شکۆمەندی نووسین و ئاخاوتن بکەین. بەکورتی کاتێك ئێمە گەوهەری زمانمان بۆئاستی ئاخاوتنی سەر زارەکی نەك هزری یان هۆشەکی کورتبکەینەوە، ئەوکاتە ناتوانین بەتەنیا شیعری کوردی ئەمرۆ بۆئەو خۆکردییە، هەڵگریی یادەوەری زمانی خۆیی، نەریتی رەسەنی خۆیی و ئامادەبوونی ئەو خودەی بەجیهانێکی گۆڕاو لەئێستادا بگەڕێنیەوە.

**تۆ دەزانی ئەمڕۆ زمانی کوردی، بەتایبەتیی لەباشوردا، لەرەوشێکی سەگێژدا دەژیت: لەلایەك روحی زمانی کوردی، شیعر تا هەنووکەش بەبرینی گۆڕان و داڕمانە قووڵەکانی نەوەدەکاندا دەناڵێنێ، لافاوی ئازادی زمان دوای نەمانی رژێمی بەعس، نغرۆبوونی ئەو ماوە کورتە لەئازادییە بەشەڕی نێوان حزبەکان، کە لەوێدا قووڵترین برین لەروحی زمان، شیعر درا. داوجاریش دوا رمانی سەدام و رژێمەکەی و نقوومبوونی زمان، بوونی کورد لەناو ناوماڵێکی کاڵا هەمە جۆرەکان، لەوانە ئینتەرنێت، مۆبایل، سەتەلایت و تیڤییە داگیر کراوەکان بەرێکلام، کلیپی پەرپووتی ستران، دیمەنە روکەشەکانی رۆژئاواو ... تاد، بەگواستنەوەی نووسینی کوردی بۆ ئاستی رۆژنامەگەری، واتا ئاستی زمانیی هەواڵیی، خۆشداکەنی، ریکلامی، کە ئەمەش بەرهەمێکی گەندەڵی و ئاکامی هاتنی ئەو ژیانە تەکنۆکراتییە بوو کە تەکنیك سەرچاوەیەتی.**

لێرەوە ئیتر زمانی کوردی، روحی کوردی، بێ هیچ بنەماییەکی ئاگایی، کەوتە ژێر رکێفی باڵادەستی ئەو مۆدە تەکنۆکراتییەوە. لەوێدا وەك ئێستا لەئارادایە، مرۆی کورد وەك ئامێرێك، بۆتە دیلی ئەو وێنە بزۆك و جیهانە دیجیتاڵەییەی شاشەکانی تیڤیی، ڤیدیۆ، مۆبایل و دیمەنە جەنجاڵەکانی ماس میدیاو ریکلامە هەست ووروژێنەرەکانی کۆمپانیا بازرگانییەکان. هاوکات رۆژانامەی کوردی، کە هاوکات لەگەڵ ئەو ڕەوشە تەکنۆکراتییەوە، بوون بەروبەری ئەو ریکلام و نووسینە تەکنۆکراتییەکان. تۆ دەبینی لەکۆی رۆژنامە کوردییەکان بوون بە مۆدە، بێئەوەی خوێنەر بپرسێت و رۆژنامەکانیش رایبگەینن، کە لاپەڕەی دواوە بەجەستەی سەیرو سێکسی و ریکلامی وێنەیی پڕ بکرێتەوە. لەدوتۆوی رۆژناکەکاندا ریکلامکردن بۆ کۆمپانییە بازرگانییەکان لەنووسێك زیاتر قەبارەکان داگیر دەکاو گرینگی پێدەدرێن. چاپکردنی رۆمانە خەیاڵاوییەکان، کۆشیعری بەرگ رازەوی بەوێنەی کچێکی مەیلەو رووت و ... تاد، دواجاریش زەقکردنەوەی ئەو تەرزە کتێبەی بەرگ سێکسیی و ناونیشان زەقانە لەلایەن کتێبفرۆشەکانی سەر شەقامەکان و نمایش



لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زبێ بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی رۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

کردنیان بۆخەلك، هاوکاتیش گرنگدانی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بەو تەرزە کۆشیعرە سێکس وروژێنەرو ڕۆمانە وەرگێردراوو خۆماڵییە تەژی لەزار قەڵەبالغی و ورێنانە، خوێنەرو نووسەری بەو ئاستە ڕۆشنبیرییە روکەش و ترسناکە، کە وێنەیەکن لەو ژیانە سێکسێندراوو تەکنۆکراییە، فرچکدا.

ئێستا ئەو خوێنەرو روشنبیرییە بۆش و روخۆکە، کە دەسەڵاتێکی تەکنۆکراتی، پچڕ پچڕ و سێکسی و روکەش ئاراستەی دەکا، زمان ئاراستە دەکا، بۆتە مۆدەیەکی بەهەڕمێن، بۆیە دەڵێم، بەهەڕمێنبوونی شیعری "ئاشق"ـانەو شاعیری بەڕوکەش"ئاشق"، بەرهەمێکە لەو جیهانە دیجتالی، تەکنۆکراتی، سێکسی، فیلمی هیندییە ئاسایەی کە بە هۆی شاشەی ماس مێدیا بینراوەکانەوە حکومی هەست، ئاگایی، دڵ و دەرونی جڤاك بەگشتی و نووسەر و شاعیری ئەمڕۆ بێئاگا، مۆدەخواز دەکەن. جا دەبینی وەك چۆن ئەو جیهانە سێکسی و سیخناخ بەخەیاڵەی ئەو جیهانە دیجیتاڵ، تەکنۆکراتییە بنەمایەکی نییە، تژییە لەساختە، بەهەمان شێوەش کۆی ئەو هەموو شیعرە بەناوی"ئاشقانە، دلداریی، یار"و شاعیرە بەقسە "ئاشق" و "سۆفی" و ... تاد، راستیی نین، بەڵکوو هەموو جیهانێکی درەکی و سازکراون، ئەوەی هەیە لاساییکردنەوە، یان بەرهەمێکە لەو جیهانە دێجیتاڵی، تەکنۆکراتییەی کە لەهەولێ ئەوەدام پێناسەی بۆ بکەم.

**لێ، لەوەش مەترسیدارتر خودی ئەو جیهان، کولتورە روکەشی دێجتاڵی، تەکنۆکراتییە نییە جڵەوی ئاگایی، روح، زمانی کوردی کردووە، بەڵکوو هەستنەکردن و بێئاگایی مرۆی کورد، شاعیرو نووسەرانە لەهەمبەر تەشەنەکردنی ئەو مەترسییەوە.**

کەواتە **ئەوەی دەتوانێ زمانی کوردی، شیعری کوردی لەو ژیانە تەکنۆکراتییە، بێئامانجە روحی و روخۆکە رزگار بکات، داڕشتنەوەی سیاسەتێکی کولتوری ئەوتۆیە بتوانێ بەرێگای نەخشەیەکی رۆشنبیری، چاپکردنی زنجیرەی کتێبی هەمە جۆری باڵا، ماسمێدیایەکی**

لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زێی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

**بینراوو خوێنەراوەو بیستراوی زانینی نەك روكەشی، كۆڕو دانووساندنێكی بەردەوامەوە، ئاگایكی تۆكمەو چێژێكی ئێستێتیكیی رۆشنبیرییەكی رەنگاو ڕەنگ لەروحی خوێنەرو جڤاكدا بچێنێت. لەتەك ئەمەش سازكردنی بزاڤێكی رەخنەیی رەسەن و كارا، ماریفیی و ئێستێتكیی، خاوەن رۆشنبیرییەكی نەریتیی و نوێیاو، هەڵكۆڵێنەر، نەك وەك ئەو رەخنە مجگێزخوازو روكەشەی ئەمڕۆمان، دەتوانێ ئاسۆیەكی تر بۆ چارەسەركردنی ئەو دۆخە مردۆخەی شیعری كوردی ئاوەڵابكاتەوە.**

بەمەش ئەو ویستە بۆ شیعری كوردی بگەڕێنێتەوە كە بتوانێ بۆ ناو زمان، یادەوەری كوردی رۆبچێ و هاوكاتیش روحێكی نویێ بو زمانە شیعریە ببەخشی كە ئەو روحە نوێیە، جیهانە نوێیە لەناو خودی زمانی كوردییدا ئامادەیی هەیە.

گەلۆ! لەو دۆخەی كەنووسەر، شاعیر، رەحنەگرو خوێنەرانی بەختەوەرن بەو زمانە تەكنۆكراتییە، بینراوە پچڕ پچڕو هەوەسە سێكسییەی ژیانەوە، دەكرێ ئەو بزاڤە لەدایك بێت؟ ئەوەی بۆ گومانەكانی خودی زمان بەجێدەهێڵین!

**ئەرسەلان مەحمود: بەڵام پێویستی ئەو گۆرانە هزریە ڕاستەقینەیەی ئێوە باسی دەكەن، بەرپاكردنی شۆڕشێكی درێژخایەنی گەركە، مەسەلەن وەك تاكێك تواناییني و هێزی ئەدەبی بەنمونە هەندرین لەكوێی ئەو جیددیەتەدایە، ئایا ئێوە ئەم هێزە لەنووسەرو ڕەخنەگرو شاعیرو ئەدەبیبانەی ئەمرۆی كورددا دەبین؟**

**هەندرێن:** راستەیەكەی من دەتوانم نەخشەی پرۆژەیەكی بزۆكی رۆشنبیری و رێگاو میتۆدگەلی جیاواز بۆ ئەو گۆرانە هزرییە راستەقینەیە دابرێژم و پێشكەشی ئەو هەموو ناوەندە رۆشنبیری و هونەرییانەی بكەم كە ئەمرۆ لەكوردستان بەناوی مجگێز خۆشكەرو دڵكێش قووتكراوانەتەوە.

لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زنێی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

لیَ، وەك خۆت دەپرسی، ئەو هێزە ویست و ئامادەییە بۆ پیادەکردنی ئەو پرۆژەیە لەناو ئەو ناوەندە رۆشنبیری و هونەرییە؟ دیارە وارمی ئەوە ئەگەر نەخێریش نەبێت، لێوانرێژە لەگومان. بۆچی؟ چونکە لەلایەك کە بەجۆرێك لەجۆرەکان لەبەرسڤی پرسیارەکەی پێشوومان‌دا ئاماژەمان پێکرد.

لەدۆخی ئێستای کوردستان هاوشان لەگەلّ ڕەوتی جیهانگیرییدا، زمانێك لەنووسینی کالاّ کڕی و کالاّ بەرهەمهێنان و کالاّ سازی بەرهەم دەهێنێت. وەك دەرهاوێشتەیەك لەئاوابوونی پەرۆشی رشنبیری بوو بەئامارزێك بۆ ئەدەبی و هونەری لەبواری زماندا، ئەدەب و هونەر، کۆی کردەی رۆشنبیری بوو بەئامرازێك بۆ گوتنەوەی حیکایەتە ترۆهات، ڕوکەش، وێکچوو، دێجیتالّی، مۆدەخوازی و... تاد. ئەو تەرزە مۆدەییەی نووسین هاوشان لەگەلّ لافاو کالاّخوازی، تێر نەبوون لەکالّاکڕین و فرشیتن، زمان و ئاخێوەرو نووسەری کوردیش تەنینەوە.

بەمجۆرە وەك چۆن دیمەنی ناوەکی ئار، بێبوونی زەمینەو ئاگاییەکی تۆکمەی جڤاکی، شاقام، کۆلّان، گەڕەك و پارك و گۆشە، مالّ و دائیرەکان بوون بەشانۆگەلی بازاڕی کالّای تەکنیکی هەمەجۆر، ئامێری رۆبۆتی، مۆبایل، خواردنی لەقووتووکراو، مۆدە زۆرەکانی جل و بەرگ، خواردنی بەسەرچوو ... تاد بەهەمان شێوەش، روبەری بلّاوکراوەکان، دەم و زار، مێشکی مرۆیی کوردی، بێبوونی سیتمێکی پەروەردەیی و ئاگاییەکی رۆنشبیری کارا، بێبوون بەعەمبارو تاقیگەی وتەی لێکترازاو، چەمك و تیۆری و هزرە رۆرژئاواییەکان و هەندێ مۆدەی رۆشنبیری عەرەبی و فارسی، بیئەوەی نووسەری کوردو تەواوی ناوەندە رۆشنبیریەکانی ناوکۆیی (کۆنتێکت) و سەرچاوەکانی ئەو وتە، چەمك ، تیۆری و هزرانە لەبەرچاو بگرن، بەمجۆرە وەك چۆن کالّای تەکنیکی، مۆبایل، سەتەلایت، ئۆتۆمبێل و کۆمپیوتەر مرۆی چەپێنراوی کود داغەزارو دەعەجانکرد، بەهەمان شێوەش، ئەو تەرزە

لێرەی بێشوێندا دەبوو مالّێک لەوێنەی زنّی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی رۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

ڕۆشنبیره ڕۆشنبیری و هونەری کوردی تووشی بارێکی ڕوکەش و هەلەکسی و بێ ئاراستە کرد. بەواتایەکی تر: زمانی کوردی کرد بەکاڵایەك بۆ بەرهەمهێنانەوە کاڵا سازیی.

بەم جۆره لەو ڕەوشەدا بۆ ئەوەی زمانی کوردی و ڕوحی کوردی لەو خود فەرامۆشییە ڕزگار بکرێت، دەبێت بەرۆشنبیرییەك فرچکبدرێت کە هەم ڕوحی بەرهەڵستکاری تێدا زیندوو بکاتەوەو هەمیش ڕوحی نوێکردنەوەی زمانەکەی، یادەوەری ڕۆشنبیرییەکەی. ڕزگار بوون لەو ڕۆشنبیری و هونەرە بەکاڵاکراوو ڕوکەشەو بەگەڕخستنی ئەو ڕەوتە، دۆزینەوەی ئەو ئاراستەیە بەرەو ئامانجێکی هاوبەشی داهێنەرو مرۆڤخوازە، دەخوازێ هەر لەسیستمی پەروەردەوە لەخوێندگا سەرەتاییەکانەوە تا دەگا بەزانستگاکان و "وەزارەتی ڕۆشنبیری"( ئەو وەزارەتە بنکەیەکی زۆر بەدە بۆ ئەو کاڵا سازییە هونەریی و ڕۆشنبیرییە) و یەکە یەکەی گۆڤارو وەشانخانەکان و ... تاد هەڵبوەشێنەوەو بەبەرنامەو نەخشەی ڕۆشنبیرییەکی کارای بیرلێکراوە سازبکرێتەوە.

دیارە ئەمەش **دەستمایەکی ئابوری کراوەو هێزێکی مرۆیی و ڕۆشنبیری، تیۆرو نێتودی تەتەڵەکراوو کوردێنراوی فرە ڕەهەندو فرە دەنگ و پسپۆڕی دڵسۆزو ئیدیالی، مامۆستای لەخۆبووردو لێبووردەو ئەڤینداری زانین، زمانناسیی زمانخواز نەك دەڤەرخوازو توێژەری کارا، ڕاوێژکاریی زرینگ و سەرڕاست و نووسەرو فرەزان و ... تاد گەرەکە. ئەگەر کۆی ئەو توانا مانەوی و مادییە فەراهەم نەبن، دەبێ هەوڵدەبن مەیسەریان بکەین، کە ئەمەش کارێکی مەحاڵ نییە.**

بەڵێ، بۆ ئەوەی ئەو گۆڕان بنەچەکییە بەسەر پێی خۆی بکەوێت، دەبێ لەبنڕا، ئەو سیستمە پەرتەوازە ڕۆشنبیرییە گشتێندراوو سیمبۆلپەرست و تاکە نووسەر پەرستە ڕوکەش و بێ شوێنپێیە، ئەو دیدە ئاسۆییەی ڕۆشنبیرییە کوردییە، کە ڕەگەکەی لەئەقڵی خێلەوە داکوتاوەو خۆی بەفۆرمە ڕوکەش، چەمك و ناوە زڵەکانی ئەمڕۆدا شاردۆتەوە،

لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زێی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

هەڵوەشێنرێنەوەو پاشان دوبارە لەسەر بنەماییەکی فرەرەهەندی بزۆك، هەمیشە شیاو بۆ نوێبوونەوە سازبکرێتەوە.

بەمجۆرە پێویستە زمانی کوردی، رۆشنبیری و هونەری کوردی لەبری قەتیس بوون لەسازکردنی یەك دوو پاڵەوان و کردنی بەبوونەوەرێکی پیرۆز، پەرستگایەك و دوا داهێنەری سەر زەوی بەپەسندانە بێتامە ڕۆژانەییەکانی، خۆی خۆینەرو کۆی جڤاك بەمەیلی کولتورو دیدی بەهەند وەرگرتنی توانا رۆشنبیری و هونەرییەکانی تاکە کەسە جیاوازو بێلایەنەکان فرچك بدەن.

رۆشنبیری، هزرو هونەرێکی کاراو بەرهەمێنن، بەپیرۆزکردن و پەرستنی تاکە نووسەرێك یان شاعیر یان هونەرمەندێك لەدایك نابێ، بەڵکوو بەبیرکردنەوە لەکۆی هێزو توانای تاکە کەسە جیاوازەکانەوە بەرهەمدێت.

ئەو دیدە گشتگیرەو نووسەر پەرست و دەروێشایەتییەش وێنەیەکی باوە لەژیانی نووسینی کوردییدا، یەکێکە لەئاستەنگەکانی ئەو بزاڤە چاوەڕوانکراوەی کە ئێمە پەرۆشخۆرینە. ئەوەندەی گوتمان کافییە بۆ ئەوەی سۆراغی پرسیارەکەت رازی بکەین.

**ئەرسەلان مەحمود: لەگەڵ ئەوە ناتوانم کۆی ئەو پرسانەی ئێوە باسی دەکەن بەئاسانی بەسەریاندا تێپەڕم، ناچاریشم پرسیارەکانم چڕ بکەمەوە، ئەوەی نووسیوتانەو بڵاوکراوەتەوە، ئەوەی تا ئێرە وڵامی منتان داوەتەوە، بەخۆشحالییەوە دەڵێم هاوسەنگیەکی تەواوەتی هەیە، لێرەدا دەمەوێ بپرسم ئێوە بەردەوام لەسەر هەندێ شتی ئایدیال و خەیاڵی پێداگری دەکەن، ئەو دونیایەی ئێوە موژدەی دەدەن، دونیایەك نیە لەتەنیشتی خۆماندا ببیینین، بەڵکوو دونیای پێکهاتە تیۆری و فکریەکانە، وڵامی ئێوە چییە؟**

**هەندرێن:** من لەو دیوی وێنەی ئەو ڕەوشە پەنگخواردوە، گێژخواردوو پەشۆکاوییەی ناو گەردونی زمانی کوردی و بوونی کوردی و کردەی کوردییدا پرسیارێك، دۆشدامانێك و



لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زێی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

تارماییەك دەبینم، بۆیە ڕێكردنی من بەرەو ئەوێیە. ئەگەر بەدەم ئەم ڕەوتەوە وێستێك، لاسەنگییەك، ونبوونێكی ناچاریی و هاودژییەكی بیرلیكراوە یان سافیلكانە هەبێت، ئەوە پەیوەندی بەزایەڵەی دەنگەكانی دەورووبەرو ساتی چوونە ناو خەون و خەیاڵاندنەوە هەیە، وەك پێشتر وتم، لەخودی زمانی شیعرییەتدایە. بۆیە "هاوسەنگی" پەیڤینەكانمانیش جووڵە و كردەیەكی لەو پرۆسیەی كە خودی زمان سەرچاوەكەیانە.

لێ، دەرهەق بەوی كە من "لەسەر هەندێ تشتی ئایدیالی و خەیالی پێداگیری دەكەم" ئەمە كردەیەكی نائاگایانە نییە. بەڕاست ئەفراندنێك هەیە لە "واقیعێك" بهزرێ، هەڵگری موژدەی جیهانێك بێت، كە "لەتەنیشتی خۆماندا بیبینین"؟

ئەگەر خودی ئەو "واقیع"ە بۆ هەموومان بینراو، زانراو، گوتراو بێت، ئەركی زمان، هزرو داهێنانی ئەدەبی چییە، پێداگریی لەسەر بوونی بكات. لەوەش زێتر، ئەگەر كۆی كردەی ئەفراندن، بەهزرو تیۆریشەوە پەرۆشخۆری بۆ ژیانێكی "ئایدیالی" نەبێت، گەوهەری زمان، نەبەدییەتی مرۆف، چۆن بەهایەكی دەبوو؟ بۆیە ئەوەی بەهای زمانی ئەفراندن و كرۆكی مرۆڤبوون هەمیشە بەسەرەنج كێش و هەرمان دەهێڵێتەوە، بوونی هەمیشەی ئەو پرسیار، سۆراغ و ژیانە "ئایدیالی"ەیە. بۆ ئەوەی ئامادەیی هەمیشەی ئەو پەرۆشخۆرییە بۆ ژیان و جیهانێكی "ئایدیالی"ەی كە وێدەچێ تووشی پرینگانەوەیەكی كردەیی لەهەمبەر ئاخاوتنەكانماندا، پێویستە ئاوڕێك لەیادەوەری زمانی خۆمان و زمانە جیهانییەكانەوە بیدەینەوە.

هۆمیرۆس بەشاكارەكەی "ئەلیادەو ئۆدیسە"وە جیهانێكی ئایدیالی لەو واقیعە بەرچاوەی ئەودەمی گرێكدا دەترنجێنێ، تا هەموو گەردوون بەخواوەندەكانیشەوە پەرۆشییەكانی خۆیان بۆ ئامادەبوونیان لەزماندا بەگۆ بێنن. هەروەك هەردو كتێبەكەی پلاتۆ بەناوی


لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زێی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

(ئەفلاتوون) و کتێبەکانی ئەریستۆ بەناوەکانی (کۆمار) و (سیاسەت) لێوانرێژە لەوێناندنی مرۆڤ جڤاك و سیتسمێکی سیاسی"ئایدیالی".

جێگەی وەبیرهێنانەوە، تا ئەمرۆش وێناندنەکانی ئەو دوو فەیلەسوفە لەمرۆڤدا، سیستمی هەمیشە دانسقەن. لەکاتێکدا ئەو مرۆڤ جڤاکەو سیتستمی سیاسییەی ئەو دوو فەیلەسوفە گرێکییە خەونیان پێوە دەبینی، بوونەتە سەرچاوەیەکی لەبننەهاتوی هەزاران راڤەی جیاوازو مۆدێلێی سیاسیی، وێدەچیّ هەرگیز ئەو مرۆڤە جڤاك و سیستەمە سیاسییە "ئایدیالی"یانەی ئەو دوو فەیلەسوفە وێنایان دەکرد، کتومت بەرجەستە نەبنەوە. ئەمەش نەمری کرۆکی ئەفراندنێکی ۆرجینالّ و دانسقەیە. بۆیە چ مرۆڤ یان خودی تیۆری یان ئەدەب هەلّگری پەرۆشیی و جیهانێکی "ئایدیالی" نەبن، زو کالّ دەبنەوە.

لیّ، بۆ ئەوەی بەسەهو نەچین پێویستە بێژین، کە ئەو بەها"ئایدیالی"یەی کە ئێمە جەختی لەسەر دەکەینەوە، هەر تەنیا"خەیالاّندن"ێك نییە تاکوو لەداخلی ئەو "واقیع"ەی کە لەتەنیشت خۆمانەوەیە، وەك سێبورییەك پەنای بۆ ببەین، نەخێر، مەبەستمان لەو "واقیعە ئایدیالی" یە، هەولّدانە بۆ هەنگاونان بەرەو نیشتەجێبوون تێیدا. ئەو واقیعە ئایدیالییە بۆ ئەوەیە کە مرۆڤ لەناو ئەو واقیعە بەتالّکراو لەماناو بەختەوەری و یەکسانی نێوان هاولاّتیان و گەندەلّسالارییدا دەستەوەستاو خۆی بەدەست مەرگەوە نەدا یان لەدەستی هەلّنەیەو نەقووچێنێت.

کەواتە ئەو واقیعەی من لەسەری دەدوێم هەر تەنیا لەخەیالّدا نییە، بەلّکوو واقیعێکی پەی پێنەبراوە، فەرامۆشکراوە لەخودی بوونی ژیان و خۆماندا هەیە. ئەگەر چەشنە واقیعێکی ئایدیالیی بوونی نەبێت، بۆچی زمان پرسیاری لەبارەیەوە دەکا؟ بۆچی ئێمە بەو "واقیعەی کە لەتەنیشت خۆماندا هەیە" کە تێیدا دەژین رازی نین. ماشاللاّ چونکە واقیعی کوردی زۆر نازادەرە، بۆیە پێویستە بەواقیعێکی تری ئایدیالییەوە نییە!

لێرەی بێشوێندا دەبوو مالّێک لەوێنەی زبّی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی رۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

بەمجۆرە ئەو مانای نییە ئەو واقیعەی کە ئێمە وێنەی دەکێشین یان بەگرینگی دەزانین بەکۆویستێکی خەملّیوو بەرەو بەرجەستەکردنەوەی هەناو بنێین، کتومت ئەو واقیعە بێت کە ئێمە بیرمان لێکردۆتەوە. بۆیە دۆزینەوەو تێدا نیشتەجێبوون لەو واقیعە "ئایدیالی"ییەدا کاری هەرەزەیی، تاقیکردنەوەی تیۆری و هزری جیاوازو لەبارەی دەوێت.

لەکۆتاییدا دەبێ بێژین، کۆی "واقیع"ەکان، ئەوەی کە ئێستا ناڵە ناڵمانە بەدەستییەوەو ئەو "واقیعە ئیدیالی"یەش کە مەیلی بەرجەستکردنەوەنان بۆی هەیە، بەرهەمی تیۆری، هزرو فەلسەفەکانن. بۆیە نەبەبێ تیۆری هزرو فەلسەفەکان، واقیعێکی گەندەڵ و نەواقیعێکی دلّفڕێن، یەکسان، بەختەوەر، دادپەروەر"ئایدیالی"یش هەیە. هەروەك بێ مرۆڤ" زمان، نە تیۆری هزرو فەلسەفەکان هەیەو نەواقیعکێکی بوودەڵە، گەندەڵ و نەواقیعێکی "ئایدیالی"یش هەیە.

بەسادەکردنەوەیەکی کوردییانە: سەدان، ئەگەر نەڵێین هەزاران ساڵە خودی دەوڵەتێکی مەزن، سەروەری خاکی کوردستان و مرۆی کورد، بریتیی بووە لە"واقیعێکی ئایدیال"ی، بەڵام بۆچی مرۆی کورد ئەم هەموو هەڵزنان و دازنان و رابوون تێکشکاندنەی لەپێناوی بەدیهێنان، بەرجەستەکردنەوەی ئەو "واقیعە ئایدیالی"یە بەخۆیەوە بینییووە؟ بۆچی کورد بەو"واقیعەی کە لەتەنیشت خۆیدا هەیە" رازی نابێت؟ کەواتە مرۆڤەکان لەئاستێکی جیاوازو لەجڤاکێکی جیاوازدا، هەمیشە بەدوای ژیانێکی بەختەوەرتر، بوونێکی ئازادو شکۆمەندتردا دەگەڕێن، کە لەبنەڕەتدا لەئاوەزو ئاگایی مرۆڤ و لەخودی جیهانەکانیاندا بوونی هەیە، بەڵام پیادە کراوە.

لێرەوە کردەی ئەدەب، سەرچاوەیەکی هەمیشەیە لەبن نەهاتووە بۆ گەڕان و پرسیارکردن یان چرپاندنی ئەوجیهانە ئیدیالییە بەگوێی مرۆڤدا. کەواتە بەجەختکردنەوەیەك لەکۆی

لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زێی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

ئاخاوتنەکانمان، ئەگەر رەهەندی مرۆڤ رەهەندێکی "ئایدیالیی"نەبووایە، دەمێك بوو کۆتایی هاتبوو.

**ئەرسەلان مەحمود: زۆرێك لەرەخنەگرانی بواری شیعر، لەتوێژینەوەکانیاندا لەگەوهەرو ئامانجی شیعر سڵدەکەن و بەلوتبەرزییەکیشەوە دەیانەوێ هەرێمی دەنگ و ڕەنگدانەوەی شیعر بگۆڕن، بەواتایەکی دی دەیانەوێ زەمینەی کۆمەڵایەتی شیعر بگۆڕن، ئایا جیاوازییەکان ڕەخنەی کۆمەڵناسی و ڕەخنەی ڕۆاڵەتی چین، بابزانیین ئەم تێگەیشتنە لەلای هەندرێن چ خوێندنەوەیەك هەڵدەگرێ؟**

**هەندرێن:** لەهەر قۆناغێك و رۆژگارێکدا، وەك دەرهاوێشتەیەك لەو گۆڕان و پرسیارانەی کە لەجڤاکە جیاوازەکاندا سەرهەڵدەدەن، رەخنەی ئەدەبی و لەوانەش شیعر ئاراستەی تیۆری و میتۆدی جیاواز دەگرێتەبەر، لێرەدا دەخوازێ بپرسن: گەلۆ ئەو "توێژینەوانە"ی کە لەرابردو یا ئێستادا لە"رەخنەی کوردی"دا لەو نموونە باوانەی کە بۆ خوێنەر ئاشکران، سەرچاوەیەکی خۆماڵییان هەبوەو هەیە“ هەر بەجیددی ئایا ئەو جۆرە ڕەخنانە جۆرە دەرهاوێشتەیەکن بوونە لەپرۆسەی ئەو گۆڕان و پرسیارە جڤاکی، رۆشنبیری، ئابوری و ... تاد؟

بەواتایەکی وردتر: ئاخۆ ئەو"توێژینەوە"ی کە ئەمڕۆ لەبواری "رەخنە"ی کوردییدا لەئارادایە، دەرهاوێشتەی گۆڕانێکی بۆنیادی کولتوری کوردییە ؟ گەلۆ ئەو تیۆری و میتۆدە تایبەتەمەندییانە کامانەن کە"رەخنەگری کوردی" لەرابردو یان ئێستادا بەشێوەیەکی بەجەستەکراوو کارا پیادەی کردبێت و بکات؟

بەمجۆرە ئەو پرسیارەی تۆ ناچارمان دەکات ئەمانەو پرسیارگەلێکی لەو تەرزانە ئاراستەی خۆمان بکەین، بەلاَم بەدڵنیاییەوە لەهەڤپەیڤینێکی ئەوهادا ناتوانین بەرسڤێکی فرە ڕەهەندو چاوەڕوانکراویان بدەینەوە.

لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زبێ بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

لێ بەکورتی، بەتێگەیشتنی من"رەخنەگریی کوردیی"بەگشتی چ لەرابردوداو چ لەئێستادا داهێنەری روانگە، تیۆری و میتۆدێکی خۆیەکی نەبوەو نییە. دیارە مەبەستم لەو چەشنە شێوازو روانگە رەخنانەیە کە دوێنێ و ئەمڕۆ لەبواری رەخنەی کوردییدا باون. هەڵبەت لێرەدا دەبێ ئەوە جەختبکەینەوە کە لەسەدەی رابردوودا، بەتایبەتیش لەحەفتاو هەشتاکانی سەدەی رابردوودا، لەبواری رەخنەی کوردییدا چەن هەوڵێکی رەخنەی رەسەنی کورییمان هەیە، کە مخابن بەهۆی ئەو شێوازە رەخنەیەی کە سەرچاوەکەی ئیادیۆلۆژییەکی تەسکبین بوو، دیارە مەبەستم ئەو جۆرو چەشنە رەخنەیە بە"ریالیزمی سوسیالیستی" باوو بوو، ئەو چەشنە رەخنە رەسەنە کە سەرچاوەکەی لەناوکۆیی دەقی کوردییدا، پەیوەندییە جڤاکیی و رۆشنبیرییەکانی هەناوی جڤاکی کوردییدا هەڵقوولابوو، نەك هەر بەهۆی باڵادەستی ئەو ئایدۆلۆژییە وشکە ڕۆیەی لەبواری سیاسییدا باڵادەستبوو، نەبووە سەرچاوەیەك بۆ فراژانی رەخنەی ئەمڕۆی کوردی، بەڵکوو هاوکات لەگەڵ باڵادەستی رەهای ئەو ئایدیۆلۆژییە پەراوێزکرا.

مەبەستم لەنموونەی ئەو ڕەخنە رەسەنەش، خوێندنەوە دانسقەکانی مەسعود مخەمەدە لەجیهانی شیعری نالی، چەپێك لەگولزاری نالی، جاجی قادری کۆی و زیندوکردنەوەو شرۆڤەکردنی هۆنراوەکانی شاعیر کلاسیکیەکانی کوردی بوو لەلایەن ماڵباتی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فاتیح عەبدولکەریم و چەند خەمخۆری دی. لێرەدا داوای لێبووردن لەوانی تر دەکەم کە کەم و زۆر هەولێ جوانیان داوەو لێرەدا ناویانم نەهێناوە. دیارە بەگشتی ئەو تەرزە رەخنەیە سەدەی رابردوو گرنگی بەرەهەندی واتا سازی، ئاهەنگ سازی، ماناو شوێنکاتی شیعر دەدا.

لێرەوە سەرچاوەی کێشەی ئەو چەشنە "توێژینەوە رۆاڵەت"ییەی کە تۆ لێی دەپرسی، بەردەوامییەکە لەو پاشخانە رەخنەییەی لەسەر وابەستبوون و چاولێکەری دەرەکییەوە قەتیسماوە. دەخوازم بڵێم، ئەو دیمەنەی کە ئەمڕۆ بەناوی رەخنە لەبواری ئەدەبی

لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زبێ بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی رۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

کوردییدا لەئارادایە، روانگەیەکی خۆکرد نییە، بەڵکوو گواستنەوەی کۆمەڵێ وتەی هەڵبزرکاوو بیرلێنەکراون نەك کۆنتێکست"ناوکۆیی" کە بەهەۆی وابەستەیی نووسەری کوردی بەزمانی عەرەبی و فارسی و ئەو چەشنە وەرگێرانە پاشگەردانەی کە ئەمرۆ لەزمانی کوردییدا لەئارادیە بوونەتە مۆدە لەبواری رەخنەی کوردییدا.

لەوەش بترازێین، بەکورتی رەخنەگری ئەدەبی، بەشێوەیەکی گشتی لەئاستی ئەکادیمی دا، کار لەگەڵ راڤەکردن و پۆلێنکردنی دەق و کردەی ئەدەبییدا دەکا. بەواتایەکی رونتر: بەر لەسەرهەڵدانی رەخنەی کۆمەڵناسی ئەرکی سەرەکی توێژینەوەی ئەدەبی ئەوەبوو کە شاعیرو دەق لەشوێن و رۆژگارەکەی خۆیدا پۆلێنبکات.

لێ ئەرکی سەرەکی رەخنەی کۆمەڵناسی کارکردنە لەگەڵ دیاردەو ناسنامەی گروپە جیاوازەکان و نامۆبوونیان لەجڤاك و ئاوڕدانەوەیە لەئەدەبی گشتی و کاریگەریەکانی لەسەر جڤاکدا. لێرەوە دەستەواژەی"ڕەخنەی کۆمەڵناسی" کە یەکەم جار لەسەدەی رابردودا لەفرەنساو ئەلمانیاو پاشانیش لەئینگلستاندا هاتە کایەوە.

لەسەرەتادا کۆمەڵناسیی و مارکسیزم کاریگەرییەکی زۆری بەسەر ئەدەبی کۆمەڵناسییەوە هەبوو. ئەو رەخنە کۆمەڵناسییە لەدەقە ئەدەبیەکاندا زیاتر ئاوڕی لەرەفتاری و ئاکاری مرۆڤ و نەریتی خوێندنەوەی لای خوێنەر دەدایەوە. بەلاَم لەو پەوەندییەدا رەخنەکانی دۆرکهیمەرو ئەدۆرنۆ سەبارەت بەکولتوری کارگە سازییەوە، ڕۆڵێکی گرینگی هەیە لەبواری ئەدەبی کۆمەڵناسییەوە.

ئەدۆرنۆو دۆرکهیمەر جەختیان لەوە دەکردەوە، کە کولتوری کارکەگە سازیی توانی ئاگایی و غەریزەو هەستی مرۆڤ لەقاڵب بدا. ئەم دو کۆمەڵناسە مارکسیستە رۆژئاواییە، کە دیارتین بونیاتنەرانی "قوتابخانەی فرانکفۆت"بوون، وایاندەبینی کە کولتوری مارکە سازیی لەسەرەوەڕا ئاپۆرەی خەڵك مشتومالّ دەکا. بۆیە پەیوەندی نێوان کولتوری کارگە سازی

کریارەکانی ئەو کولتورە، پەیوەندییەکی نادیمۆکراتییە، ئەمەش ئالۆگۆڕییەکی ساختە کارانەیە، چونکە کارگە کولتورییەکان ئەو کولتورەی کە خۆیان بەرهەمهێنەرینە بەسەر خوێنەردا دەسپێنێت.

بەهەمە حاڵ، لێرەدا بوارمان نییە باس لەوردەکارییەکانی رەخنەی کۆمەڵناسیی ئەدۆرنۆ و دۆرکهیمەر بکەین کە لەسیەکانی سەدەی رابردوو سەریهەڵدو لەپەنجاو شەستەکاندا بەشێوەیەکی بەرفرە تەنییەوە بۆ زۆر بواری هونەری، مێدیاو ئەدەب و ... تاد، هەروەك لەحەفتەکان بەدواوە ئەو روتگەلە رەخنە کۆمەڵناسییە، بەرەخنەی ئێستێتیکی "پۆست ئەدۆرنۆ" ئاقارێکی تری گرتەبەر. دیاری ئەو تەرزە رەخنەیە لەمڕۆی کوردستاندا گرینگی خۆی هەیە، چونکە هاوکات لەگەڵ بەهەرمێنبوونی ماسمیندیاو سەرهەڵدانی تۆڕێك لەبلاڤۆك و بلاوکراوەی کارگەیی یان بەواتای ئەدۆرنۆیی، هاتنەکایەوەی بەهای ئەو رەخنەیە، گواستنەوەی لینگاوقووچی ئەو روانگانەی ئەدۆرنۆو دۆرکهیمەر نییە، بەڵکوو بەخەملاندنی کوردییانەی ئەم روانگەیە.

دیارە رەخنەی کۆمەڵناسیی، هەوڵدەدا بەرێگای زمان، بابەت و رەهەندە جوداکانی دەقەوە، چەشنە خوێندنەوەیەکی هزر ورۆژێن فەرهەم بکات. بەمجۆرە ئەو رەخنە کۆمەڵناسییە هەوڵدەدا خوێنەر هەمیشە ئەو دەقەی کە دەیخوێنێتەوە وەك بابەتێك بۆ فێر بوون، فرچکدان و سەرچاوەیەك بۆ بیرکردنەو تێڕامان سەیر بکات. دیارە ئەو چەشنە خوێندنەوەیە پەیوەندی بەبوونی توێژێکی بەئاگا هەیە لەجڤاکدا. مەبەست لەو توێژە خوێنەر، خوێنەرێکی کارای بێدەنگە، کە داجار خودی ئەو خوێنەرە لەژیانی جڤاکییدا دەبێتە رەخنەگرێکی ئەدەبی، ئەو جۆرە رەخنەگرە کۆمەڵناسییە دەقی ئەدەبی تەنیا لەشێوازو چەمك گەلێکدا کورت ناکاتەوە، بەڵکوو دەقی ئەدەبی وەك ئاوێنەیەك لەژیانی ناوەکی تاکەکەسەکانی جیاواز و تایبەتەکانی تاکەکەس و گروهەکانی ناو جڤاك.

لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زێی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

لێرەوە رەخنەی کۆمەڵناسیی تەنیا بەدوای رەهەندی ئێستێتیکییەوە سەرقاڵمان ناکات، بەلکوو خوێنەر بەو دیاردەو رەوت و ئەو جیهانیە جیاوازە نەگوتراوانەی کە دەقی ئەدەبی بەرجەستەیان دەکاتەوە ئاشنا دەکاو فێری رەخنەگرتن و بیرکردنەوەمان دەکا. کەواتە رەخنەی کۆمەڵناسیی بەخوێندنەوەی دەقێك، جیهانە نادیارەکانی ناوەوەی دەقێك بەگۆ دەهێنێ. لەو دیدەوە، کردەی رەخنەگری کۆمەڵناس ئەوەیە، کە بەخوێ،دنەوەی دەقێك فێری گفتوگۆمان دەکا، گفتوگۆیەك کە هانماندەدا بهزرین. ئەمەش مانای ئەوە نییە کە ئەوە رەخنەگرە پێویستی بەفێربوونی بیرکردنەوە نییە، نەخێر. رەخنەگر بەخوێندنەوەی دەقێکەوە هەم خۆی فێری بیرکردنەوە دەکاو هەمیش خوێنەرو مرۆڤەکان. بەمجۆرە ئەو شەنە خوێندنەوە دەبێتە پەیڤین و رەفتارێکی جڤاکیی.

بەکورتی رەخنەی کۆمەڵناسیی هەوڵدەدا بەرێگای خوێندنەوە دەقەوە کاریگەرییەك لەسەر ئاگایی خوێنەر، جڤاکدا بسازێنێت و بەمەش هانیبدا بیربکاتەوە تاکوو گۆرانێك لەژیانەکەیدا فەراهەم بکات و ببێت بەمرۆڤێکی کاراو ئازاد یان جڤاکێکی بەرهەمهێن و نوێ.

بەدەربرینێکی چڕتر، لەکن من، ڕەخنەی کۆمەڵناسی ئامانجی ئەوەیە مرۆڤ بەرەو هزراندن و بەئاگابوون هانبدات. دەکرێ ئەم تەرزە رەخنەیەش بەهیچ جۆرو چەشنە ئایدیۆلۆژیەتێك نەبەسترێتەوە، یان بەئاوێتەکردنێك لەدیدی ئێستێتیکیی و ناوەرۆك، دەق وەك جیهانێك لە دیاردەکانی جڤاك، روانگە جیاوازەکان، مەیلی تاکەکەسەکان، رەوتە نوێیەکان، تەنگژە دەروونیی و هزرییەکانی جڤاك و، ... پێناسە بکرێت.

مخابن ئەمڕۆبە دەگمەن ئەو چەشنە خوێندنەوانە لەبواری رەخنەی کوردییدا بەرچاو دەکەون. کەواتە ئەوەندەی تێبگەم، ئەو رەخنە"رۆاڵەت" ییە چۆنیەتی بەرکاهێنانی زمان و شێوازو بابەتێکی بینراوی ئامانجە، کە خودی ئەو دەقانە پێش ئەو رایانگەیاندووە. بەم

لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زبێ بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی رۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

جۆرە ئەو شێوازەی کە رەخنەگر باسی دەکا، شتێکی شاراوە نین لای خوێنەرو خودی نووسەردا، بەڵکوو جۆرە لاسایکردنەوە یان گوتنەوەی ئەو تشتە روکەشانەن کە پێشتر دەقەکان نمایشیان کردووە.

**ئەرسەلان مەحمود: مەبەست لەشۆرشی لۆژیکی کۆمەلناسی ئەدەبیدا چیە، ئەمە لەکوێوە دەست پێدەکات، ئایا پێتان وایە بەرهەمی ئەدەب و هونەری ڕەنگدانەوەی دۆخی گروپە کۆمەڵایەتیەکانن یا بەشێوەی خولیایی داڕێژەری ڕاستیەکانن و پەیوەندییەکی دیالکتیکیان هەیە؟**

**هەندرێن:** ڕاستییەکەی بەباشی"لە شۆڕشی لۆژیکی کۆمەڵناسی ئەدەبی" تێناگەم، لێ سەبارەت بەئەدەبی کۆمەڵناسییەوە، دەکرێ مەبەست لەو بزاڤە جڤاکیيانە بێت کە لەکۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتاکانی سەدەی بیستەوە لەرۆژئاوادا هاتە کایەوە؟ لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەوە لەگەڵ درکەوتنی چینی بۆرژوازییدا ئاخاوتن لەمەڕ "ئەدەبێکی نوێ" دێتە ئاراوە. مەبەست لەو ئەدەبە نوێیەش. سەرهەڵدانی نەوەیەکی نوێ نەبوو لەبواری ئەدەبییدا، بەڵکوو مەبەست لەسەرهەلدانی چینێکی نوێش بوو کە لەبواری سیاسییدا دەسەڵاتی هەبوو.

هاوکاتیش ئەو ئەدەبە نوێیە بەروانگەو مشتومڕە وەچەرخێنەرانەی ئەو چینە بۆرژوازییەوە دەبەسترایەوە کە لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەوە بەهەڕمێن بوو. ئەو ئەدەبە نوێیەش تەنیا لەئاستێکی رۆشنبیرییدا نەبووە، بەڵکوو پەیوەندیشی بەپرسی جیهانبینی، شێوەی سەیرکردنی مرۆڤەکان بەئاییینەوە هەبوو. بەمجۆرە لەوێد ئەو ژینە بۆرژوازییەوە ئەو نووسەرە نوێیە بەهۆی گشەسەندی رۆژنامە، بزاڤەکانی خەڵك و بزاڤی سیاسیی کریکارانەوە گوزارەی لەسیاسەتی ئەو چینە بۆرژوازییە دەکرد کە وەك هێزێکی دەسەڵاتدار بەرهەمێنەری ئەو گەشەکردنە بوو. هاوشان لەگەل سەرهەڵدانی ئەو ئەدەبەی

لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زێی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی رۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

چینی بۆرژوازییەوە ئەو نووسەرانەی کە سەر بەچینەکانی تر بوون بەخۆ کەوتن. بەکورتی لەو رۆژگارەدا ئەو بزاڤە ئەدەبیی و جڤاکییانە بە"پرۆسە بەدیمۆکراتیزەکردن" ناودێر دەکرێ. بەواتایەکی رونتر، دەکرێ بێژین کۆی ئەو بزاڤانە ئامانجیان بەمەدەنیکردنی جڤاك و دورخستنەوەی رۆڵی ئایین بوو لەسیاسەت و کاروباری جڤاکدا. هەر بۆیە ئەو ئەدەبە نوێیە وەك ئەدەبێکی وشیارکردنەوەش دەناسرێتەوە.

لەوێدا ئەو بزاڤە جڤاکییانە کاریگەرییەکی فرە لەئەدەب دەکەن. لەوێدا پەخشانی کورت دێتە ئاراوە، کە بە"پەخشانی کریکار" ناودێر دەکرا. ئەو بابەتانەی کە ئەو ئەدەبە نوییە کاری لەسەر دەکر، کاریگەریی بێکاری بوو لەسەر خێزاندا. وردەکارییەکانی ئەو ئەدەبە گرینگی بەپرسی ئەلکهەلویستبوو، زۆر خواردنەوەی ئەلکەهول، رمانی نەریت، دیاردەی بەتەنیا ژیانی ژن، دایکە تەنیاو منداڵ لەباربردن دەدا، کە ئەمەش، بەجۆرێك لەجۆرەکان، لەرەوشی ئێستای جڤاکی کوردیی دەچێت. هەڵبەتە ئەو ئەدەبە ئەو دارمانە ناوەکییەی جڤاك وەك دەرهاوێشتەیەك لەشێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییەوە سەیر دەکردو هاوکاتیش جەختی ئەوە دەکردەوە، کە ئەوە ئەرکی تاکەکەسەکانە کە ڕوبەڕوی ئەو بارودۆخە دارماوە جڤاکییە ببنەوە. لەوێدا روانگەی چین بنەمایەکی مۆراڵی هەبوو کە روخساری ئەو ئەدەبەی دەچنییەوە. بۆیە لەو ئەدەبەدا دەستپێوەگرتن بەپەیوەندییەکی تۆکمەی خێزان وەك کرۆکی مۆراڵێکی جڤاکیی و هاریکاری چینەکان هەمیشە ئامادەیی هەبوو.

لێرەوە رەنگە سەرچاوەی ئەو "شۆڕشی لۆژیکی ئەدەبی کۆمەڵناسی"یەی کە تۆ ئاماژەی پێدەکەی پەیوەندی بەبۆنیاتنانی ئەو کولتورە بۆرژازییەوە هەبێت کە لەسەدەی نۆزدەدا دەستی بەفراژان و ڕسکان کردو لەسەرەتاکانی سەدەی بیستدا گەیشتە لووتکە. بۆیە لێکۆلەرەوانی رۆژئاوایی ئەو قۆناغە بەقۆناغی لەدایکبوون و فراژووتنی کولتوری بۆرژوازی لەرۆژئاوادا ناودێر دەکەن.

دیاره ئەو چینە بۆرژوازییە نوییە بوو روبەڕوی شێوەی ژیانەو کولتوری دەرەبەگایەتی و ئەریستۆکراتی بووەوە کە تا ئەوکات بەسەر هزرو رەفتارەکانی جڤاکدا باڵادەستبوو. چەمکی تاکەکەس (یندیڤید)یش بەرهەمێك بوو لەدەسەڵاتی ئەو چینە بۆرژوازیە. بۆیە لەوێدا چەمکی تاکەکەس (یندیڤید) بوو بەبناغەی بابەتی کولتووری ئەو چینە بۆرژوازییە.

**ئەرسەلان مەحمود: نوسەر کێیەو بەکێ دەگوترێ نوسەر، پەیوەندی نێوان کەسێتی نووسەرو بەرهەمەکەی تاچەند بەپێویست و بابەتی دەزانن؟**

**هەندرێن:** لەکن من، بەر لەهەموو شتێك **نووسەر بوون شێوازێکە لەژیان**. نووسەر ئەو بوونەوەرە پەرۆشخۆرەیە کە بەئاگاییەکی ناوەکی تەنیایەو هیچ پەیوەندییەکی هاوبەشی لەگەڵ ئەو ڕەوشە باوەی دەوروبەرەکەیدا نەماوە. لەروبەڕوبوونەوەی هەمیشە ئەو ڕەوشە قەتیسماو باوەدایە کە تێیدا دەژیت.

**نووسەر ئەو کەسەیە لەئۆنتۆلۆژییەکی نامۆدا دەژیت. بۆیە ئەو کەسەی دەنووسێ هەمیشە لەدۆخێکی بەرهەڵستکارییدا دەژیەت. چونکە نووسەر ئاوێزانی جیهانێك و ئاییندەیەکە کە هەمیشە لەبزواندایە، تاکو ئەو جیهان و مرۆڤە هەمشە لەشکۆمەندی و هەوڵی ئەفراندندا بێت.**

نووسەری ئامانجێکی ماتریالی یا واتای کاڵا بەرهەمهێنان نییە، بەڵکوو ئامانجێکی ڕوحییە" ئاحاوتنە لەگەڵ پەیوەندییە جڤاکییەکان و دەست پێوەگرتنی بەهاکانی ئەو پەیوەندییەو هاندانی مرۆڤە بەرەو ژیانێکی بەرهەمهێنەرو ئازاد. بۆیە پەیوەندی نووسەرو بەرهەمەکەی پەیوەندییەکی ئیرۆسییەو لەگەڕان بەدوای جیهانێکی روحی باڵادا بەرجەستە دەبێتەوە.

لێ، پەیوەندی ئیرۆسیانەی نووسەرو بەرهەمەکەی، گرێبەستییەکی سازشکارانە نییە، بەڵکوو وادەیەکی ناوەکی و روحی خۆ بەخۆو ئازادە لەنێوان نووسەرو بەرهەمەکەیدا.

لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زبێ بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

کەواتە نووسەر بەرێکردنی بەرەو ئەو دۆخە ڕوحییەوە لەروتبوونەوەدایە، تاکوو لەگەڵ بەرهەمەکەیدا ئاوێتە بن.

بەدیوێکی تردا، پەیوەندی نووسەرو بەرهەمەکەی، کردەیەکی ئیتیکییە. کەواتە نووسەر بەرپرسیارە لەوەی چۆن لەگەڵ خۆیی و بەرهەمەکەی مامەڵە بکات. چونکە بەرهەمی نووسەر بریتینییە لەبەخشینی دەق، بەڵکوو نووسەر بەرێگای بەرهەمەکەیەوە، گەوهەری خۆی رادەگەنێت، ئەمەش شێوازێکە بۆ نیشاندان و چاندنی جۆرە ئاکارو رەفتارێکی ئایدیالی.

کەواتە کارو کردەی نووسەر تەنیا وەعزانی جوان نییە، بەڵکوو بەرپرسیاریشە لەوەی کەرایدەگەیەنێ. کارو کردەی نووسەر وەك چۆن هەمیشە جوانکردن و شکۆمەندکردنی زمانەکەیەتی، بەهەمان شێوەش خۆشی بەئاکارەکانییەوە پەرۆشی گۆڕین و جوانکردنی ئەو شێوە ژیانەیە کە لەجڤاکەکەیدا قەتیسماوە. بەمجۆرە کردەی نووسەر، شێوازێکە لەبەرهەڵستکاری، هەڵوێست وەرگرتنە لەو ژیانەی کە لەئارادایە.

**ئەرسەلان مەحمود: لەتیۆری مارکسیستدا کۆمەڵگەی سەقامگیر وەك فاکتێکی بزۆزو بگۆڕ راڤە کراوە، بۆ چوونێکی تر ئەوەیە سۆسیالیزم وەك وەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی باشتر دەنرخێنێ و پێی وایە لەودا مرۆڤەکان خاوەن ئازادی و ئاسایشی زیاترن، سەرەنجی ئێوە لەم بارەوە چییە؟**

**هەندرێن:** بەکورتی تیۆری مارکسیزم ئامانجێکی مێژویی هەیەو خۆی لەبەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی کۆمۆنیستی، کۆمەڵگەیەك جیاوازی چینەکان کۆتاییان دێت تەواو دەبێت. کۆمەڵگە لەو پرۆسەیەدا ئاسۆیی بەرەو ئەو ئامانجە، کۆمەڵگە کۆمۆنیستە، دەبزوێت.

**ئەوەندەی بزانم، مرۆڤ لەکۆمەڵگەی سۆسیالیستییدا نەك هەر نابنە خاوەن ئەو ئاساییش و ئازادییەی تۆ باسی دەکەی، بەڵکوو لەهیچ سیستەمێکدا بەو دۆخە رازی نابێت کە تێیدا**



لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زبێ بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی رۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

**دەژیت.** مادام مرۆڤ بوونەوەرێکی هەمیشە لەگۆڕان و جیاوازدایەو ویستی خاوەنداریەتی هەیە، بۆیە هەمیشە لەگەڵ دەسەڵات و نۆرمە سەپێنراوەکاندا لەململانێدایە.

لەو روانگەیەوە، سۆسیالیزم بەهۆی قەتیسماوی لەناو کۆمەڵێ چەمك و سیستمی بیرکردنەوەی ڕەهادا، لەجیهانبینی ئایینی نزیکدەبێتەوە. هەر بۆیەش سیستمی لیبرالیزم توانی ئەو شەڕە لەبەرەی سۆسیالیزم بباتەوە. ئەمەش بەهۆی ئەوەی ئایدیۆلۆژیای لیبرالیزم ئەو تایبەتمەندییەی تاکەکەس و مەیلی خاوەندارێی مرۆڤی لەبەرچاو گرت.

ئەمەش مانای ئەوە نییە سیستمی لیبرالیزم توانیبێتی دەردەسەرییەکانی مرۆڤی بنەبڕ کردبێت. لێ بەهۆی ئەوەی پرۆسەی پێشڤەچوونی ئابووری سەرمایەداری توانی ئەو مەیلەی مرۆڤ بۆ خاوەندارێی ئاراستە بکا، بۆیەش لەدواجاردا **مرۆڤ لەو مۆدێلی کۆمەڵگای سۆسیالیستییدا نەك هەر ئەو "ئاسایش و ئازادی"یەی فەراهەم نەکرد، بەڵکوو تووشی ژیان و بوونێکی دەعەجانیشی کرد.** ئاکامی ئەوەش ئەو دۆخەیە ئەمڕۆ ئەو سیستمە سەرمایەدارییە کۆی مرۆڤی کردۆتە کۆیلەی کاڵاکانی. بەمجۆرە **ئەمڕۆ کاڵاکانی سەرمایەداری بوونەتە خواوەندی مرۆڤەکان.**

تۆ سەیرکە **لەکوردستان مۆبایل، ئۆتۆمبێل، کامێراو...تاد بوونەتە مایەی بەختەوەرییەکی پلاستیکی مرۆڤی کوردو کۆی جیهان. هەربۆیە سیستمێك دەتوانێ بوار بۆ ئاسایش و ئازادی مرۆڤ بڕەخسێنێ کە لەروحی مرۆڤ تێبگا، سیستمێك کە لەنێوان ویستی خاوەنداری و بەهای مرۆڤدا هاوسەنگییەك مەیسەر بکا. ئەمەش بەکورتی لەدادپەروەری و ئازادی و یەکسانییدا بەرجەستە دەبێتەوە.**

**ئەرسەلان مەحمود: مرۆڤی کورد لەهەر کات زیاتر دەرفەتی سەرکوتکردنی خۆی ڕەخساوتر کردووە، مەسەلەن لەڕاستیەکان خۆی دەبوێرێت، لەبەرپرسیارێتییەکانی وەك تاك ڕادەکا، خۆی موعاناتی نەبێ دراوسێکەی ئاو بیبات ڕەنگە زۆر بۆی گرینگ نەبێ و وەك ئەوەی**

لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زنێی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی رۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

**پێویستە نەیجوڵێنێت، (ئەمە بێگومان لەگشتیدا) تۆ پێت وایە هۆکارەکانی ئەم ڕەوشە چین و چیبکرێ ئەمە ئەم هێزو تواناو خولیاو خەیاڵاندنەی تیادا بەمانا بکرێتەوە؟**

**هەندرێن:** ئاخاوتن لەمەڕ ئەو دۆخەی کە ئەمڕۆ کورد خۆی تێدا دەنوێنێ، ڕاڤەکاری هەمە تەرزی لەروانگەی مێژوویی، جڤاکناسیی، ئەنسرۆپۆلۆژیی، جیۆسیاسیی و ... تاد گەرەکە. هەروەك ڕەخساندنی بوارو خالێك بۆ دۆزینەوەو چاندن و موتروبەکردن و خەملاندنی"ئەم هێزو تواناو خولیاو خەیالاتانە"ی کە لەهەناوی بوونی کورددا هەن، بەرنامەو کارو مرۆگەلی جوامێرو ویستی شۆڕگێڕانەی گەرکە.

ڕاپەڕاندنی کۆی ئەو ئەرکانەش پێویستی بەپرۆسەیەکی بێندرێژەوە هەیە. چونکە ئەمڕۆ لەو دۆخەی کە مرۆڤی کورد خۆی بەدەستەکەوتە ڕوکەش و کالا روحکوژەکانی بازاڕی سەرمایەدارییەوە خەپاندوە، لەوکاتەی کە سیاسەتی گەندەڵسالاری و بازاڕاندنی بەها رۆشنبیری و نەتەوایەتییەکان لەلایەن حزبی کوردییەوە هاولاتیانی ڕاسدەتی بێمتمانەیی و رەوشێکی بێهوودە کردووە، ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکە کارێکی ئاسان نییە، لەو روانگەیەوە لەئێستادا زیندوکردنەوەی ئەو هێزو توانا ویستخوازە بۆ گەڕاندنەوەی ئەو بەهاو ئەرکە نەتەوایەتی و جڤاکییە لەبارچووانە دەخوازێ لەئاستی رۆشنبیری و سیاسییدا کارگوزاری بۆ بکرێت.

ئەو ئەرکەش پێویستی بەبونی کۆهێزێکی کاراو بەئاگا هەیە لەبواری رۆشنبیریی کوردییدا. لێ مخابن وێدەچێ ئومێدی ئەو کۆویستە لەبواری رۆشنبیری و بگرە سیاسییشدا لەئارادا نەبێت یان لەو ئاستەدا نەبن کە بتوانن ئەو بزاڤە بەسەر پێبخەن.

بەهەمە حالێ، لەپەیوەندی بەو پرسیارەی تۆوە ئەز لەدەرفەتی تردا لەچەند وتاردا ئەو تەنگژەو ئاکامەکانی و ئاسۆکانی چارەسەر کردنەکانیم راڤە کردووە. بۆ نموونە لەوتاری "جڤاکی کوردی و بزاڤە بازنەییەکانی لەدیدی هێگلەوە" یان " کورد لەنێوان بەرداشی



لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زبێ بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

ڕەوشتی ڕەهاگەرایی و باڵادەستی تەکنیکدا"و لەوتارگەلی ترشیدا هۆکردەکانی ئەو دۆخە روخۆکەم شرۆڤە کردووە.

لەوەش بترازێین، ئەوەی کە دەتوانێ ئەو کوردە لەو ڕەوشە دڕدۆنگ، بنبەست و بێباکییە بێدار بکاتەوەو بەرەو ئارستەی ژیانێکی بەرهەمهێنەرو واتاداری بەرێ و سەرفرازو بکا، فەراهەمکردنی سەکۆگەل، تۆڕێك لەبزاڤێکی رۆشنبیرییە. پێویستە دەنگە جیاوازەکان لەگفتوگۆو دانووساندنێکی ئاوەڵاو دۆستانەدا لەئاستی کۆڕی هەمەجۆری بینراو، بیستراو، نووسراو چالاکی هەمە ڕەنگدا بەشێوەیەکی سیستماتیکی و بەرپرسیارانەوە سەرچاوەو هۆکردەکانی ئەو تەنگژەی کە ئەمرۆ کوردی دەعەجان و سەرگەردان کردووە بەپاڵپشتی بەڵگەو میتۆدی فرەوە بخوێننەوەو بەمەش هەوڵبدا کۆی ئەو هێزو توانایانە بەهەموو جیاوازییەکانیانەوە لەبزاڤێکی خەملیوودا جارپیانبداو بەرەو ئامانجە هاوبەشەکانیان ئاراستە بکەن. دیارە یەکێك لەو هۆکردانەی کە وێدەچێ لەمپەرێکی سەرەکی بێت لەبەردەم ویستی نوێکردنەوە سیکۆلارکردنی جڤاکی کرودی، ئەو هێزە گەندەڵانەی ناو حزبە باڵادەستەکان و هێزە کۆنخوازەکانی جڤاکی کوردیین.

**بۆیە یەکێك لەئەرکەکانی ئەو بزاڤە روشنبیری و جڤاکییە نوێخوازو هۆشیار کەرەوەیەی جەختیان لەسەر کردەوە هەوڵدانە بۆ گەماڕۆدانی ئەو هێزانە. چونکە بەبێ کارکەنارکردنی ئەو هێزە هاوپەیمانە کۆنخوازە کە ئەمرۆ جڵەوی بیرکردنەوەو روحی جڤاکی رادەکیشێ و ویستی نوێخوازیی کوردی خەساندووە، راپەڕاندنی ئەو کردەیە ئەستەمە.**

بەکورتی ئەمڕۆ کورد پێویستی بەکۆهێزێکی ویستخوازیی شۆڕگێڕانە هەیە" واتا کۆهێزێك کە ئەجێنداکەی ویستی وەرچەرخانی ئەو دۆخە بنەبەستە بێت، بۆ ئەوەی بتوانێت بەئاگاییەکی تۆکمەوە بونیاتی ئەو دەسەڵاتە سیاسی و ئابورییە هەڵوەشێنێتەوەو

لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زبێ بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی رۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

دواجاریش لەوسەر بنەمایەکی بزۆرك ، بنەمایەك کە هەمیشە بۆ نوێکردنەوەو پێشڤەچوون لە بار بێت، ئەو سیستەمە سیاسییە دارێژێتەوە.

بەمجۆرە ئەو سیستمە نوێیە دەتوانێت لەروانگەیەکی بێلایەنەدا تواناو ویستی کۆتاکە جیاوازەکانی جڤاکی کوردی لەبەرچاو بگرێت. ئەمەش زەمینە بۆ ئەو خۆشدەکات کە تاکە کەسەکان بەکۆی روانگەو توانا جیاوازییەکانیانەوە، زەمینە بۆ ئەو دام و دەزگایە خۆش بکات کە بەمەدەنی ناودێر دەکرێت. هەر ئەمەش کە دەتوانێ ئەو دەسەلاتە هارارکییەی کە لەسەر پەیوەندییە خێلەکیی و حزبییەکاندا روحی بەرهەمداری خەساندوە بێهێز بکات و جڤاکی کوردی بەرەو ئاسۆییەکی نوێ، کە لەوێدا بەرپرسیاری متمانەی هاوبەشی لەنێوان هاولاتیان، کێبەرکێی داهێنەرانە لەنێوان تاکەکەس، دلسۆزی بۆ نیشتمان و دۆستایەتی ئامانجی هاولاتییانە، ئاراستە بکات.

**ئەرسەلان مەحمود: لەکۆتاییدا، وێرای پێشکەشکردنی سپاس بۆ ماندوبونتان، بۆ ئەم هەموو کات بەخشینەتان، گفتوگۆکەمان تاموچێژێکی زۆری پێبەخشیم، ئەگەرچی دەمەویست زۆرتر برۆین و پرسیارەکانم پتر وردو چڕتر بکەمەوە، یان لانیکەم لەدلمدا بوو دواجار هەندێ بابەتی ئانی بۆ قسەکردن لەگەلتاندا بووروژێنم، سەرەڕاش پێموایە کارێکی رۆژنامەوانی ئەوتۆم لەگەلتاندا ئەنجامدا دەتوانێ تا دور زیندو بمێنێتەوەو کۆمەك بەخواستی زانینگەرایی خوێنەری ئەمڕۆو سبەیش بکات، هەر بۆیەش دەخوازم ئێوە دوا سەرەنجی خۆتان لەمەڕ گفتوگۆکە بلێن، ئایا چیتری گرینگ هەبوو دەبوایە هەلوێستەمان لەسەری بکردابایە، یان ئێوە دەتانەوێ چیتر باس بکەن؟ دوبارە سپاستان دەکەم، بێگومان زۆر لەکاتتانم گرت، زۆریش ماندوم کردن. ئەمە لەیادەوەری مندا، زیندو دەمێنێتەوە.**

**هەندرێن:** هەموو ئەو کردە، ئەزموون و پێشهاتانەی کە لەیادەوەری و ژیاندا شوێنپێیەك دەهێلنەوە، بەهای خۆیان لەزماندا دەپارێزن. لەکن من ئەو گفتوگۆیەی نێوانمان، وێرای



لێرەی بێشوێندا دەبوو مالێک لەوێنەی زبێ بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی رۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

ئاشنابوون بەهاوزمانێك، وای لێکردم بیر لەزۆر پرسیارو دیاردە بکەمەوە کە پێشتر درکم پێیان نەدەکرد. هەروەك ئەو گفتوگۆیە وەك جۆرە هاوسەفەرییەك بوو لەگەڵ تۆدا بێگومان بەبێ ئەوەی پێشوەخت یەکترمان ناسیبێت. ئەمە لای من کارێکی سەرەنجکێشە.

خۆتان دەزانن، هەموو دەقێکی ئەدەبی و غەیرە ئەدەبی، نووسینێك و هەڤپەیڤینێك.. تاد هەمیشە بەناتەواوی دەمێننەوە. کۆتایی هێنانی ئەم گفتوگۆیەی ئێمەش وێڕای بەسەر کردنەوەی زۆر دیوی ژیان و پرسیاری جیاوازی خۆتان لێ، وەك پرسیارەکانی بوونی مرۆڤ، کۆتاییەکی پشوو ئاسایە.

هەڵبەت لەم گفتوگۆیەماندا دەکرا زۆر فرەتر باسی وردەکاری ئەزموونی پێشمەرگایەتی: وردەکاری ژیانی تایبەتی خۆم، دیوە دەرونی و جڤاکییەکەی ئەو ژیانە سەختە، پێشهاتە سەربازیی و سیاسییەکانمان بکردبایە.

هەروەك لەو سەرفەرەدا دەکرا باسی دیوە شاراوەو دیارەکانی تاراوگەو ڕەهەندەکانی زیندبوونەوەی هەستی شوێن، نیشتمان و رابردوو...تاد کە تایبەتمەندییەکن لەو دۆخە تاراوگەییەدا.

دەکرا باس لەسەختی کوردبوون و بکەین کاتێك کە مرۆڤ لەئاستی ئەکادیمییدا دەژی و روبەڕوی پرسی ناسنامە دەبێتەوە، بەڵام وەك وتمان ئەوەی دەمێنێتەوە، شوێنپێی ئەزموونێکە کە ئێمەی بەرێگای زمانەوە ئاشناکرد.

من بەوە دڵخۆشم کە هاوزمانێکی وەك تۆ، بێئەوەی لەنزیکەوە یەکترمان دیبێت و ناسیبێت، پەرۆشخۆرییەکی رۆشنبیری وامان لێدەکات دانووساندن بکەین، کە خودی زمانە هاوبەشەکەمانە ئەو ئاگاییەمان پێدەبەخشێت.

لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زێی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی رۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.

بەو خواستەی کە ئێمە لەگفتوگۆکەماندا کۆمەڵێ پرسیارو زانیارییمان ئاراستەی خوێنەر کردبێت، کە بەڵای کەمییەوە هاندەر بن بۆ هەڵوەستە لەسەر کردنیان و بەدواچوونیان. وەکی تر، ئەگەر کردەی دەق، وەلامدانەوەو گەیشتن بێت بەکۆتایی بابەتێك یان نهێنییەکان ژیان یان کێشە ئالۆزەکانی بوونی کوردی، دەبوو نووسین دەمێك با کۆتایی بهاتبا. دوبارە سوپاس بۆ خەمخۆرییەکانت.

ـ کۆتایی ـ

**"ئێوان"**

**گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی**

**ستۆکهۆڵم/ کوردستان**



لێرەی بێشوێندا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زبێی بادینان بۆ (ئێوان) چێبکەم. گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی. ئەرسەلان مەحمود.